
پاکتاوی ڕەگەزی لەناوچەی کەرکوك
و
ئەگەری دەستێوەردانی مرۆڤانە
شاخەوان شۆڕش

# پاکسازی ڕەگەزی لەناوچەی کەرکوك و ئەگەری دەستێوەردانی مرۆڤانە

شاخەوان شۆڕش

ساڵ 2003

ناونیشـــان: پاکسازی ڕەگەزی لەناوچەی کەرکوك و ئەگەری دەستێوەردانی
مرۆڤانە
نووســینی: شاخەوان شۆڕش
چـــــــاپ: چاپی یەکەم
ســـــــــاڵ: 2003
تــــــیراژ: 300
چاپخانەی:
وێنەی بەرگ: تێیت هۆرنبێك

مافی دەستکاریو لەچاپدانەوەی تەنها بۆ نووسەرە

**پێشکەکەشە بەهەموو ئەو مرۆڤانەی بوونە قوربانی پۆلیتیکی پاکتاوی ڕەگەزی و بەعەرەبکردن و بەناڕەوا لەخاکی باوباپیرانیان دەرکران**

**ناوەڕۆک**

**بەرایی**..........................................................................6

**پێشەکی** ........ 8
1. **کورتەیەکی مێژووی پاکتاوی رەگەزی و بەعەرەبکردن** ........ 14
1.1 کوردستانیەتی کەرکوك ........ 14
2.1 کورتەیەکی مێژووی بەعەرەبکردن ........ 17
3.1 بارودۆخی ناوچە سنووریەکان لەکۆتایی سەدەی ڕابردوو و سەرەتای ئەم سەدەیەدا 21
4.1 پێناسەی چەمکی پکتاوی ڕەگەزی و بەعەرەبکردن ........ 22
2. **بیروبۆچوونی ئاوارەکانی بەردەقارەمان** ........ 31
1.2. ئاوارەکانی کەمپی بەردەقارەمان ........ 32
2.2. هۆکارەکانی دەرکردن و کۆچ پێکردنی ئاوارەکان ........ 35
3.2. ڕۆڵی UN و ئەگەری چارەسەری بەعەرەبکردن ........ 39
4.2. چۆنیەتی بەرپەرچدانەوەی بەعەرەبکردن ........ 42
5.2. ناسنامەی ڕەگەزیی کەرکوك ........ 43
6.2 ئەنجام ........ 45
3. **پاکتاوکردنی ڕەگەزی لەناوچەی کەرکوك و ئەگەری دەستێوەردانی مرۆڤانە** ........ 48
1.3 سەرەتا: دەستێوەردانی مرۆڤانەو هەندێ روونکردنەوە ........ 48
2.1.3. پرسیاری لێکۆڵینەوە ........ 50
3.1.3. تیئۆر و میتۆد ........ 51
2.3. دەستێوەردانی مرۆڤانەو خوێندگەی ئینگلیزی ........ 51
1.2.3. پێناسەی دەستێوەردانی مرۆڤانە ........ 52
2.2.3. ڕێچکەی خوێندگەی ئینگلیزی ........ 53
3.2.3. کۆمەڵگەی ئەنتەرناسیونالی سۆلیداریست "سۆلیداریستەکان" و هەڵوێستیان سەبارەت دەستێوەردان ........ 55
4.2.3. کۆمەڵگەی ئەنتەرناسیونالی پلورالیست "پلورالیستەکان" و هەڵوێستیان سەبارەت دەستێوەردان ........ 57
5.2.3. هەڵوێستی جیاواز دەربارەی دەستێوەردانی مرۆڤانە ........ 59
3.3. دەستێوەردانی مرۆڤانەی ساڵی 1991 لە خوارووی کوردستاندا ........ 60
4.3. ڕاڤەکردن ........ 62
1.4.3. ئەگەری دەستێوەردانی مرۆڤانە لەبەر رۆشنایی تیئۆرەکاندا ........ 62
2.4.3. چۆن پلورالیستەکان سەیری کێشەکە دەکەن؟ ........ 62

3.4.3. چۆن سۆلیداریستەکان سەیری کێشەکە دەکەن؟ ............................. 63
4.4.3. جیهان و ناوچەکە لەژێر سەرنجێکی ڕیالیستانەدا ............................. 65
5.4.3. هەڵسەنگاندنێك سەبارەت بەگونجاویی تیئۆرەکان و کێشەکە ................. 69

**سەرچاوەکان** ......................................................................... 78

## بەرایی

مێـژووی کورد گەلـێ راپەرینی ســەربەخۆیی و رزگاری هەروەهــا گەلـــێ ترادیژیاو کارەسات دەگرێتەخۆی. بەدرێژایی دووسەدەی رابردوو بەتایبەتی سەدەی بیستەم گەورە دەسەڵاتدارانی جیهانی سەبارەت بەماف رەوای کوردان چاویان پۆشیوە, بەکەم سەیریانکردووەو بەهەندیان هەڵنەگرتووە یا بەشداریان لەخامۆشکردنەوەو سەرکوتکردنی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد کردووە. ئەم فاکتەرانەو فاکتەری ترو فاکتەری کوردخۆی کەلەگەلـێ باروکاتدا لاواز بووەو لەئاستی بەرپرسیاریدا نەبووە بوونەتەهۆی ئەوەی نەتەوەی کورد هەرگیز بەئازادیو سەربەخۆیی نەگات. بۆیە زۆرناگونجاو نییە گەر بڵێین, ناسیۆنی کورد یەکێکە لەو نەتەوە بێستاتانەی (بێدەوڵەتانەی) کەبەخراپترین شێوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵداکراوەو بێشانسترین نەتەوەی بێستاتە لەجیهاندا.

مەبەست لەنووسین و چاپکردنی ئەم پەڕتووکە, سەرەتا بۆتێگەیاندنی خوێنەری دانیمارکی بەتایبەتی خوێندکارانی زانکۆ و خەڵکی دانیمارك لەبەشێکی گرنگ و پرلەکارەساتی خەباتی کورد لەکوردستانی بندەستی عێراقدا بوو, واتە ئەم لێکۆڵینەوەیە سەرەتا بەزمانی دانیمارکی لەچوارچێوەی پەرتووکێکی 120 لاپەرەییدا نووسراوەو بڵاوکراوەتەوە. بەڵام بەهۆی ئەوەی  بابەتەکە هەندێ لایەنی نوێ دەگرێتەخۆی, وام بەباشزانی بیکەمە کوردی, بۆئەوەی خوێنەرو رۆشنبیرانی کوردیش بکەوێتەبەردەستیان. پێویستە بگوترێت کە گەلێ لەبابەتەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەڕۆژنامە و گۆڤار و سایتە کوردیەکاندا بڵاوکراونەتەوە.

دیارە ئەم چاپە کوردییە کتومت وەکو چاپە دانیمارکیەکە نییە, بەتایبەتی سەبارەت بەبەشی یەکەم, کە لەلایەك نەموویستووە کورتەی مێژووی کورد بەگشتی و مێژووی ناکۆکی نێوان کورد و عەرەب لەسەرەتای دامەزراندنی ستاتی عێراقەوە تا ئێستا بکەمە کوردی, لەلایەکیتر وەرگێڕانی بەشی "کورتەی مێژووی بەعەرەبکردن" گۆڕانی تێداکراوەو زانیاری زیاتری خراوەتەسەر. ئەمە جگەلەوەی لێرەولەوێ ووردەگۆڕان کراوە یا زانیاری زیادکراوە.

بەشی دووەم و سێیەمی لێکۆڵینەوەکە نزیکەی وەکو خۆی بڵاودەکرێتەوە, واتە لەلایەك تەنها وەرگێڕانێکی نووسینە دانیمارکیەکەیە, لەلایەکی دیکە لەبەرئەوەی بابەتەکە لەساڵی 2002 دا نووسراوەو پێشی ڕوخانی ڕژێمی سەدام لەساڵی 2003 دا لەچاپ دەرچووە, بۆیە پەیوەندی بەباروdۆخە ڕامیاریەکەی پێشی ڕوخانی سەدامەوە هەیە, لەبەر ڕۆشنایی ئەمەوە وام بەباش زانی کەوەکو خۆی بیکەمە کوردی و بڵاوی بکەمەوە.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا جەخت دەخرێتەسەر ناکۆکی ڕگەزی نێوان کوردو عەرەب لەناوچە کوردستانیەکانی سنووری خوارووی کوردستان, ئەو ناوچانەی کەوا نزیکەی سەدەیەکە لەلایەن رژێمە یەك لەدوای یەکەکانی عێراقدا بەعەرەبدەکرێن و هەوڵی بەعەرەبکردنیان دەدرێت. لەبەرئەوەی شاری کەرکوك و ناوچەی کەرکوك زۆربەکوشندەیی بەر پۆلیتیکی بەعەرەبکردن و پاکتاوی ڕەگەزی کەوتووە, بۆیە زیاتر گرنگی  بەم ناوچەیە دەدرێت.

ئەم لێکۆلینەوەیە لەلایەکیترەوە پەیوەستدارە بەکێشەی ئێستای عێراق هەروەها بەرژەوەندیو پۆلیتیکی ئەمەریکا بەرامبەر بەرژێمی سەدام و عێراق, بۆیە ئەم لایەنەش لەکۆتایی لێکۆڵینەوەکەدا خۆی لێدەدرێت.

دەمەوێ لێرەدا سوپاسی زۆری برای بەرێز مەریوان زەندی و هەموو ئەو برا بەڕێزانە بکەم, کەوا دڵسۆزانە لەلێکۆڵینەوەکەی ناو ئاوارەکانی کەمپی بەردەقارەمان دەستی یارمەتیان بۆدرێژکردم.

## پێشەکی

دوای دروستکردنی ستاتی عێراق لەساڵی 1921 دا لەلایەن وڵاتە کۆلۆنیالیستەکانی بەریتانیای گەورەو فەرەنساوە, بەیەکەوە لکاندنی ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان) بەستاتی تازە دروستکراوی عێراق لەلایەن ئینگلیزەوە هەوڵی بۆدرا. سنووری سروشتی ویلایەتی موسڵ کەیەکسانە بەخوارووی کوردستان چیای حەمرین بوو, بۆیە عێراق بەر لەلکاندنی خوارووی کوردستان پێیەوە, بریتی بووە لەویلایەتی بەغداو بەسرا کەسنووری باکووری تا سەرووی شاری تکریت دەکشا.

کۆمەڵی گەلان لەکۆبوونەوەیەکدا کەلە 16.12.1924 دا لەژەنێڤا بەسترا لەبڕیارێکیدا لکاندنی ویلایەتی موسڵی بەوڵاتی عێراق ڕاگەیاند[1], لەساڵی 1925 دا لکاندنی خوارووی کوردستان بەعێراقەوە بەکردەوە جێبەجێکرا. لکاندنی خوارووی کوردستان بەعێراقەوە بووەهۆی ئەوەی حکومەتی عەرەبی تازەدامەزراوی عێراق شانبەشانی ئینگلیزەکان بکەونە سەرکوتکردنی کوردان و سەقامگیرکردنی عێراقی تازەدروستکراو. ئەمەش سەرەتای دەستپێکردنی ناکۆکی نێوان خەڵکی کوردستان و نەتەوەی باڵادەست و فەرمانڕەوای عەرەب لەچوارچێوەی عێراقدا بوو. هەر لەوساوە حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق پۆلیتیکی دژایەتیکردنی کوردیان بەشێوەو خێرایی جیاواز درێژەپێداوە. پۆلیتیکی پاکتاوی ڕەگەزی و بەعەرەبکردن تەریبیانە لەگەڵ ناکۆکیەکەدا درێژەی هەبووە.

ئەو پاکتاوە ڕەگەزیەی لەلایەن ڕژێمەکانی عێراقەوە پەیڕەوکراوە, لەلایەن کوردەوە بەبەعەرەبکردن ناسراوە یا گەلێجار بە چەمکی بەعەرەبکردن ناوزەد دەکرێت. ئەم دوو چەمکە لەگەلـێ لایەن یەکدەگرنەوە, بەڵام لەڕاستیدا جیاوازن و هەموو پاکتاوێکی ڕەگەزی بەعەرەبکردن نییە. چەمکی بەعەربکردن تایبەتە بەو پاکتاوە ڕەگەزییەی کەنەتەوەی فەرمانڕەوای عەرەب دژی نەتەوەیەکی کەمینەی دیاریکراو پەیڕەوی دەکات. زۆربەکورتی بەعەرەبکردن واتە لەلایەك پکتاوکردنی ناوچەیەك لەڕەگەزێکی نەویستراو و هێنان و جێنشکردنی عەرەب لەشوێنیاندا, لەلایەکی تر هێنانی عەرەب و جێنیشکردنی عەرەب لەشوێنی کەمینەی ژێردەستدا, هەروها گۆرینی ناسنامەی نەتەوایەتی, زمان, کەلتوورو داب و نەریت و نۆرمی کۆمەڵایەتی کەمینەیەکی ژێردەستکراو بۆ عەرەبی, ئەمە بەبێ ئەوەی نەتەوەی سەردەستی عەرەب هەمووکات پێویستی بەڕاگواستنی کەمینەی ژێردەست هەبێت.

هەرچی چەمکی پاکتاوی ڕەگەزییە, ئەوا ئەم چەمکە وەکو چەمکێکی ڕامیاری لەمێژنییە هاتۆتە ناو زمانی ڕامیارییەوە, ئەمەش بۆیەکەمجار لەگەڵ ململانێ ئێتنیەکانی یوگوسلاڤیای کۆن لەسەرەتای نەوەتەکان هاتەکایەوە, ئەمە بەووتەی پریس جاکسۆن (J.J. Preece in Human Right Quarterly 1998: 818). بەڵام کرداری پاکسازی ڕەگەزی یا پاککردنەوەی نەتەوە یا کەمینەیەکی نەویستراو دیاردەیەکی گەلـێ کۆنەو بۆسەدەکانی زوو و ناوەڕاست و دواتر دەگەڕێتەوە. هۆکارو مۆتیڤی پاکسازی گروپ و نەتەوەی حەزلێنەکراو لەکات و شوێنی جیاجیادا جیاوازبووە. هۆکاری پاکتاوکردن دەکرێ ئایینی, ئایدۆلۆژیا یا رەگەزی بێت. لەجیهانی ئەمڕۆماندا پاکتاوکردن بەزۆری لەبەر هۆکاری ڕەگەزیی و نەتەوەییە. بەکورتی پاکتاوی رەگەزی واتە, پاککردنەوەی ناوچەیەکی دیاریکراو لەڕەگەزێکی حەزلێنەکراو و نەویستراو لەلایەن ڕەگەزێکی یا نەتەوەیەکی باڵادەست و زاڵ. مەبەست و ئامانجی نەتەوەی باڵادەست مسۆگەرکردنی ناوچەیەکی دیاریکراوە بۆخۆی, بەمجۆرە بەدەستهێنانی ستاتێکی یەکڕەنگی یەك نەتەوە.

ئەوەی پەیوەستدارە بەناوچە کوردستانیەکانی ژێردەستی حکومەتی عێراق, ئەوا هۆکاری پاکتاوکردنەکە ڕەگەزییە, واتە پۆلیتیکی پاکسازی رەگەزی لەئارادایەو لەلایەن رژێمی عێراقەوە پەیڕەودەکرێت. ئامانجی حکومەتی عێراق لەپاکتاوکردنەکە, مسۆگەرکردنی ناوچە کوردستانیە سنووریەکانە بۆخۆی, بەمجۆرە لەلایەك بەدەستهێنانی ناوچەیەکی تەواو بەعەرەبکراو و کۆمەڵگەیەکی یەکڕەنگی عەرەبی لەم ناوچانەدا, لەلایەکیتر زیاتر بچوکترکردنەوەی ناوچە کوردستانیەکانی بندەستی عێراق تا لەتوانادابێت. وەك ئاشکرایە ئەم پرۆسەی پاکسازییە لەلایەن کوردەوە بە **بەعەرەبکردن** ناسراوە.

دوای جەنگی کەنداو و دیاریکردنی ناوچەی زۆنی ئارامی 36 لەلایەن هێزەهاوپەیمانەکانەوە لەساڵی 1991 دا, رژێمی داگیرکەری عێراق درێژەی بەپۆلیتیکی پاکتاوی ڕەگەزی لەناوچە کوردستانیەکانی خوار هێڵـێ 36 بەخەستی درێژەپێداوە. دیاریکردنی زۆنی دڵنیایی 36 بووە هۆی دابەشکردنی خوارووی کوردستان, بەمجۆرە حکومەتی عێراق دەستی واڵاکرا لەپیادەکردنی بەعەرەبکردن لەهەموو ئەو ناوچە کوردستانیانەی دەکەونە خوار زۆنەکە, هەربۆیەش دیاریکردن و دامەزراندنی ناوچەی زۆنی ئارام کەوتووەتەبەر رەخنەی توندی گەلـێ لەشارەزایانی کورد.

ئەنجامی ئەم پۆلیتیکی بەعەرەبکردنە بوویتەهۆی هاتنی دەیان هەزار ئاوارەی بەتایبەتی کورد بۆ ناوچە ئازادەکانی کوردستان. گەلـێ لەم پەنابەرانە لەکوردستاندا نامێننەوەو بەرەو وڵاتانیتری جیهان بەتایبەتی ئەورووپا کۆچدەکەن. ئەو

---

[1] د. نووری تاڵەبانی, 1998, ل.26.

پەنابەرانەی کە لەکوردستاندا دەمێننەوە لەیەکێ لەکەمپەکانی ئاوارەکاندا جێنیش دەکرێن. گەلێ لەو ئاوارانە مانەوەیان لەکەمپەکاندا کاتییە, یەکێ لەهۆکارە دیارەکانی ئەم دیاردەیە ئەوەیە کەوا ژیان و گوزەران لەکەمپەکاندا سەختە. ئەوانەی کەدەمێننەوە زیاتر ئەوانەن کەهیچ توانایەکی داراییان نییەو ناتوانن لەشوێنی تر بژین. بەواتایەکی تر ئەم خەڵکەی کەدەمینێتەوە هەژارو دەستکورتن. دیارە زۆربەی ئەم ئاوارانە هیوایان هەیە کەوا چارەسەرێکی کێشەکە بکرێت, تاکو بتوانن بگەڕێنەوە زێدی خۆیان.

دوای کۆتاییهاتنی جەنگی سارد پارێزگاریکردنی مافەکانی مرۆـڤ لەچوارچێوەی سیستەمی نوێی جیهانیدا گرنگیەکی زیاتری پێدرا. ئەمە ڕێگای بۆ هاتنەکایەی دیاردەی دەستێوەردانی مرۆڤانە خۆشکرد, واتە هاتنەناو و دەستێوەردان لەکاروباری ناوخۆی ستاتێکی سەربەخۆدا بەمەبەستی یارمەتی مرۆڤانە. لەوساوە گەلێ دەستێوەرانی میلیتاری هاوبەش بەمەبەستی یارمەتی مرۆڤانە ڕوویان داوە, کە لەکاتی جەنگی ساردا لەمەزەندەدا نەبوو. نموونەی ئەم دەستێوەردانانەی ڕوویان دا لەوانە, خوارووی کوردستان, بۆسنە, کۆسۆڤۆ و هیتر.

پاکسازی رەگەزی لەناوچە کوردستانیەکانی بندەستی رژێمی عێراق لەبارودۆخی دوای جەنگی کەنداودا, نەوەکو هەر نەیتوانی ببێتەهوی دەستێوەردانی مرۆڤانە, بەڵکو ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و گەورە ستاتانی دەسەڵاتدار تەواو لێی بێدەنگ بوون. ئەمە تارادەیەکی زۆر وایکرد کەوا کورد تووشی هیوابڕاوی بکەن, بەتایبەتی کەدورەپەرێزی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بەرامبەر کێشەی کورد دەبیندرا. یەکێ لەهۆکارە زۆرگرنگەکانی ئەوەی کەکورد نەیتوانیووە دەنگی خۆی بگەیەنێتە ڕێکخراوێکی ئەنتەرناسیونالی وەك نەتەوەیەکگرتووەکان ئەوەیە نەتەوەی کورد قەوارەیەکی ڕامیاری دانپێدانراو واتە ستاتێکی سەربەخۆی نییە, تاکو بتوانێ ببێتە ئەندامی ڕاستەوخۆی UN یا ڕێکخراوی دیکەی نێونەتەوەیی و کێشەکانی خۆی بخاتە ناو ئەگێندەی جیهانی.

لەڕوانگەی پۆلیتیکی پەیوەندییە ئەنتەرناسیونالەکانەوە کێشەی شکاندنی مافەکانی مرۆـڤ یا پاکتاوی ڕەگەزی لەگەلێ لایەنەوە بەدیلامای نێوان ڕێکڕاگری و ڕەوایەتییەوە پەیوەستدارە. واتە لەلایەك دەبێ ڕەچاوی ڕێکڕاگری و ئاسایشی نێونەتەوەیی بکرێت, لەلایەکیتر پێویستە مافەکانی مرۆـڤ ڕێزیان بگیرێت. ئەمە زۆربەی کەمینە یا نەتەوە ژێردەستەکانی جیهان دەگرێتەوە. لەگەڵ ئەوەی ڕێزگرتن لەمافەکانی مرۆـڤ گرنگی زیاتری پەیداکردووە لەدوای جەنگی ساردەوە, پێشێلکردنی مافەکانی مرۆـڤ لەگەلێ شوێنی جیهاندا ڕاشکاوانە بەردەوامە. لەگەلێ باردا هاواری یارمەتیان پشتگوێ دەخرێت یا لەبەر بەرژەوەندی ناسیونالانەی ستاتەکان چەوساندنەوەو پێشێلکردنی مافەکانیان گوێی پێنادرێت. بۆیە کەمینەو نەتەوە ژێردەستەکان پێویستیان بەپشتگیری, پارێزگاری و دانپێنانی ڕوون و ئاشکرای نێونەتەوەیی هەیە.

ئەم پەرتووکەی  کە لەبەردەست دایە, لێکۆڵینەوەیەکە دەربارەی پاکتاوی ڕەگەزیو بەعەرەبکردن لەکوردستانی بندەستی عێراقدا. لەلێکۆڵینەوەکەدا جەخت دەخرێتەسەر پاکتاوی ڕەگەزی لەناوچەی کەرکوکداو لەبارەیەوە هەوڵ دەدرێت وەڵامی هەندێ پرسیار بدرێتەوە. سەرەتا کورتەیەك دەربارەی کوردستانیبوونی کەرکوك و ناوچەکە هەروەها کورتەیەکی مێژووی بەعەرەبکردنی ناوچەی کەرکوك و ناوچە کوردستانیەکانی دیکە دەخرێتەڕوو, پاشان سەرنج دەدرێتە بیروبۆچوونی ئاوارەکانی کەمپی بەردەقارەمان سەبارەت بە بەعەرەبکردن, هەڵوێستیان بەرامبەر ڕۆڵی نەتەوەیەکگرتووەکان و چەندین پرسیاری دیکە بەیارمەتی لێکۆڵینەوەیەك کەبەمیتۆدی کڤانتیتاتیڤ واتە میتۆدی چەندایەتی ناسراوە. دواتر دێینەسەر کێشەی پاکتاوی ڕەگەزی لەبەر رۆشنایی هەندێ تیئۆری پەیوەستدار بەپەیوەندییە ئەنتەرناسیونالەکان و ئەگەری دەستێوەردانی مرۆڤانە بەمەبەستی وەستاندن و چارەسەری کێشەکە. ئەم لایەنە بەووردی ڕاڤەو هەڵسەنگاندن لەلایەنی تیئۆری و ئیمپیریکەوە دەگرێتەخۆی. لەکۆتاییدا بەکورتی باس لەپۆلیتیکی ئەمەریکا بەرامبەر بەڕژێمی سەدام و عێراق و کورد دەکرێت.

## 1. کورتەیەکی مێژووی پاکتاوی ڕەگەزی و بەعەرەبکردن

## 1. کورتەیەکی مێژووی پاکتاوی رەگەزی و بەعەرەبکردن

بەرلەوەی بچینەناو لایەنە مێژووییەکە, جێگای خۆیەتی سەرەتا کورتەیەك سەبارەت بەکوردستانیبوونی کەرکوك و ناوچەکە ڕوونکەینەوە, دوای ئەوە کورتەیەك سەبارەت بەمێژووی بەعەرەبکردن دەخەینەڕوو. پاشان هەوڵدەین هەندێ پێناسە هەروەها ڕوونکردنەوەیەکی گونجاو دەربارەی چەمکەکانی پاکتاوی رەگەزیو بەعەرەبکردن بخەینەڕوو.

### 1.1 کوردستانیەتی کەرکوك

ناوچەی کەرکوك و خودی شاری کەرکوك لەمێژووی زووی بەر لەزاین و لەسەردەمی جیاجیادا لەژێر فەرمانڕەوایی تیرەو هۆزەکانی لۆلۆ, گۆتی, هۆری, میتانی و مادەکاندا بووە. بەگوتنی گەلـێ مێژووناس, ئەم تیرەو هۆزانە کە لەکاتی جیاوازدا خاوەنی دەسەڵات و ئیمپڕاتۆر بوونە, بابوباپیرانی نەتەوەی کوردن. دروستکردنی خودی شاری کەرکوك زۆر کۆنە, لەمبارەیە و لەبارەی ناوی شارەکە گەلـێ بۆچوونی جیاواز هەن, بۆنموونە بەپێی باسی عەبدوللا عەبدولکەریم مارف بەرزنجی لەپەرتووکی "کارکۆك لەمێژوودا" کە بۆ زانیارەکانی سوودی لە گەلـێ سەرچاوەی جیاجیا وەرگرتووە, شارێك بەناوی "گاسوور" لەلایەن گۆتیەکانەوە دروستکراوە, ئەم شاری گاسوورە لەنزیك شاری کەرکوکی ئێستادا بووە. کاتێ هۆریەکان فەرمانڕەوایی ناوچەکەیان گرتووەتەدەست, ناو گاسووریان گۆڕیووە بۆ "نۆزا". کاتێ ماددەکان یا میدیەکان فەرمانڕەوایی ناوچەکەیان کردووە, ناوەکەیان گۆڕیووە بۆ "کارکۆك",  ئیتر لەگەڵ رۆیشتنی مێژوو ئەم ناوە بووەتە یا کراوەتە "کەرکوك"[2]

د. نوری تاڵەبانی کەئەویش لەباسەکەیدا ئاماژە بۆ گەلـێ سەرچاوە دەکات, باسی ناوی جیاوازی وەك بۆنموونە, ئەڕرابخا, ئەڕڕافا, گەرمەکان, کەرخینی, کەرك هتد. دەکات. ئەم ناوانە لەلایەن تیرەو هۆزی جیاواز لەسەردەمی جیاجیادا بەکەرکوك گوتراوە. پاشان د. نوری ئاماژە بەبۆچوونەکەی تۆفیق وەهبی دەکات کەدەڵێ, "ناوی (کەرکووك) لە (کەرەك = قەڵا) وەرگیراوەو پاشبەندی (uk) , کەبۆ بچووك کردنەوەو خۆشەویستی و نازلێگرتن بەکاردێ, خراوەتە سەر وشەی وەرگیراوی یەکەم کە (کێ رەك)ەو بەمجۆرە وشەی (کەرکووك) بەم شێوەیەی ئێستای لەسەر ئەم بنەماییە جێگیر بووە"[3] لەمێژووی زایینیدا ئەم ناوچەیە بەتایبەتیو وڵاتی کوردستان بەگشتی لەلایەن فارسەکان, عەرەبە ئیسلامەکان, مەنگۆلەکان هەروەها سەفەویەکان و تورکە عوسمانیەکاندا کەوتۆتە بەر هێرش و داگیرکردن. ئەم دەستو ئەو دەستکردنەی ناوچەکە لەلایەن نەتەوەی داگیرکەری بێگانەی جیاجیاوە کارتێکردن و کاریگەری خۆیان کەموزۆر هەبووە, بەتایبەتی ئەوەی پەیوەستدارەبە ئایین, کەلتوور و نۆرمی کۆمەڵایەتی هەروەها پێکهاتی ڕەگەزیو ئیتنی دانیشتوانی ناوچەکە.

ناوچەی کەرکوك و شاری کەرکوك وەکو بەشێکی گەورەی وڵاتی کوردستان لەسەدەی شازدە بەدواوە ناڕاستەوخۆ کەوتەژێر فەرمانڕەوایی تورکە عوسمانیەکان, بەڵام ناوچەکە ڕاستەوخۆ لەلایەن میرەکوردەکانەوە بەڕێوەبردراوە. پادشایانی ئەردەلان لەکۆتایی سەدەی شازدەوە تا کۆتایی سەدەی حەڤدە فەرمانڕەوایی سنجاقی شارەزووریان کردووە. ئەم سنجاقە ناوچەکانی هەولێر, سلێمانی و کەرکوکی گرتۆتەخۆ, شاری کەرکوك ناوەندی ئەم سنجاقە بووە. پاشان بابانەکان دەسەڵاتیان لەشوێنی ئەواندا گرتەدەست فەرمانڕەوایی ناوچەکەیان تاساڵی 1851 کردووە. لەسەردەمی ئەوانیشدا ناوچەی کەرکوك و شاری کەرکوك لەچوارچێوەی  ئەم قەوارە کوردیەدا بووە. دیارە تا ئەو سەردەمانە سەرژمێری و ئامار سەبارەت بە ناوچەی کەرکوك و شێوەی پێکهاتی ڕەگەزی نەکراوە, بۆیە نازاندرێ پێکهاتی ئێتنی لەو سەردەمانەدا چۆن بووە. ئەوەی بەڵگەنەویستە ئەو ناوچەیە لەژێر فەرمانڕەوایی کورددا بووەو ڕەگەزی کورد لەناوچەکەدا زۆربەیەکی زۆر بووە.

دواتر و لەکۆتایی سەدەی نۆزدەو سەرەتای سەدەی بیستدا هەندێ ئامار و سەرژمێر جا چ بەخەمڵاندن و مەزەندەکردن یا شێوەی تر بێت, سەبارەت بەناوچەی کەرکوك لەلایەن خەڵکی بێگانەوە کراون. بۆنموونە, نووسەرو ئەندازیاری جۆزیف ژیرنیك کە لەساڵی 1872–1873 سەردانی کەرکوکی کردووەو لەچوارچێوەی لێکۆڵینەوەیەکدا کە لەساڵی 1879 دا بەچاپی گەیاندووە, ژمارەی دانیشتوانی شاری کەرکوکی بە 12 تا 15 هەزار مەزەندەکردووەو دەڵێ "دانیشتوانی شارەکە جگەلە 40 چل خێزانی ئەرمەن ئەوانیتر هەمووی کوردن"[4].  بەپێی باسی نووسەری تورك شەمسەدین سامی لە قاموس

---

[2] عەبدوللا ع. م. بەرزنجی, کارکۆك لەمێژوودا 2001, ل. 20–48. پەرتووکی "کارکۆك لەمێژوودا"  لەساڵی 2001 دا لەدانیمارك چاپکراوە. عەبدللا ع. مارف بەرزنجی بەئاماژەکردن بۆ پەرتووکی (عێراقی کۆن) کە لەلایەن یانکوفسکا وە نووسراوە, لایوایە ئەرابخا کەهەندێ بەکەرکوکی ئێستای دەزانن, بەهیچ جۆرێ شاری کەرکوك نەبووەو لەلاپەڕە 35 دا دەنووسێ, "ئەرابخا نەوەکو هەر لەئاقاری کارکۆك نەبووە بەڵکو زیاتر لە سەدوپەنجا کیلۆمەتر دورە لەشاری کارکۆکەوە بەلای باشووری رۆژهەڵاتدا".

[3] د. نوری تاڵەبانی 1998, ل. 20.

[4] د. جەبار قادر لە کرکوك رحلە فی زاکرە التاریخ, 2002, ل. 26.

الاعلام دا کە ئینسکلۆپێدیایەکی عوسمانیەو لەساڵی 1896 دا لەئەستەمبۆل چاپکراوە, شاری کەرکوك دەکەوێتە ویلایەتی موسڵ لەکوردستانداو نێوەندی ئیالەتی شارەزوورەو ژمارەی دانیشتوانی 30 سی هەزار کەسن کە سێ‌لەسەرچواری دانیشتوانەکەی کوردن و ئەوانیتر بریتین لەتورك, عەرەب و ڕەگەزی تر[5] .

کۆمەڵی گەلان لەئامارێکیدا سەبارەت بەژمارەی دانیشتوان و پێکهاتی ئێتنی شاری کەرکوك کەلەساڵی 1925 دا کراوە, ژمارەی دانیشتوانی شاری بە 138.850 کەس داناوە, کە 63٪ی کورد, 19٪ی تورکمان و 18٪ی عەرەبن بەپێی ئامارەکە. واتە زۆربەیەکی دیاری شارەکە ئەوسا کورد بوونە. شایانی باسە حکومەتی پادشایەتی ئەوسای عێراق لەهەمان ساڵدا و لەئامارێکیدا ژمارەی کوردی لەشاری کەرکوك بە 59.5٪ ژمارەی دانیشتوان داناوە[6] .

مێژوونووسی کورد موحەمەد ئەمین زەکی بەگ لەنامەیەکیدا کەلەساڵی 1930 ئاراستەی شا فەیسەڵی یەکەمی کردووەو تیایدا هێما بۆ ئەو ئامارە دەکات کەبەرێوەبەرایەتی شاری کەرکوك پێی هەستایە, تیایدا هاتووە کە 51٪ی دانیشتوانی شارەکە کوردن, 21.5٪ی تورکمانن, 20٪ ی عەرەبن و 7.5٪ی سەر بەڕەگەزی دیکەن[7].

ئەوەی پێویستە لێرەدا بگوترێ ئەوەیە کەوا ئەم ژمارانە پێویستە بەچاوی ڕەخنەوە سەیریان بکرێت, چونکە لەلایەك ئەو ئامارو سەرژمێریانەی لەو سەردەمانەدا کراون, بێبەش نین لەکەمووکوڕی جا چ لەلایەنی میتۆدی ئامارکردنەکە یا نەتوانینی کۆنرۆلکردنی ئامادەیی تەواوی دانیشتوان لەکاتی ئامارەکاندا, لەلایەکی تر مەزەندەکردنەکان یا خەمڵاندنەکان جیاوازیان هەیەو گەلـێجار لەلایەن خەڵکێکەوە کراون کەشارەزایی تەواویان لەسەر مێژوو هەروەها چۆنیەتی و شێوەی پێکهاتەی ڕەگەزی شارەکەدا نەبووە. ئەمە جگەلەوەی گەلێجار ئامارەکان مەبەستی ڕامیاریان لەپشتدا هەبووە. دیارە هەر لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە لەلایەن لایەنی جیاجیای وەك تورك, ئینگلیز و عەرەبەوە هەوڵدراوە سەرژمێریەکان سەبارەت بەناوچەی کەرکوك و شاری کەرکوك لەبەرڕۆشنایی بەرژەوەندیەکانی خۆیاندا بنووسنەوە, بۆیە جیاوازی دیار و شێواندنی ڕاشکاو لەئامارەکاندا دەبیندرێت . هۆکاری دیاری ئەم دیاردەیە, ململانێی ئەم لایەنانە بەتایبەتی تورك و ئینگلیز لەسەر خوارووی کوردستان بووە. هەردوو لایەن واتە ئینگلیزو عەرەب لەلایەك, تورك لەلایەکەی دیکە ویستوویانە لەژمارەی کورد کەمکەنەوەو ژمارەی ڕەگەزەکانی تر بەزۆرتر دابنێن, بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەیان توانیووە نکۆڵی لەوە بکەن کەوا ڕەگەزی کورد زۆربەی دانیشتوان. دەربارەی ئەو سەرژمێرو ئامارانەی یا خەمڵاندنانەی کە بەمەبەستی ڕامیاری لایەنێك ئەنجام نەدراون و خەڵکێکی لایدەو بێلایەن ئەنجامی داون, لەلایەك زۆر کەمن, لەلایەکیتر لەکەموکوڕی بێبەش نین. ئەوانە گەلێکیان ماوەیەکی کورت لەناوچەکەدا ماونەتەوەو زۆر واپێدەچێ لەگەلـێ فاکتەر کەدەکرێ کاریگەریان لەسەر ئامارکرن و خەمڵاندن هبێ, ئاگادار نەبووین. کورد کەخۆی لەناوچەکەدا زۆربە بووە (بەگوێرەی زۆربەی ئامارەکان کەخەڵکی دیکە ئەنجامیان داوە), لەلایەن گەلـێ مێژووناسی بێگانەو کورد بەخاوەنی مێژوویی ناوچەکە دادەنرێت, لەبەر هەرهۆیەکبێ هەرگیز نەیتوانیووە سەرژمێری ناوچەو شارەکە ناوەناوە بکات, تاکو بتوانرێ ببێتە بەڵگەیەکی ئاماریی گرنگ و پشتی تەواوی پێببەسترێ.

ویلایەتی موسڵ کەباشووری کوردستان بووە لەلایەن ڕێکخراو و نووسەری جیاواز لەڕوانگەی جوگرافیەوە باسی لەسەر کراوەو هێما بۆ سنوورەکەی کراوە. بەمجۆرە شاری کەرکوك کەموزۆر خۆی لێدراوە. هەروەك لەمەوبەر باسکرا قاموس الاعلامی تورکی, کەرکوك وەك شارێکی سەربە ویلایەتی موسڵ و کوردستان دەناسێنێ. ئەدمۆندز کەبەرپرسی سەربازی سلێمانی لەبیستەکاندا بووەو یەکێ لەو ئەفسەرە ئینگلیزانە بووە کەهەڵوێستی دژانەیان بەرامبەر بەکورد هەبووە, لەنەخشەیەکدا کەبۆ کوردستانی کێشاوە, شاری کەرکوکی خستۆتەناو نەخشەی کوردستان[9].

ستاتی عێراق کە لەساڵی 1921 دا دامەزرێنرا, بریتی بوو لە ویلایەتی بەغداو بەسرا. سنوورەکە تا سەرووی شاری تکریت خوار چیای حەمرین هاتووە, ئەمە بەپێی گەلـێ سەرچاوەو ڕۆژهەڵاتنناس. بۆنموونە دوای ئەوەی ناکۆکی نێوان ئینگلیزو تورك لەسەر ویلایەتی موسڵ لەسەرەتای بیستەکاندا توند بوو, کۆمەڵی گەلان لەراپۆرتێکیدا بەمەبەستی ڕوونکردنەوەی هەندێ لایەنی گرنگی کێشەکە, ئاماژە بۆ سنووری ویلایەتی موسڵ دەکات و جەخت لەسەر ئەوە دەکات کەسنووری عێراق لەچیای حەمرین یا (تکریت) لەسەر ڕووباری دیجلە, هەروەها (هیت) لەسەر ڕووباری فورات زیاتر تێناپەڕێت. هەروەها دەنووسێ, ئەو خاکەی واتە ویلایەتی موسڵ کەناکۆکی لەسەردایە, هیچ ڕۆژێك لەڕۆژان بەشێك لەعێراق

---

[5] عونی الداوودی, 2002, ل. 16.
[6] هەمان سەرچاوەی پێشوو ل, 17.
[7] د. جەبار قادر لە کرکوك رحلە فی زاکرە التاریخ, 2002, ل. 29.
[8] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (د. جبار قادر , التر یـ الاثنـ لـ ان ر وك خلال قرن (1850-1958) لە پەرتووکی, ر وك رحلة فـ زا رة التاریخ, ئامادەکردنی عوذ الداوود , 2002, ل. 24.
[9] عەبدوڵلا غەفوور, 1997, ل. 60.

نەبووە. گەلێ لەمێژوونووسان و ڕۆژهەلاتناسان یا خەلکی دیکەی بێگانە بۆنموونە, باسیل نیکیتین و ئەدمۆندز, هەروەها لەمیژوونووس و نووسەرانی عەرەب وەکو د. فازیل حسێن, د. شاکر خەسباك, فایق سامەرایی و عەبدولرەزاق حوسنی ئەمەی سەرەوە دووپاتدەکەنەوە پێیان وایە کەوا چیای حەمرین سنووری سروشتی کوردستانە[10].

هەر د. شاکر خەسباك لەنووسینێکیدا سەبارەت بەژمارەی کورد لەشاری کەرکوك پێی وایە کوردەکان 55.2٪ی دانیشتوانی شارەکەیان لەپەنجاکاندا پێکهێناوە[11].

بەگوێرەی ئەو سەرژمێرەی کە لەساڵی 1957 دا لەلایەن حکومەتی عێراقەوە کراوە, 48.3٪ لەسەدای دانیشتوانی شاری کەرکوك کوردن, 28.2٪ لەسەدای عەرەبن و 21.4٪ لەسەدای تورکمانن[12]. هەروەکو لەمەوبەر گوتمان, ئەم ژمارانە دەبێ بەچاوی ڕەخنەوە سەیریان بکرێت, چونکە گومان دەکرێ ئەم سەرژمێری و ئامارانەی کەئەوسا کراون, لەلایەك بێهەڵەبن, لەلایەکی تر بێلایەنانەو دەستپاکانە ئەنجام درابن.

ئەوەی لەسەرەوەدا گوترا, لەگەڵ ئەوەی سەرچاوەی ئامارو خەمڵاندنەکان لەکەموکوڕی بێبەش نین, بەڵام هەموو ئەو سەرچاوانەی لەسەرەوە ئاماژەیان بۆکرا, دان بەزۆرینەیی دانیشتوانی کورد لەشاری کەرکوك و ناوچەکەدا دەنێن, هەروەها ناوچەکە بەکوردستان دادەنێن.

لەشێستەکان بەدواوە بەتایبەتی لەدوای کودەتاکەی ساڵی 1963 وە, هەوڵی زۆر لەلایەن حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی بەغدا بۆ گۆڕینی پێکهاتی ڕەگەزی لەناوچەی کەرکوکدا دراوە, بۆیە ئەو زانیاری و ئامارانەی سەبارەت بەپێکهاتەی ڕەگەزی ئەم ناوچەیە کەکراون, مەبەستی رامیاریان لەدواوە بووە, بۆیە بەهیچ جۆرێك ناتوانرێ بۆ پیشاندانی پێکهاتەی ڕاستەقینەی ڕەگەزی ناوچەکە بەکاربهێنرێن.

جێگای خۆیەتی سەیرێکی هەندێ سەرچاوەی ولاتانی ئەوروپا و ئەمەریکا بکەین, تاکو بزانین ئەوان تاکو ئێستا چۆن سەیری شاری کەرکوك دەکەن و دەیناسن. دیارە یەکێ لەسەرچاوە گرنگ و باوەڕپێکراوەکانی ئەو ولاتانە ئینسکلۆپێدیایە کەوەکو فەرهەنگێکی بەرفراوان زانیاری و ڕوونکردنەوە لەهەموو بوارەکاندا دەگرێتەخۆی. یەکێ لەئینسکلۆپێدیا ناودارەکانی جیهان ئینسکلۆپێدیای بەریتانیایە کەبەم شێوەیە پێناسەی کەرکوك دەکات: کەرکوك شارێکە لەباکووری ڕۆژهەلاتی عێراق. "شارەکە 145 میل واتە 233 کم لەسەرووی بەغداوەیە کە بەرێگای قیرتاوکراوی سەرەکی و ڕێگای شەمەندەفەر پێیەوە بەستراوەتەوە. کەرکوك دەکەوێتە نزیك زنجیرەچیای زاگرۆس لەهەرێمی کوردستانی عێراق"[13]

ئینسکلۆپیدیای زانکۆی کۆلۆمبیای ئەمەریکایی بەم شێوەیەی خوارەوە پێناسەی شاری کەرکوك دەکات: "شارێکە لەعێراق و سەنتەری پیشەسازی نەوتی عێراقە..... کەرکوك بازاڕێکی بەرهەمەکانی وەکو لۆکە, میوە, زەیتون و دانەوێڵەیە لەناوچەکەدا. کەرکوك لەشوێنێك دروستکراوە کەشوێنەوار و پاشماوەی 3000 ساڵ بەر لەزایین دەگرێتەخۆی. زۆربەی دانیشتوانانی کوردن[14].

ئینسکلۆپێدیای دانیمارکی کەبە ئینسکلۆپێدیای گەورەی دانیمارکی ناسراوە, لەنوێترین چاپیدا پێناسەی شاری کەرکوکی بەووردی کردووە, ئەحمەد عەزیز کەبابەتێکی لەژێر ناونیشانی "کوردستانیەتی کەرکوك لەئینسکلۆپێدیای ولاتانی ئەوروپاو ئەمەریکادا" نووسیووەو پێناسە دانیمارکیەکەی کردۆتە کوردی, منیش وەکوخۆی دەینووسمەوە: "کەرکوك: شاری چاڵگە نەوتەکان, دەکەوێتە باکوری ڕۆژهەلاتی عێراق و سەر بەکوردستانە, کەوتووەتە, 250 کم باکوری بەغداد, وا مەزەندە دەکرێت چالگە نەوتەکانی شاری کەرکوك 5–7٪ یەدەکی نەوتی هەموو جیهان پێك بهێنێت, لەکەرکوکەوە لولەی نەوت بەرەو سوریاو لوبنان و تورکیا دەڕوات, بەلام بەهۆی ئابلۆوقەی ئابووری نەتەوەیەکگرتووەکانەوە, ڕێژەیەکی کەم لەتوانای چالگە نەوتەکانی شاری کەرکوك بەرهەم دەهێنرێت. کەرکوك دەکەوێتە تەنیشت زنجیرە چیای زاگرۆس, ژمارەی دانیشتوانی نزیکەی 500.000 کەس دەبێت, پێشتر زۆربەی دانیشتوانی شاری کەرکوك کوردبوون, بەڵام لەدوای ساڵی 1970 وە, ژمارەی کورد لەکەرکوك ڕووەو کەمی دەچێت و لەبەرامبەریشدا ژمارەی عەرەب لەبەرزبوونەوەدایە".

---

[10] د. خليل اسماعيل محمد له كركوك رحله فى زاكره التاريخ, 2002, ل.39–42.

[11] د. جەبار قادر له كركوك رحله فى زاكره التاريخ, 2002, ل.34.

[12] د. نوری تالەبانی, 1998, ل. 82.

[13] ئینسکلۆپێدیای بەریتانیا/ئارتیکل.ل.46695.

سەیری سایتی (http://www.britannica.com/eb/article?eu=46695) بکە. شایانی باسکردنە, ئەوەی هانیدام سەیری ئەم ئینسکاۆپێدیایانە بکەم, ووتارەکەی کاك ئەحمەد عەزیز لەمبارەیەوە بوو. ناونیشانی ووتارەکە: کوردستانیەتی کەرکوك لەئینسکلۆپێدیای ولاتانی ئەوروپاو ئەمەریکادا, سێپتێمبەری 2002.

[14] Columbia Encyclopedia, Sixth Edition, 2003. سەیری سایتی http://www.encyclopedia.com/html/k/kirkuk.asp بکە.

شایانی گوتنە, گەلێ لەئینسکلۆپیدیاکانی دیکەی ئەوروپاو ئەمەریکا پێناسەیەکی لەم شێوەیەی سەروویان بۆ شاری کەرکوك هەیە. دیارە ئەم ئینسکلۆپیدیایانەی ئاماژەمان بۆکردن هەروەها گەلێ لەئینسکلۆپیدیاکانی دیکە ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ هێما بۆ کوردستانیەتی شاری کەرکوك دەکەن و پێیان وایە زۆربەی دانیشتوانی شارەکەش کوردن.

بەگشتی ئەوەی لەسەرەوە سەبارەت بەکوردستانیەتی ناوچەی کەرکوك و شاری کەرکوك خرایەڕوو, هێما بۆ ئەوە دەکەن, کەوا ناوچەو شاری کەرکوك لەمێژووی زووی بەرلەزاینەوەو تاسەردەمی ئەمڕۆمان خاکی کوردان بووەو هەمیشە زۆربەی ژمارەی دانیشتوانەکەشی کورد بووین, هەروەها بەپێی گەلێ سەرچاوەی مێژوویی سنووری سروشتی خوارووی کوردستان چیای حەمرینە. دیارە ئەم ڕاستیە لەلایەن گەلێ لەشارەزایانی جیهان سەلمێندراوە.

## 2.1 کورتەیەکی مێژووی بەعەرەبکردن

لەبەرئەوەی ئەم لێکۆلینەوەیە زیاتر گرنگی بە پاکتاوی ڕەگەزی لە ناوچەی کەرکوك دەدات, بۆیە سەبارەت بەمێژووی بەعەرەبکردن زیاتر جەخت دەخەینە سەر مێژووی ناوچەی کەرکوك و شاری کەرکوك, واتە باسی ناوچەکانی تر کەمتر دەکرێت. بەڵام بەرلەوەی بێینە ناو گوزارشتە مێژووییەکە, پێویستە ئەوە بلێم کەباسە مێژووییەکە زۆر درێژ نابێت, چونکە ئەم لێکۆڵینەوەیە لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی بەعەرەبکردن نییە, بەڵکو لێکۆڵینەوەیەکە کەگرنگی بە ڕوونکردنەوەیەکی زانستیانەی بێدەنگی کۆمەلگەی نێونەتەوەیی بەرامبەر بەم تاوانە مرۆڤایەتیە دەدات. لەڕاستیدا ئەم باسە کورتە مێژووییە, بیرخستنەوەیەکی خێراو کورتی بەعەرەبکردنە لەناوچەی کەرکوك و ناوچە کوردستانیەکانی دیکەدا.

کوردستان لەسەردەمی پێش پەیدابوونی ئیسلامدا لەژێر دەسەلاتی ئیمپراتۆری ساسانیەکاندا بووە و بەلگەیەکی ڕوون سەبارەت بەبوونی دانیشتوانی عەرەب لەکوردستاندا بەدەستەوە نییە. دەکرێ عەرەب بۆ بازرگانی و شتی تر بۆ ناوچەکە هاتبن, بەڵام بوونیان وەکو دانیشتوانی ناوچەکە ڕەنگە نەبووبن یا زۆر کەم بووبن. دوای پەیدابوونی ئیسلام و پاشان دەستکردن بەداگیرکردنی ناوچەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیای بچوك لەلایەن لەشکری عەرەبی ئیسلامەوە, کوردستان بۆ یەکەمین جار لەساڵی 637 ی زایینیدا کەوتە بەر هێرشی بەربڵاوی عەرەبە ئیسلامەکان. ئەم هێرشەی لەژێر ناوی "ئەنفال"[15] دا کرایە سەر ناوچەکە. دیارە مەبەستی ئەم هێرش و داگیرکردنە بەئیسلامکردنی گەلانی ناموسوڵمانی ناوچەکە بوو, کە لەئەنجامدا کەلتوور و ئایینە کۆنەکانی ناوچەکە بەڕادەیەکی کوشندە ڕەگ و ڕیشەیان هەلکێشرا و پاککرانەوە, لەشوێنیاندا ئایین و کەلتووری عەرەب و ئیسلام سەپێندران. دیارە هێرشەکەی ئەنفالی ئیسلام بۆسەر کوردستان زۆر دڕندانە و خوێناوی بووە و پاکسازییەکی ئایینی (لەگەلێ ناوچەدا ڕەگەزیش[16]) بێچەند و چوون بووە.

بەپێی هەندێ سەرچاوە دوای داگیرکردنی کوردستان لەلایەن لەشکری عەرەبەوە, خێڵی خەزرەج یەکەم هۆزی عەرەبی بووە کە لەشاری موسڵدا نیشتجێکراوە. دیارە موسڵ بەر لەو کاتە دانیشتوانەکەی لە کورد و ئاشوری و جولەکە پێکهاتووە[17]. پاش سەقامگیربوونی ئایین و کەلتووری ئیسلام (دوای ساڵانێکی دوور و درێژی پڕ لەجەنگ و وێرانکاری), خێل و تیرەکانی عەرەب بواری هاتنیان بۆ خوارووی کوردستان لەبەردەمدا بەشێوەیەك لەشێوەکان بۆ کراوەتەوە. بەڵام واپێناچێ توانیبێتیان بگەنە گەلێ ناوچە, ئەمەش بەڕادەیەکی دیار لەبەر ناکۆکی کوردەکان لەگەڵ دەسەڵاتدارانی عەرەب لەناوچەکەدا.

هاتنی عەرەب بۆ خوارووی کوردستان جگە لەشاری موسڵ کە زووتر عەرەبی گەیشتێ, لەشوێنەکانی دیکەدا واپێناچێ بەشێوەیەکی ئەوتۆ بووبێ, تاکو لە سەردەمی مەمالیکی عوسمانیدا (1750–1831), ژمارەیەکی زۆر لەخێزانی سەر بە خێڵەکانی تەی و جبور لە ناوچەکانی قەراج و مەخموور جێنیشکران[18]. پاشان لە سەردەمی مەدحەت پاشای والی عوسمانی لە بەغدا (1869–1914), ژمارەیەکی زۆری خێزانی عەرەبی سەر بە خێڵەکانی (شەمەر, عەنزە, دلێم, کعب, ڕەبیعە, ئیبن ئەوس, جبور, ئەبولحەمدان و تەی) لە گەلێ ناوچەی کوردەکاندا بە درێژایی سنووری خوارووی کوردستان (واتە لەخانەقین و

---

[15] ئەنفال ناوی سوڕەتی ژمارە هەشتی قورئانە و لە 77 ئایەت پێکهاتووە. لەسوڕەتی ئەنفالدا خودای ئیسلام موسوڵمانان لەهێرشیاندا بۆ سەر ناموسوڵمانان هان ئەداو ڕەوایەتی دەداتە هێرشەکان و تاڵانکاریەکان و دەستکەوتەکانی شەڕکەرەکان. سوڕەتی ئەنفال یەکەمجار بۆ ڕەواکردنی شەڕی "بەدر" بەکارهاتووە. واتای ووشەکە "تاڵانکردن یا تاڵانکاریە" ـە.

[16] پاکسازییەکە بەشێوەیەکی سەرەکی ئایینی بووە, چونکە مۆتیڤی (هۆکار) هێرشەکەو پاکسازیەکە ئایینی بووە. بەڵام ئەگەرچی مۆتیڤەکە ڕووە ئاشکراو ڕوونەکەی ئایینی بووە, دەکرێ مۆرکی پاکسازی ڕەگەزی بەخۆیەوە بگرێت, گەرهاتوو خەڵکی سەر بە ڕەگەزێکی جیا بەهۆی جیاوازی بۆچوونی ئایینیان قرکران یا کۆمەڵکوژکران. بەواتایەکی دیکە خەڵکێکی بەکۆمەڵ و زۆری ڕەگەزێك لەناو دەبردرێن و پاك دەکرێنەوە, بۆیە ئەمە پاکسازییەکی ڕەگەزی خەڵکەکەشە, ئەوجا مۆتیڤەکە هەرچی بێ. دیارە بەهەزاران ژن و منداڵ و شەڕکەری کورد بەدەستی عەرەبە ئیسلامەکان, لەسەریان درا و کوژران یا بەدیل بردران و بێسەروشوێن چوون و نەگەڕانەوە, ئەمە جگە لە تاڵانکردن, سوتاندن و کاولکردنی ناوچەکە.

[17] غەفور مەخموری, بەعەرەبکردنی کوردستان, 2002. لاپەڕە: 11.

[18] غەفور مەخموری, بەعەرەبکردنی کوردستان, 2002. لاپەڕە: 13.

مەندەلییەوە تا موسڵ و دەوروبەری) هەوڵی نیشتەجێکردنیان درا و لەزۆر ناوچەدا جێنشکردنی ئەم عەرەبانەیان بۆ چووەسەر[19]. دیارە جێنیشکردنی ئەم عەرەبانە بوویتە هۆی ناکۆکی و شەڕ و پێکدادان لە نێوان کوردەکانی ناوچەکە و عەرەبە هاتووەکان. کوردەکان توانیویانە لەهەندێ شوێنی وەك قەراج و مەخموور عەرەبە هاتووەکان دەربکەن, بەڵام لەگەڵێ ناوچەدا ئەوەیان بۆ نەکراوە[20].

لەساڵی 1925 دا ویلایەتی موسڵ کەناوچەی کەرکوکیشی دەگرتەوە بەستاتی تازە دروستکراوی عێراق لکێندرا, ئەو ستاتەی لەساڵی 1921 دا لەلایەن ئیمپریالیزمی ئینگلیزی و فەڕەنسیەوە دروستکرا.

بەپێی باسی د. نوری تاڵەبانی[21] کەشارەزایە لەبارەی پاکتاوی ڕەگەزی لەناوچەی کەرکوکدا, دوای لکاندنی ویلایەتی موسڵ بەعێراق, بەریتانیای گەورەو حکومەتی عێراق کەوتنە هەڵکەندنی چاڵی نەوت لەناوچەکەدا. ئەم چاڵ هەڵکەندنە واتای دروستکردنی کارێکی زۆر بوو, کەبووەهۆی هێنانی کرێکارێکی زۆرو نیشتەجێکردنیان لەناوچەکەدا بەتایبەتی لەشاری کەرکوکدا. بەشێکی زۆری ئەم کرێکارە تازەهاتووانە سەر بەنەتەوەی عەرەب بوون. پێویستە بگوترێ کەوا عەبدولڵا مارف بەرزنجی کە شارەزایەکی مێژووی شاری کەرکوکە, لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا نییە و پێیوایە ئەو کرێکارانەی کۆمپانیای نەوت تا ناوەڕاستی پەنجاکان زۆربەیان کورد بوون[22].

هەر لەساڵی 1925دا مستەفا عومەری وەزیری ناوخۆی عێراق, کۆمەڵێ لەخێزانی عەرەبی سەربە هۆزی کۆچەری (سمبس) ی هێناو لە دەشتی قەراج جێنیشی کردن, بەهەمان شێوە کۆمەڵێ خێزانی هۆزە عەرەبەکانی جبور و تەی لە موسڵ و دەوروبەریدا جێنیشکرد[23].

د. نوری تاڵەبانی پێیوایە, بەریتانیای گەورە بەمەبەست کرێکاری سەربە ڕەگەزیتری هێناو لەناوچەکەدا نیشتەجێیکردن, تاوەکو نەتەوەی کورد بەزۆربەیی نەمێننەوەو دۆمینانسی واتە زاڵبوونی کورد بەسەر ناوچەکەدا نەمێنێت. ڕژێمی پادشایەتی عێراق لەم پۆلیتیکەی ئینگلیزەکان چالاکانە بەشداربوو. د. جەبار قادر تەبایە لەگەڵ ئەم بۆچوونەی د. نوری و پێیوایە ئینگلیزەکان دەیانویست و کاریان بۆ ئەوە دەکرد کە دۆمینانسی کورد لە کەرکوکدا بشکێنن و ڕۆڵی کورد لەشارەکەدا کەم بکەنەوە, بە بەڵگەی ئەوەی ڕێگایان دا کە گەلێ لەسەرباز و فەرمانبەرانی تورکی عوسمانی (دوای ڕوخان و هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆری عوسمانی) بەخۆیان و خێزانیانەوە لە کەرکودا بمێننەوەو نیشتەجێبن, جگە لەمە ئینگلیز ڕێگای بەمانەوەی 13 خوێندگەی تورکی کە پاشماوەی عوسمانی بوون لەشاری کەرکوك دا. کە لەکاتێکدا خوێندگە کوردیەکان لەشارەکەدا نەدەگەیشتنە شەش خوێندگە لەساڵی 1923دا[24].

هەنگاوێکی گەورەی بەعەرەبکردن لەسیەکاندا داڕشتنی (پڕۆژەی ئاودێری حەویجە) بوو. بەگوێرەی ئەم پڕۆژەیە دەبوایە جۆگەیەکی گەورەی ئاو هەلبکەندرێ, لەزێی بچوکەوە بڕوا بۆ دەشتی حەویجە کەناوچەیەکی وشك بوو. بەمجۆرە بتوانرێ ژیان و گوزەران لەناوچەکەدا دروستبکرێ و هەندێ لەخێڵەکانی عەرەب لەناوچەکەدا نیشتەجێ بکرێن. د. نوری تاڵەبانی دەڵێ, "بەگوێرەی ئاماری دانیشتوانی عێراق لەساڵی 1957دا, ژمارەی ئەو عەرەبانەی لەناوچەی حەویجەدا نیشتەجێکران گەیشتە 27705 کەس" [25].

بەپێی هەندێ سەرچاوە جگە لەناوچەی کەرکوك کەبەر پۆلیتیکی بەعەرەبکردن کەوتبوو, بەڵکو حکومەتی پاشایەتی لە چلەکانی سەدەی ڕابردوودا, لەژێر ناوی (تەبعیەتی ئێرانی) خەڵکێکی زۆری لە بەتایبەتی کوردە فەیلیەکان و هی تر لە شار و شارۆچکەکانی خانەقین, مەندەلی, جەلەولا, کوت, بەدرەوجەسان, نەفتخانە و قزانیە دەربەدەری ئێران کرد. هەر لە چلەکاندا زەویوزارێکی زۆری کوردان لەم ناوچانەدا دەستی بەسەردا گیراو کرانە هی میری و پاشان دابەشی سەر عەرەب کران. لە ساڵی 1948دا حکومەتی پاشایەتی پڕۆژەیەکی جێنشکردنی عەرەبیان لەژێر ناوی (تو ین الع ائر) پیادەکرد, کۆمەڵێ ئۆردوگایان لەسەر خاك و زەویوزاری کورداندا بۆ نیشتەجێکردنی هەندێ هۆزی عەرەب لەدەشتەکانی تەلەعفەر, حەزەر و شەنگار دروستکرد.

---

19 هەمان سەرچاوەی پێشوو.

20 هەمان سەرچاوەی پێشوو للاپەڕە: 13-15.

21 چاوپێکەوتنی تەلەڤیزیۆنی 2000, MedyaTV.

22 عەبدللا ع. مارف بەرزنجی, کارکۆك لەمێژوودا, دانیمارك,2001 , لەکتێبەکەیدا ناوی گەلێ کرێکاری کوردی نووسیووە کە ئەوسا لەکۆمپانیای نەوتدا کاریان کردووە. لەسمینارێکدا کەسەبارەت بەپاکسازی ڕەگەزی ناوچەی کەرکوك لەکۆپنهاگندا لە9.3.2003 دا سازکرا, هەمان تێبینی لەسەر ئەم زانیاریەی د. نوری هەبوو.

23 غەفور مەخموری, بەعەرەبکردنی کوردستان, 2002. لاپەڕە: 20.

24 د. جبار قادر, ﺔر وك: قرن و ذ من التتريك و تعريـ , ص:8. www.kirkuk.dk

25 د. نوری تاڵەبانی 1998: 52.

لەنێوان سالانی 1945–1958 دا حکومەتی پاشایەتی عێراق بەسەدان گوندی بۆ نیشتەجێکردنی کۆمەڵێ خێلی کۆچەری عەرەب لە ناوچەکانی شەنگار و شێخان دروستکردو بەهەزاران عەرەبی لەم ناوچە کوردستانیانە نیشتەجێکرد. لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەی کوردان تا ئاماری 1957 لە شەنگار و شێخاندا زۆربەی دانیشتوانی ئەو ناوچانە بووینە[26] .

بەهۆی شۆڕشی 14ی تەموزی سالی 1958 ەوە عەرەبە ناسیونالیستەکان دەسەڵاتی زیاتریان دەستکەوت و کاریگەریان زیاتربوو لەسەر پۆلیتیکی عێراق. عەرەبە ناسیونالیستەکان لەشاری کەرکوکدا ڕۆڵی خراپیان لەتێکدانی پەیوەندی  نێوان کەمینەکانی عەرەب و تورکمان و ئاشووری و زۆرینەی کورد گێڕا, ئەمە بووەهۆی ئەوەی لەشارەکەدا ناکۆکی و ململانێی ڕەگەزیانە لەنێویاندا بەهێزتر بێت, بەمجۆرە هەرایەکی گەورە و خوێناوی لەشارەکەدا لەسالی 1959دا ڕوویدا[27]  بەهۆی پۆلیتیکی ڕەگەز پەرستانەی بەتایبەتی سەرۆکی سوپای دوو (نازم تەبەقچەلی) و بەپرسە عەرەب و تورکمانەکانی تر کوردەکان کەوتنەبەر راونان, گرتن و کوشتن, ئەمە وایکرد گەلێ لەکوردەکان ناوچەکە بەجێبهێڵن. بەهۆی هەلگیرسانی شۆڕشی ئەیلول لەسالی 1961دا خەڵکێکی زۆری کوردەکان شاری کەرکوك و هەروەها ناوچە سنووریەکانی تر بەجێدەهێڵن, لەپاڵ ئەمەشدا رژێمی عەبدولکەریم هێرشی خۆی بۆ سەر ناوچە کوردنشینەکان بەربڵاوانە دەست پێکرد. ئەمە بووە هۆی چۆڵکردنی گوندێکی زۆری دەوروبەری کەرکوك, مەخموور, دەشتی قەراج و شوێنەکانی دیکە, کە لەڕاستیدا کاریگەری خۆی لەسەر پێکهاتەی ئێتنی ناوچەکاندا پیشاندا و دواتریش نەتوانرا وەکوخۆی  لێبکرێتەوە.

لەدوای کودەتای بەعسیەکان لەسالی 1963دا, عەرەبە ناسیونالیستەکان دەستیان بەسەر دەسەڵاتدا داگرت, بەمجۆرە بارودۆخی رامیاری ناوچەکە ئالۆزتر و خراپتر بوو. بەپێی باسی د. نوری تالەبانی بەعەرەبکردنی ناوچەکە بەشێوەیەکی بەرچاو زیادیکرد, ئەو کوردانەی کەبێلایەنیش بوون و دووربوون لەچالاکی رامیاری کەوتنەبەر پەلامارو راونانی سوپای عێراق بەتایبەتی "حەرەس قەومی". 13 سێزدە گوند لەنزیك و دەوروبەری چاڵە نەوتیەکاندا تێکدران و لەگەڵ خاکدا تەختکران, هەروەها دانیشتوانەکانی ئەم دێهاتانە بۆ شارەکانیتری عێراق دوورخرانەوە. هەموو دانیشتووە کوردەکانی 36 گوند کە لەنزیك و دەوروبەری شارۆچکەی دووبزدا دەژیان ناچاری بارکردن کران و لەشوێنیاندا عەرەب نیشتەجێکران. ڕژێم هەستا بە لەکارلادانی ژمارەیەکی زۆری کرێکارانی کورد لەکۆمپانیاکانی نەوت و لەشوێنی ئەوان کرێکاری عەرەبی دامەزراند. رژێم دەسیتیکرد بەگۆڕینی ناوی شەقام و قوتابخانەو زۆر شوێنی تر بۆ عەرەبی هتد[28]..

لەڕێکەوتی 1.7.1963 دا حکومەتی بەغدا یاسای پارێزگاکانی بڵاوکردەوە کەتیایدا شارەکانی کەرکوك, خانەقین, شەنگار و گەلێ شارۆچکەی ناوچە سنووریەکانی لەکوردستان (کە لەیاساکەدا کرابووە پارێزگای سلێمانی) دابڕی و بەخاکی عەرەبی ناونووس کردن[29] .  هەر لەهەمان سالدا رژێمی بەغدا هەولی بەعەربکردنی کوردە ئێزیدیەکان دا و مەکتەب ئەمەوی بۆ ئەم مەبەستە تەرخانکرد. تا سالێ سوڕایەوە ڕژێم دانیشتوانی 11 گوندی کوردانی نزیك سنووری سوریا لەناوچەی شەنگاردا ڕاگواست و لەئۆردوگای زۆرەملێی جێنیشکردن[30] .  هێرشی حەرەس قەومیەکان ناوچەی کەندێناوەشی[31] بەخەستی گرتەوە, لەم ناوچەیەدا 32 گوند سوتێنران و خاپورکران, ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانانی ئەم گوندانە دەستبەسەر کران و خرانە زیندان[32] .

دوای کودەتای دووەمی بەعسیەکان لەسالی 1968دا, ڕەوتی پۆلیتیکی بەعەرەبکردن درێژەی پێدرا, شێوەو جۆری نوێی بەخۆیەوە گرت, ئەمجارەیان رژێمی بەغدا هەولیدا لەڕێگای یاساوە مەبەستەکانی خۆی پیادە بکات, بۆنموونە مافی زەوی و خانوو کڕینوفرۆشتن لەکوردەکان سەندرایەوە, کارمەندو مامۆستا کوردەکان گواسترانەوە بۆ شوێنیتری دەرەوەی شاری کەرکوك, هەموو ئەو کوردانەی کەراگواسترابوون یا بەئارەزووی خۆیان شاری کەرکوك یا ناوچەکەیان جێهێشتبوو, ڕێگای گەڕانەوەیان نەدرا و قەدەغەی گەڕانەوەیان کرا. رژێمی عێراق ئامارێکیتری نوێی سەرژمێری دانیشتوانی ناوچەی کەرکوکی کرد, هەموو عەرەبە تازەهاتووەکان بەدانیشتووی کۆن ناونووسکران. رژێم ناوی شاری کەرکوکی گۆڕی و کردی بە "تەئمیم" , هەروەها هەموو ناوە کوردیەکانی گەڕەك و شەقامەکانی ناو شاری کەرکوکی بۆ ناوی عەرەبی گۆڕی.

---

[26] غەفور مەخموری, بەعەرەبکردنی کوردستان, 2002. لاپەڕە: 22–23.

[27] (د. نوری تاڵەبانی 1998: 143).

[28] (د. نوری تاڵەبانی 1998: 63–69).

[29] غەفور مەخموری, بەعەرەبکردنی کوردستان, 2002. لاپەڕە: 26.

[30] هەمان سەچاوەی پێشوو.

[31] کەندێناوە ناوچەیەکی بەنەوت دەوڵەمەندی دەشتی هەولێرە, لەم ناوچەیەدا نزیکەی 150 بیرە نەوت هەیە, هەندێ لەم بیرە نەوتانە نەوتیان لێ دەردەهێنرێ و هەندێکیان نەوتیان لێ دەرناهێنرێ. سەیری کتێبی کەندێناوە لەنێوان ڕاگواستن و بەعەرەبکردندا نووسینی کاوە نادر, 2001. لاپەڕە: 23.

[32] کاوە نادر, کەندێناوە لەنێوان ڕاگواستن و بەعەرەبکردندا, 2001. لاپەڕە: 37.

دروستکردنی شەقامی نوێ لەناو گەڕەکە کوردەکان و تێکدانی ژمارەیەکی زۆری خانووی کوردان بەم بیانووە. چەندین گەڕەکی نوێ لەناو شاری کەرکوکدا دروستکران و بەهەزاران عەرەب هێندران و لەم گەڕەکە نوێیانەدا نیشتەجێکران. ئەم گەڕەکانەی تا ناوەڕاستی حەفتاکان دروستکران ئەمانە بوون: عەرەفە, بەعس, واسیتی, سکەك, ئیشتراکیەت, غەرناتە, حەجاج, عرووبە, شورتە, وەحدە, حورییە, دۆرلئەمن هتد... ئەمە جگەلەوەی ئەو عەرەبە هاتووانە لەلایەن ڕژێمەوە پارەیان درایە و پارمەتیدران. حکومەتی عێراق هێزی سوپایی خۆی لەناوچەکەدا بەهێزترکرد, ئەمەش لەرێگای دروستکردنی هەندێ سەربازگەی گەورەی نوێ و فرۆکەخانەیەکی سەربازی[33].

ڕژێم لەساڵی 1976 دا ویستی لەڕووی جوگرافیەوە گۆڕان بەسەر ناوچەی کەرکوکداو پێکهاتە ڕەگەزی و دیمۆگرافیەکەی بێنێ, بۆ ئەم مەبەستە یاسای رێکخستنەوەی پارێزگاکانی داڕشت و سنووری بەڕێوەبەرایەتی پارێزگاکانی گۆڕی. بەمجۆرە قەزای دووز خورماتووی بەهەموو گوندو شارۆچکەکانەوە لەکەرکوك جیاکردەوەو لکاندی بەپارێزگای تکریتەوە. قەزای کفری بەپارێزگای دیالەوە نوساند. کەلار و چەمچەماڵی بەپارێزگای سلێمانیەوە گرێدا[34].

**خشتەی 1-1, ئەنجامی پۆلیتیکی بەعەرەبکردن لەکەرکوکدا لەنێوان 1975 -1925دا**

| ڕەگەز | 1925 | 1957 | 1977 |
|---|---|---|---|
| کورد | ٪61 | ٪48 | ٪37 |
| تورکمان | ٪29 | ٪21 | ٪16 |
| عەرەب | ٪8 | ٪28 | ٪44 |

سەرچاوە: د. نوری تالەبانی (1998): ناوچەی کەرکوك و هەوڵی گۆڕینی باری نەتەوەیی ئەم ناوچەیە. کەمایەتیەکانیتر نزیکەی لەسەدا 2ی سەرجەمی دانیشتوانی شاری کەرکوکیان پێکدەهێنا. دیارە ئەم ژمارانە کۆنن و تا ساڵی 1977 ن. شایانی باسە ئەم ژمارانە لەکەموکوڕی و خوارکردنەوە بێبەش نین, بۆیە دەبێ بەچاوی ڕەخنە سەیریان بکرێت. چونکە وەك گوترا گومان لەوەدایە کە ئەو ئامارانەی کراون بێلایەنانەو دەسپاکانە ئەنجام درابن.

لەخشتەی (1.1) دا ئەوە دیاردەکەوێ کەوا گۆڕانی گەورە بەسەر ژمارەی دانیشتوانی سەربە نەتەوە جیاکانی ناو شاری کەرکوکدا هاتووە, کەبووتەهۆی گۆڕینێکی بەرچاوی پێکهاتەی ئێتنی شارەکە. کوردەکان لەساڵی 1925دا لەسەدا 61٪ ی سەرجەمی دانیشتوانی شاری کەرکوکیان پێکهێناوەو ئەم کاتە زۆربەیەکی ڕاشکاوی شارەکەبوون, بەڵام ئەمە وەکو خۆی نەمایەوەو رێژەی ژمارەی کورد دابەزیووەو نزیکەی بەنیوە بووە لەساڵی 1977 دا کە گەیشتووەتە 37٪. کەچی ژمارەی عەرەبەکان کەتەنها 8٪ ی سەرجەمی دانیشتوانیان لەساڵی 1925دا پێکهێناوە, لەساڵی 1977دا بەرزبووەتەوەو گەیشتووەتە 44٪, واتە پێنچقات زیادی کردووە. کەمایەتی تورکمان بەهەمان شێوە رێژەی ژمارەیان بەنیوە بووە لەساڵی 1925 وە تا 1977, واتە لە 29٪ هاتووەتە خوارەوەو گەیشتووەتە 16٪.

دیارە پۆلیتیکی پاککردنەوە و بەعەرەبکردن لەناوچە کوردستانیەکانی دیکەشدا بەگەرمی لەئارادا بووە لەناوەڕاستی حەفتاکاندا. لەساڵی 1975دا ڕژێم ژمارەیەکی زۆری کوردە فەیلیەکانی بەغدا و خەناقین و شوێنی تر بەبیانووی ڕەگەزی ئێرانی لەعێراق وەدەرنا. هەر ئەو ساڵە ڕژێم شەش گەڕەکی (ناوی گەڕەکەکان: برج, کەلا, بەرسی, بەربەڕۆژ, کۆرا ستی, سەرا) لەناو شاری شەنگاردا تێکدا. لەهەمان کاتدا ڕژێم هەستا بەناو گۆڕینی گوندەکانی دەورووبەری شەنگار بۆ عەرەبی[35].

لەساڵی 1976دا ڕژێم دانیشتوانانی 29 گوندی لە دەشتی کەندێناوەدا ڕاگواست و پاشان عەرەبی هێنا و لەو گوندانەدا نیشتەجێی کردن. ئەم گوندانەی لەڕووی بەڕێوەبەرایەتیەوە خستە سەر قەزای دووبز و ناوی گوندی سەرگەڕانی گۆڕی بۆ قودس. شایانی باسە ئەو گوندانە گەلێکیان بەکانی نەوت دەوڵەمەندن[36].

لەناوەڕاستی هەشتاکان بەدواوە ڕژێم کەوتە هێرش و بۆردومانکردنی گوندە ئاوەدانەکانی سەربە شارەکانی کەرکوك, مەخموور, کۆیە, هەولێر. زیانێکی گیانی و ماڵی زۆر بەخەلکی ئەم گوندانە کەوت. پاشان لە ساڵی 1987دا, ڕژێم لەژێر

[33] د. نوری تاڵەبانی 1998: 70-72.
[34] عەبدوڵلا غەفوور, 1995, ئەتنۆ-دیمۆگرافیای باشووری کوردستان, ل.44. هەروەها سەیری د. نوری تاڵەبانی 1998 لاپەڕە 83-84 بکە.
[35] غەفور مەخموری, بەعەرەبکردنی کوردستان, 2002. لاپەڕە: 31-32.
[36] کاوە نادر, کەندێناوە لەنێوان ڕاگواستن و بەعەرەبکردندا, 2001. لاپەڕە: 46.

بڕیاری "مەحزور ئیداری" گەمارۆی ئابووری خستەسەر دانیشتوانی ئەم گوندانە, بەمجۆرە لەهەموو مافێکی هاوڵاتیانە بێبەشکران. دیارە ئەمە بووەهۆی ئەوەی خەڵکێکی زۆر گوندەکانیان بەجێبێڵن.

پۆلیتیکی پاکتاوکردن و بەعەرەبکردن لەهەشتاکانداو لەژێر فەرمانڕەوایی سەدام حسێنی دیکتاتۆردا زۆر توندوتیژ و بێبەزییانە درێژەی پێدرا, کەبووەهۆی دابەزینی ڕێژەی ژمارەی کوردەکان لەناوچەکانی کەرکوك, مەخموور و قەراج بەشێوەیەکی کوشندە, لەبەرامبەری ئەوەدا ڕێژەی ژمارەی عەرەبەکان زۆر بەرز بووەوە. پۆلیتیکی پاکتاوکردن لەگەڵ دەست پێکردنی هێرشەکەی ئەنفال گەیشتە لوتکە. هێرشی ئەنفال هەموو ئەم نیشانانەی دەگرتەخۆ کە لەژینۆسایدا بەدی دەکرێن. لەئۆپەراسیۆنەکەدا کەدژی هەموو باشووری کوردستان کەتبووەگەڕ, خەڵك بەکۆمەڵ کوژران, دەستبەسەر کران و بەدیل بردران, بەهەزاران گوند تالآن و خاپورکران, بەکورتی ڕووبەرێکی بەرفراوانی باشووری کوردستان لەخەڵك و ئاوەدانی پاککرایەوە. ئەو خەڵکەی کە بەدیلیش بردران, تاکوتەرای نەبێ ئەویتر هەمووی کوژران و لەناوبردران. بەم دواییە هەندێ دەکومێنت کەوتوونەتە بەردەست کەهێما بۆ فرۆشتنی ژنان و کچانی ئەنفالکراوی کورد بۆ وڵاتی میسری عەرەبی و وڵاتانی دیکەی عەرەبی دەکەن[37]. دیارە تاوانەکانی کۆمەڵکوژیەکەی ئەنفال زۆرن و چاوەڕوانی ئاشکرابوونی دەکومێنتی زۆر لەمبارەیەوە دەکرێت. ئەنجامی کۆمەڵکوژیەکەی ئەنفال, تێکدان و سوتاندنی زیاتر لە 4000 گوندی کوردستان, هەروەها گرتن و شونبزرکردنی زیاتر لە 182000 مرۆڤی کورد بوو.

لەژێر هێرشی بەربلآوی ئەنفالدا لەساڵی 1988دا بەتەنها لەناوچەی کەرکوك و دەوروبەریدا 779 دێهاتی کورد سوتێندران یا لەگەڵ خاکدا تەختکران. دانیشتووە کوردەکانی ئەم دێهاتانە زۆربەیان گیران و شوونبزر کران. ژمارەی ئەو خێزانانەی کەلەم دێهاتانەی ناوچەی کەرکوك و دەوروبەریدا کۆچیان پێکرا و دەرکران 37726 خێزان بوون[38].

لەکۆتاییدا پێویستە بگوترێ کەوا لەنیوەی دووەمی سەدەی رابردووەوەدا کێشەو ناکۆکیەکی سەخت لەنێوان پارتە ڕامیاریەکانی کورد و رژێمە یەك لەدوای یەکەکانی عێراقدا لەسەر ناوچە کوردستانیەکانی کەزۆرجار بەناوچە سنووریەکان ناودەبردرێن هەبووە. شایانی باسە رژێمی عێراق ئەم شوێنانەی بەناوچەی کوردەکان نەزانیووە, بەڵکو بەبەشێکی دانەبڕاوی خاکی عەرەبی داناون[39].

## 3.1 بارودۆخی ناوچە سنووریەکان لەکۆتایی سەدەی ڕابردوو و سەرەتای ئەم سەدەیەدا

پاکتاوی ڕەگەزی لەناوچە کوردستانیەکانی خوارووی هێڵی 36 واتە ئەم ناوچانەی کەدەکەونە ژێرچنگی ڕژێمی بەغدا بەبەردەوامی و بێپسانەوە درێژەی هەیە. ئەمە بووەتە هۆی دروستکردنی هەراسانی و نیگەرانیەکی زۆر لەناو خەڵکی کورددا, بەتایبەتی خەڵکە ڕۆشنبیرەکەو ڕێکخراو و پارتە ڕامیاریەکان.

ئەو پاکتاوکردنەی ئێستا لەئارادایەو ڕۆژانە پەیڕەو دەکرێ, دەرکردن, ڕاگواستن و راونانی کوردەکانی ئەم ناوچانەیە, بۆنموونە لەناوچەی کەرکوك و بەتایبەتی لەناو شاری کەرکوکدا, کوردەکان دەخرێنە بەردەم دوو ڕێگا: یەکەم, یا دەبێ بەرەو خوارووی عێراق کۆچ بکەن, لەم بارەدا ڕێگایان پێدەدرێ کەلوپەل و شمەکەکانیان لەگەڵ خۆیاندا ببەن. دووەم, گەر نەچن بۆ خوارووی عێراق ئەوا ناچاردەکرێن بەرەو سەروو و ناوچە کوردە ئازادەکانی ناو زۆنی دڵنیایی 36 کۆچ بکەن, لەم بارەدا ڕێگایان نادرێ کەلوپەل و شمەکەکانیان لەگەڵ خۆیاندا ببەن. کوردەکان یا ڕێگای یەکەم یا دووەم هەڵدەبژێرن, لەهەردوو باردا کۆچکردنی ناچاریانەیانە لەزێدی خۆیان و بابوباپیرانیاندا. ئەو کوردانەی ڕێگای دووەم هەڵدەبژێرن, خۆیان لەناو چادرگەی پەنابەراندا دەدۆزنەوەو ژیانێکی سەخت چاوەڕوانیان دەکات.

د. نوری تاڵەبانی دەڵێ, "ژمارەی کوردە پەنابەرەکانی ناوچەی زۆنی دڵنیایی 36 و ئەوانەی لەکەمپی پەنابەراندا دەژین نزیکەی 100000 سەد هەزار کەس دەبن, هەروەها ژمارەی ئەو کوردانەی کەبۆ خوارووی عێراق کۆچ دەکەن لەم ژمارەیە زیاتربن کەمتر نین"[40].

پۆلیتیکی بەعەرەبکردن بەرچاوانە لەناوچە کوردستانیەکانی ژێر دەستی حکومەتی عێراق درێژەی هەیەو ڕۆژانە ڕاگواستن, ڕاونان و دەرکردنی کوردەکان لەناوچەکانیاندا لەلایەن گەلێ ڕۆژنامە هەروەها ناوەند و ڕێکخراوی ڕامیاری جیاجیادا دەخرێنە بەرچاو و ڕادەگەیەندرێن.

---

[37] Kurdishmedia.com, 2003.07.15

[38] د. نوری تاڵەبانی 1998: 107. بۆ وەرگتنی وێنەیەکی ڕوونتر سەیری خشتەی لاپەڕە 108 یش بکە.

[39] د. مەحمود عوسمان 2000, چاوپێکەوتنی تەلەڤیزیۆنی لە Medya TV.

[40] د. نوری تاڵەبانی 2000, چاوپێکەوتنی تەلەڤیزیۆنی لە Medya TV.

لەناویانـدا بۆنموونـە: رۆژنامــەی کوردســتانی نــوێ دەنووســێ, ژمــارەی ئــەو کوردانــەی لــەرۆژی 2000/1/1دا تــا 2000/4/1دا واتە لەماوەی سێ مانگدا گەیشتووەتە 531 کەس کەسەربە 96 خێزانن[41]. هەر لـەم بارەیـەوە کۆمیسـیۆنی مافەکانی مرۆڤی نەتەوەیەکگرتووەکان پەرێشانی خۆی دەربـارەی پاکتـاوی ڕەگـەزی لەناوچـە کوردسـتانیەکانی ژێردەسـتی رژێمی عێراق دەردەبڕێ و داوای وەستاندنی ئەم پۆلیتیکی پاکسازیە لەڕژێمی عێراق دەکات[42]. لەڕاپۆرتی ساڵانەی مافەکانی مرۆڤ کە لەلایەن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە لەفێبریوەری 2001دا دەرچـووە, لەلاپـەڕە 16 دا بـاس لەبـەردەوامی پاکتاوی ڕەگەزی لەناوچەکانی ژێردەستی دەسـەڵاتی بەغـدا دەکـات, بۆنموونـە دەنووسـێ, ژمـارەی ئـەو خێزانـە کوردانـەی کەلەنێوان مانگی یەك و حەوتی 2000دا دەرکراون گەیشتووەتە 155 خێزان کەلە 875 کەس پێکدێن[43].

کوردیش میدیا لەهەواڵێکی رۆژی 2002/1/8دا باس لەبەردەوامی پۆلیتیکی بەعەرەبکردن لەناوچەی کەرکوکدا دەکات و دەنووسێ, حکومەتی بەغدا داوا لەعەرەبەکانی شارەکانیتری عێراق بۆ کرینی خانوو و زەویوزاری کوردەکانی شاری کـەرکوك بەنرخی هەرزان دەکات, هەروەها بـەڵێنی ئەوەشـیان پێـدەدات کـەکارە داراییـەکانیان بۆئاسـان بکـات. هـەروەها دەنووسـێ حکومەتی بەغدا 1500 پارچە زەوی بەسەر کارمەندە عەرەبەکاندا دابەشکردووەو نیازیشی وایـە 2200 خـانووی تـازە بـۆ کارمەنـدە عەرەبـە تـازە هاتووەکـان دروسـتکات. هـەروەها سەرچـاوەکە ڕادەگەیـەنێ کـەوا ژمـارەی دەرکـراوە کوردەکـان لەدووسێ مانگی ڕابردوودا گەیشتووەتە 575 کەس[44]. رۆژنامەی هاوڵاتی لەژمارە 57ی ڕۆژی 2002/1/21دا دەنووسـێ, جوتیارە کوردەکانی ناوچەی شەمامك کەدەکەوێتە خوارووی شارۆچکەی کەرەك پەلاماری ئەو عەرەبانـەیان کـەرژێمی بەغـدا هێناویەتـە ناوچـە کوردسـتانیەکانی ئـەم دەڤـەرە, داوە. سەرچـاوەکە دەنووسـی, رژێمـی بەغـدا بـەهاوکاری سـوپا هـەوڵی داگیرکردن و بەعەرەبکردنی گونـدەکانی ئـەم ناوچـەیە دەکـات[45]. رۆژنامـەی خـەبات لـەڕۆژی 2002/4/26دا دەنووسـێ, حکومەتی عێراق بەنیشتەجێکردنی عەرەب لەگوندەکانی گـردە شـینەو گۆڵتەپـە کەسـەر بـەپارێزگای مـەخموورن هەڵسـاوە, شایانی باسە ئەم عەرەبە تازەهێنراوانە لەسەر ئەو زەویانە نیشتەجێکراون کەخاوەنەکانیان کوردن. هـەروەها لەرۆژنامەکـەدا هاتووە, لەناوچەی قەراج و کەندێناوەدا نزیکەی 140 گوند بەتەواوی لەکورد پاککراونەوتەوەو بەعەرەبکراون[46].

جگە لەمانەی سەرەوە, بەمەبەستی تیشك خستنەسەر هەبوونی پاکتاوی ڕەگەزی لەناوچەی کەرکوکدا, هەروەها بارودۆخ و شێوەی گوزەرانی کوردە ئاوارەکان بەتایبەتی ئەوانەی لەکەمپی پەنابەرانـدا دەژیـن, بـەهاوکاری هەنـدێ بـرادەری دڵسـۆز لێکۆڵینەوەیەك لەناو ئاوارەکانی کەمپی "بەردەقارەمان" ئەنجام درا. لێکۆڵینەوەکە بەیارمەتی لیستی پرسـیارو وەڵام واتـە بـەڕێگای لێکۆڵینـــەوەی میـتـــۆدی چـەنـدایـــەتی Qualitativ Methode Research جـێبـەجــێکرا. لەبەشـی داهاتوودا هەوڵ دەدەین بیروبۆچوونی ئاوارەکانی کەمپی پەنابـەرانی بـەردەقارەمان سـەبارەت بـەپۆلیتیکی بەعـەرەبکردن و هەروەها هەڵوێستیان دەربارەی هەندێ پرسـیار بـزانین. بـزانین ئـەوان کـەقوربانی ڕاسـتەوخۆی ئـەم بەعەرەبکردنـەن چـۆن دەڕواننە کێشەکەیان و چارەسەرەکان چۆن دەبینن.

## 4.1 پێناسەی چەمکی پکتاوی ڕەگەزی و بەعەرەبکردن

لێرەدا هەوڵ دەدرێ هەندێ پێناسەو کورتە ڕوونکردنەوەیەك دەربارەی چەمکی پاکتـاوی ڕەگـەزی, هـەروەها جۆرەکـانی تری پاکتاوکردن بخرێتەڕوو. پاشان دێینەسەر پێناسەو ڕوونکردنەوەی چەمکی بەعەرەبکردن و بەراوردکرنی لەگـەڵ چـەمکی پاکتاوی ڕەگەزی, واتە جیاوازی و نزیکایەتیان لەیەکتر.

بەگوێرەی باسی جەنیفەر جاکسۆن پریس کەشارەزایە لەبواری ناسیونالیزم لەئەوروپادا, خـودی چـەمکەکە واتـە چـەمکی "پاکتـاوی ڕەگـەزی" چـەمکێکی نوێیـەو بـۆ یەکـەمجار لەسـەرەتای 90ـــەکانەوەو بـەهۆی ململانێـی ئێـتنی و ڕەگـەزی لەیوگوسلاڤیای کۆندا هاتە ناو زمانی ڕامیاریەوە[47]. بەڵام فەنۆمینی واتە دیاردەی پاکتاوی ڕەگـەزی کۆنـەو دەگەڕێتـەوە بـۆ سەدەکانی رابردوو. دیارە گەلـێ نموونەش لەم بارەیەوە هەن, بۆنموونە: پاکتاوی ڕەگەزی ئەرمەنیەکان لـەتورکیادا لەلایـەن

41 رۆژنامەی کوردستانی نوێ سەرەتای ئەپریلی 2000
42 The Kurdistan Observer 18.4.2000
43 U.S. Department of State: Country Reports on Human Rights Practices.February 2001: Iraq, pp, 16.
44 KurdishMedia.com 08/01/2002
45 رۆژنامەی هاوڵاتی, ژمارە 57 رۆژی 2002/1/21.
46 The Kurdistan Observer 07/05/2002
47 J. J. Preece in Human Right Quarterly 1998: 818.

دەسەڵاتی تورکەوە لەساڵی 1915دا. پاکتاوی ڕەگەزی ڕۆمانیەکان لەبولگاریادا دوای شەڕی جیهانی یەکەم. پاکتاوی ڕەگەزی جولەکەکان "هۆلۆکۆست" لەکاتی شەڕی جیهانی دووەمدا, کوشتنی دەیان هەزار کرواتی لەلایەن سوپاکەی تیتۆوە .. هتد. ئەندریۆ بیل بیالکۆف کەشارەزاییکە لەبواری پاکتاوی ڕەگەزیدا دەڵێ, "پێناسەی چەمکی پاکتاوی ڕەگەزی ئاسان نییە, چونکە دیاردەیەکە لەنێوان بەزۆر تێکهەڵکێشکردن و گۆڕینی ڕوخساری دانیشتوان هەروەها ڕاگواستن و ژینۆسایددا خۆی دەنوێنێ. بەڵام دەتوانرێ بەشێوەیەکی گشتی بگوترێ یا مرۆڤ واله پاکتاوی ڕەگەزی بگا, کەپاکتاوی ڕەگەزی واتە نەهێشتن و پاککردنەوەی خەڵکێکی یا گروپێکی نەویستراو و حەزلێنەکراو لەناوچەیەکی دیاریکراودا لەبەر هۆکاری ئایینی, ڕەگەزی, ڕامیاری, ستراتیژی یا ئایدۆلۆژیدا یا هەندێ لەو فاکتەرانە بەیەکەوەبێ"[48] . بەواتایەکی دیکە دەکرێ مەبەستی پاکتاوی ئێتنی یا ڕەگەزی جیاوازبێ هەروەها لەشێوەی جیاوازدا پیادە بکرێ, بۆنموونە دەکرێ هۆکاری ئایینی بنەهۆی پاکسازی لەناوچەیەکدا, کەتیایدا ئایینە نەوسیتراوەکە پاك دەکرێتەوە, واتە خەڵکی سەربە ئایینە حەزلێنەکراوەکە ناچاردەکرێن ئایینەکەی خۆیان بگۆڕن یا پاك دەکرێنەوەو قڕدەکرێن یا بەرەوڕووی ڕاگواستن دەبنەوە یا بەشێوەی دیکەو جۆری تر پاکسازیەکە ئەنجام دەدرێ. بۆنموونە شەڕی ئایینی نێوان ئیسلام و جو, ئیسلامەکان و کریستیانەکان, کریستیان و جو یا پرۆتستانت و کاتۆلیکەکان لەسەدەکانی زوو و ناوەڕاستدا هۆکاری ڕاستەوخۆی پاکسازی بوون.

لێرەدا پێویستە ئەوەبگوترێ کەوا مەرج نییە هەمیشە مەبەست لەپاکتاوی ئایینی پاکتاوی ڕەگەزی بێ. چونکە بۆنموونە جاروابووە کەخەڵکێك (دوای شکانیان و ژێردەست بوونیان) زۆریان لێکراوەو ناچارکراون ئایینەکەی خۆیان بگۆڕن بۆ ئایینی باڵادەست, ئەم خەڵکە (لەترسی قڕکردن) ملکەچیان نواندووەو داواکەیان بەجێگەیاندووە, بەمجۆرە توانیویانە ڕەگەزی خۆیان و ناوچەکەی خۆیان بپارێزن. بۆیە لەم بارەدا پاکتاوکردنەکە پاکتاوکردنێکی ئایینیە نەك ڕەگەزی, بەڵام زۆرجار لەیەکتر جیاکردنەوەی پاکتاوی ئایینی و ڕەگەزی  ئاسان نییە, بەتایبەتیش مەبەستی ڕاستەقینەی پاکسازیەکە, چونکە دەکرێ لەلایەك هەردوو جۆری پاکسازیەکە بەیەکەوە ڕوو بدەن, لەلایەکی دیکە پاکتاوە ئایینیەکە قۆناغێك بێ بۆ پاکتاوە ڕەگەزیەکە یا لەژێرناوی ئاییندا خۆی پیشاندا, ئەمە بەتایبەتی گونجاوە دەربارەی کەمینەکان لەناوچەیەکدا یا وڵاتێکدا کەزۆربەو نەتەوەی باڵادەست سەربە ئایینی ترو ڕەگەزی دیکەن.  نموونەی پاکتاوی ئایینی, بۆنموونە پاکتاوی ئایینی لەئێران و کوردستاندا لەکاتی داگیرکردنی ناوچەکان لەلایەن لەشکری عەرەبی ئیسلامەوە, عەرەبە ئیسلامەکان پاکتاوی ئایینی ناوچەکانیان کرد, واتە ئایینی زەردەشتی و ئایینەکانی تریان لەناوچەکاندا ڕەشکردەوەو ئایینەکەی خۆیان سەپاند, پاش ئەوەی کوردەکان لەزۆر ناوچەدا ملکەچکران و ئایینی لایەنی براوەیان پەسندکرد, کوردەکان توانیان ڕەگەزی خۆیان بپارێزن و لەناوچەکەی خۆیاندا بمێننەوە. بەڵام ئەو کوردەکانەی لەهەندێ شوێندا ئامادەی سەر شۆڕ کردن نەبوون بەر شاڵاوی کۆمەڵکوژی کەوتن و تۆویان سڕایەوە, بەمجۆرە بەر پاکتاوی ڕەگەزیش کەوتن.

هەروەها بەپێی ئەندریۆ بیل بیالکۆف جیاوازی گرنگی نێوان پاکتاوی ڕەگەزی نوێ و پاکسازیەکانی سەدەکانی ناوەڕاست ئەوەیە, کەلەپاکسازیە ئایینیەکانی کۆندا شانسی یا بواری خۆگۆڕین هەبوو, واتە دانیشتوانی ناوچەیەك ڕێگای ژیان و مانەوەیان دەدرا گەر ئایینی کۆنی خۆیان بەئایینی هاتوو بگۆڕیبایەوە. لەپاکتاوکردنێکی ڕەگەزی شێلگیرانەی مۆدێرندا ئەم شانسە یا بوارە لەئارادا نییە, کەمینە نەویستراوەکە یا دەبێ بڕوا یا لەناو دەبردرێ, واتە تەنها یەك ڕێگا هەیە ئەویش نەمانی نەتەوە کەمینەکەیە لەناوچەکەدا[49] .

مۆتیڤی واتە مەبەستی پاکسازی دەکرێ ئایدۆلۆژی بێت, بەجۆرێ کە بەتەنها یەك ئایدۆلۆژیای دیاریکراو بەڕاست و ڕەوا دادەندرێ, واتە یەك ئایدۆلۆژیا جێگای هەیەو تەواو. ئایدۆلۆژیاو بیروبڕوای دیکە ڕێگایان پێنادرێو بەناڕەواو ناڕاست دادەندرێن, بەمجۆرە پاکدەکرێنەوەو لەناودەبردرێن. بۆنموونە, لەگەڵێ لەوڵاتە کۆمۆنیستەکاندا ( سۆڤیەتی کۆن, چین, کوبا, باکووری کۆریا) تەنها جێگا بۆ پارتی کۆمۆنیست و ئایدۆلۆژیای سۆسیالیزم هەیە. دیارە لەژێر سایەی باڵادەستبوونی و سەپاندنی ئایدۆلۆژیای سۆسیالیزمدا لەقۆناغە سەرەتاییەکانی زاڵبوونی سیستەمی سۆسیالیستیدا دەکرێ پاکتاوی چینایەتی ڕەوایەتی تەواوی پێبدرێ, واتە یەك چین کەچینی "کرێکارانە" باڵادەست دەبێو چینەکانی تر وەك بورژواو نیمچەبورژوا هەڵدەوەشێندرێنەوەو لەناودەبردرێن. بۆیە دەکرێ پاکتاوکردن پاکسازی دیکە بگرێتەخۆی.

دەکرێ پاکتاوکردن بەهۆی جیاوازی ڕەگەزەوە بێت, واتە لەبەر هۆکاری ناسیونالیستانە پاکسازی بێتەکایەوە. لەم جۆرە پاکسازیەدا کەمەنەتەوەی یا خەڵکی نەویستراو و حەزلێنەکراو پاك دەکرێنەوە یا ڕادەگوازرێن یا بەرەوڕووی جۆری ترو شێوەی دیکەی پاکسازی دەبنەوە.

---

48 Bell-Fialkoff in Foreign Affairs, 1993: 110

49 Bell-Fialkoff i Foreign Affairs. 1993:111

ڕاپۆرتنووسی سەربە نەتەوەیەکگرتووەکان تادۆز مازۆوسکی بەم جۆرە پێناسەی پاکتاوی ڕەگەزی دەکات: "ڕاگواستن یا دوورخستنەوەی گروپێکی ئێتنی واتە ڕەگەزجیاواز لەناوچەیەکی دیاریکراودا لەلایەن گروپێکی دیکەی ئێتنی کەدەسەلاَتی ناوچەکەی بەدەستەوەیە. پاکتاوی ڕەگەزی دەکرێ لەڕێگای پاکسازیەکی سیستەماتیکانەی دانیشتوانی سیڤیل لەناوچەیەکدا بێت". واتە گروپێکی ئێتنی کەفەرمانڕەوایە بەکاری پاککردنەوەی گروپێکی دیکەی ڕەگەزجیاواز و نەویستراو لەناوچەیەکی دیاریکراودا هەڵدەستێ[50].

بەپێی جەنیفەر جاکسۆن پریس لەڕاستیدا "ناوچەیە یا خاکە" ناکۆکی و هەرای لەسەردایە, چونکە ئامانجی بنەڕەتی ڕاگواستنی بەزۆری خەڵکی نەویستراو مسۆگەرکردنی ناوچەکەیە. واتە گروپی ئێتنی دەسەلاَتدار هەوڵ دەدات ناوچەیەك لەگروپێکی دیکەی ڕەگەز جیاواز پاك بکاتەوە بەمەبەستی مسۆگەرکردنی ناوچەکە, بەمجۆرە دانیشتوانی ناوچەکە بەتەنها خەڵکی سەربە نەتەوەی بالاَدەست و فەرمانڕەوا خۆیان دەبن. ئامانجی سەرەکی لێرەدا بەدەستهێنانی یەك ڕەنگی ئێتنیە واتە یەك ڕەنگی ڕەگەزی, بەمجۆرە بەدەستهێنانی ستاتی ڕەسەنی ناسیوناڵە واتە دەوڵەتی ڕەسەنی نەتەوەیی, دیارە لەستاتێکی ڕەسەنی ناسیونالدا تەنها یەك نەتەوە واتە یەك ڕەگەز هەن. بەم شێوەیە پاکتاوی ڕەگەزی قۆناغێکە بۆگەیشتن بەستاتی ڕەسەنی ناسیونال. هەروەها جەنیفەر پریس پێی وایە, ململانێی ڕەگەزی, کۆچکردن و ڕاگواستنی خەڵك زیاتر لەم بارو کاتانەدا دێنەکایەوە کاتێ دەستکاری نەخشەی ناوچەیەك یا دەستکاری سنوورەکان دەکرێت و سنوورەکان دەگۆڕدرێن, ئەمە بەتایبەتی لەو شوێنانەی کە ناکۆکی لەسەر ناوچەو خاکدا هەیە[51].

بەپێی باسی جەنیفەر پریس, دەکرێ پاکتاوی ڕەگەزی زۆر خێراو توندوتیژ بێت یا وردە وردەو بەهێمنی و لەماوەیەکی درێژدا بێت. هەروەها دەکرێ پاکتاوی ڕەگەزی لەکاتی هەبوونی ئارامی و ئاشتیدا ڕووبدا یا لەکاتی جەنگدا ڕووبدات[52]. دەکرێ پاکسازی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ جێبەجێ بکرێ, لەم بارەدا زمان و کەلتووری کەمەنەتەوە قەدەغە دەکرێت, کارپێدان یا ڕێگای خوێندندان سنووردار دەکرێ هتد.. بەواتایەکی دیکە تواندنەوەیەکی بەزۆری کەمەنەتەوە لەکۆمەڵی نەتەوەی بالاَدەستدا (بەم پرۆسیسە دەگوترێ ئەسیمیلاسیۆن assimilation ). لەڕاستیدا پاکسازی بەهەر شێوەو ڕێگایەك بێت یا میتۆدەکە هەرچۆنی بێت, ئەنجام پاککردنەوەی ناوچەیەکی دیاریکراوە لەگروپێکی یا کەمینەیەکی نەویستراو, ئەمە وادەکا نەتەوەی بالاَدەست بتوانێ ستاتێکی یا ناوچەیەکی یەك ڕەنگی یەك نەتەوەیی بەدەست بهێنێ.

سەبارەت بە چەمکی بەعەرەبکردن, ئەوا بەعەرەبکردن چەمکێکە دەتوانرێ لەجیاتی چەمکی پاکسازی ڕەگەزیدا بەکار بهێنرێت, چونکە لەگەڵێ لایەندا یەکدەگرنەوە, بەلاَم لەڕاستیدا دووچەمکی بەشێوەیێ لەشێوەکان لەیەکترجیان, بەم واتایە کە چەمکی پاکتاوی ڕەگەزی بەگشتی بۆ هەموو جۆرە پاکتاوکردنێکی ڕەگەزی لەهەرکوێیەکدابێت بەکاردەهێنرێت, هەرچی بەعەرەبکردنە, لەلایەك هەموو مۆرك و تایبەتمەندیەکانی پاکسازی ڕەگەزیی دەگرێتەخۆی, لەلایەکی تر جۆرێکی پاکسازی ڕەگەزییە کەمۆرکی تایبەت بەخۆی هەیە. واتە بەعەرەبکردن وەك چەمکەکانی بەتورککردن و بەفارسکردن جۆری تایبەت و جیاوازی پاکسازی ڕەگەزین, هەر یەکێك لەم پاکسازیانە مۆرك و تایبەتمەندی خۆیان هەیە, دیارە خاڵی هاوبەش و کرداری لەیەکچوو لەنێوانیاندا بێگومان هەیە. شایانی باسە ناسیۆنی کورد کەموزۆر لەکات و سەردەمی جیاجیادا بەرەوڕووی هەرسێ جۆری پاکسازیەکان بۆتەوەو دەبێتەوە. چەمکی بەعەرەبکردن تەنها بۆ ئەم جۆرە پاکسازییە بەکار دەهێنرێت کەنەتەوەی عەرەب پێی هەڵدەستێ و لەلایەن عەرەبەوە ئەنجام دەدرێت. هەروەها تەنها بۆ جۆرە پاکسازییەك بەکار دەهێنرێت کەمەبەستی جێنیشکردنی عەرەبە لەشوێنی نەتەوە نەماوەکە, یا تواندنەوەی نەتەوە نەویستراوەکە لەبۆتەی نەتەوەی عەرەبدا. واتە لە بەعەرەبکردندا ڕەگەزی عەرەب بەهایەکی سەنتراڵە, بەمشێوەیە گرنگترین و بەرزترین بەهای پرۆسەکەیە.

چەمکی بەعەرەبکردن واتە ڕەگ هەڵتەکاندنی نەتەوەیەکی یا ڕەگەزێکی نەویستراو لەناوچەیەکی دیاریکراودا و جێنیشکردنی خەڵکی سەر بەڕەگەزی عەرەب لەناوچەکەدا, یا گۆڕینی کەلتوور و سیماو ناسنامەی نەتەوایەتی ڕەگەزێکی نەویستراو بۆ عەرەبی و تواندنەوەی لەبۆتەی نەتەوەی عەرەبدا لەناوچەیەکی دیاریکراودا. دەکرێ پرۆسەی پاکسازی و تواندنەوە بەیەکەوە لەیەك کات و شوێندا ئەنجام بدرێن.

ئەم چەمکی بەعەرەبکردنە بۆهەردوو شێوەکە واتە پاکتاوی ڕەگەزی و بەعەرەبکردن بەیەکەوە لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە بەکار دەهێنرێت, چونکە پرۆسەی پاکسازیەکە بەدرێژایی مێژوو هەردوو لایەنی گرتووەتەخۆ. دیارە پرۆسەی ئەنجامدانی بەعەرەبکردن دەکرێ چەند جۆری هەبێت, لەوانە:

---

[50] J. J. Preece. i Human Right Quarterly, 1998: 821

[51] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

[52] J. J. Preece i Human Right Quarterly 1998: 822

یەکەم: پاکسازی و قڕکردن, واتە پاکسازیەك کەلەمیانەیدا ناوچەیەکی دیاریکراو کەمینەیەکی نەویستراوی لـێ قڕدەکرێت و عەرەبی لـێ نیشتەجێ دەکرێت. واتە مەبەستی سەرەکی لەکارەکەدا پاککردنەوەی ناوچەیەکی دیاریکراوە لەڕەگەزێکی نەویستراوی ناعەرەب و بەعەرەبکردنی ناوچەیەکەیە.

دووەم: ڕاگواستن و دەرکردن, واتە ڕاگواستن یا دەرکردنی خەڵکی سەر بەڕەگەزە نەویستراوەکە و جێنیشکردنی عەرەب لەشوێنی خەڵکە ڕاگوێزراوەکە یا دەرکراوەکە. ئەم پرۆسەیە یا بەهۆی ڕاگواستنی یا دەرکردنی خەڵکە نەویستراوەکە لەناوچەیەکی دیاریکراوی هەرا لەسەردا بۆ ناوچەیەکی یەکڕەنگ عەرەبی و پاشان هەوڵی تواندنەوەیان لەبۆتەی کۆمەڵگەی نەتەوەی عەرەبدا دێتەدی, یا بەهۆی دەرکردنی یا دەرپەڕاندنی خەڵکە نەویستراوەکە لەناوچەیەکی کێشە لەسەردا بۆ ناوچەیەکی دیکەی دەرەوەی دەسەڵاتی نەتەوەی عەرەب. لەمبارەیاندا خەڵکە دەرکراوەکە خاك و نیشتیمانەکەی لێ زەوت دەکرێ, بەڵام چارەنووسیان لەدەستی نەتەوەی عەرەب دەردەچێ و مەترسی توانەوەیان لەناو عەرەبدا نابێ, دیارە بەئەگەری زۆر بەرەوڕووی چارەنووسێکی نادیار دەبنەوە.

سێیەم: عەرەب هێنان و گۆڕینی مۆرکی نەتەوایەتی ڕەگەزی ناعەرەب,  بەواتایەکی دیکە هێنانی عەرەب و جێنیشکردنی عەرەب لەشوێنی نەتەوەی یا کەمینەی ژێردەستدا هەروها لەهەمان کاتدا گۆڕینی ناسنامەی نەتەوایەتی, زمان, کەلتوورو داب و نەریت, جلوبورگ, نۆرمی کۆمەڵایەتی, ناوی کەس, ناوی ناوچەو شوێن, کۆمەڵگە, سیمای شارستانی نەتەوەیەك یا کەمینەیەکی ژێردەستکراو بۆ عەرەبی, ئەمە بەبێ ئەوەی نەتەوەی سەردەستی عەرەب هەمووکات پێویستی بەڕاگواستن یا لەناوبردنی کەمینەی ژێردەست هەبێت. بەواتایەکی دیکە گۆڕینی بنەڕەتیانەی مێنتالیتیت و سیمای نەتەوەی ژێردەست بۆ مێنتالیتیت و سیمایەکی عەرەبانە. هەروەها لابردن و گۆڕینی مۆرکی نەتەوایەتی وەك نۆرم و خورەوشت و نەریتە کۆمەڵایەتیەکان, لابردن و گۆڕینی زانیاری مێژوویی و پەروەردەیی کۆن و باوی نەتەوەی یا کۆمەڵی ژێردەست, گۆڕینی ناوی شوێن و کەس, سرینەوەی شێوەی لێکدانەوەو بیرکردنەوە هەروەها بیروبۆچوونی دێرینەی خەڵکی ژێردەست, بەکورتی سڕینەوەی هەموو ئەم بەهاو چەمکانەی کە سیما و تێگەیشتنێکی ڕەگەزیانەی یا ناسیونالیستانەی ناعەرەبی بەنەتەوەی ژێردەست دەدەن, پاشان سەپاندنی نۆرم و نەریت و شێوە ژیانێکی کۆمەڵایەتی نوێ, سەپاندنی جۆرە بیرکردنەوەو لێکدانەوەیەکی نوێ, سەپاندنی سیما و کەلتووری نەتەوەی داگیرکەری عەرەب بەسەر نەتەوە یا کەمینەی ژێردەستدا. بەمجۆرە گۆڕینی سیمای نەتەوایەتی و مێنتالیتیتی مرۆڤەکانی نەتەوە ژێردەستەکە, بەبێ ئەوەی ئەم نەتەوەیە قڕ بکرێن و لەناو ببردرێن. واتە ڕەگەزە ژێردەستەکە لەناو نابردرێ و ڕەشناکرێتەوە, بەڵکو لەلایەك گۆڕانێکی بنچینەیی مێنتالیتی و دەروونی لەخودی مرۆڤەکانی نەتەوە ژێردەستەکە دەکرێت, لەلایەکی تر گۆڕانێکی بنەڕەتی سیماو روخساری واتە دەرەکی کەسەکان, کۆمەڵگە و ناوچەی ژیانی ئەم نەتەوە ژێردەستە دەکرێت.

ئەنجامدانی ئەم پرۆسە جیاجیانەی بەعەرەبکردن دەکرێ ڕاستەوخۆ و خوێناوی بێت و لەڕێگای کوشتنی بەکۆمەڵ, سوتاندن و کاولکردن واتە ژینۆسایدا جێبەجێ بکرێت, یا ناڕاستەوخۆ و بەهێمنی و لەژێر فشاریتردا جێبەجێ بکرێت واتە بەهۆی گۆڕینی ناوی کەس و شوێن, گۆڕینی ناسنامەی نەتەوایەتی, گۆڕینی نۆرم و نەریت لەژێر فشاری دیکتاتۆریانەی ستاتدا, بۆنموونە مەرج سەپاندنی رەگەزپەرستانە وەك رێگا لەکار گرتن یا رێگا لەخوێندن گرتن, مەرج دانان بۆ خانو و زەوی کڕین و فرۆشتن هتد.. جێبەجێکردنەکە خوێناوی بێت یا خوێناوی نەبێت, دیارە ئەنجامەکە ڕەشکردنەوەی یا تواندنەوەی نەتەوە ناعەرەب و نەویستراوەکەیە.

لەڕووی مێژووییەوە دەکرێ بیرو بۆچوونی جیاواز لەسەر بەعەربکردن و یەکەمین سەرهەڵدانی ئەم جۆرە پاکسازی رەگەزییە یا تواندنەوەی نەتەوەی ژێردەستی ناعەرەب لەبۆتەی نەتەوەی باڵادەستی عەرەبدا هەبێ. جێگای خۆیەتی هەندێ تیئۆری و بۆچوون لەمبارەیەوە بخەینەڕوو, ئەوانیش:

یەکەم: سەرەتای پەیدابونی ئیسلام و دواتر داگیرکردنی گەلێ ناوچەی نزیك و دووری دورگەی عەرەب وەکو سەرووی ئەفریکا, رۆژهەڵاتی ناوەراست و ئاسیای بچوك و بەشێك لەخوارووی رۆژئاوای ئەوروپا. لەئایینی ئیسلام و کتێبە پیرۆزەکەی ئیسلام قورئاندا, مرۆڤی عەرەب, مێژووی عەرەب و زمانی عەرەبی کە بەهای گرنگی فاکتەری ڕەگەزی عەرەبن تاڕادەیەکی دیار بەرز ڕادەگیرێن. هەروەها گەلێ لەدابونەریتە کۆمەڵایەتیە عەرەبیەکانی دورگەی عەرب ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ هاتوونەتە ناو قورئان, بەمشێوەیە کۆمەڵگە و کەلتووری عەرەب و زمانی عەرەبی کەزمانی قورئانە پایەیەکی تایبەتیان لەقورئان و ئیسلامدا دراوەتێ. دیارە ئەمە توانیویەتی ببێتە داینەمۆ و هەڵسوڕێنەری میکانیزمی سەپاندنی فاکتەری عەرەبایەتی بەسەر خەڵکی ناعەرەب و ژێردەستەی موسوڵماندا. گومان لەوەدا نییە کە لەشکری عەرەبی ئیسلام هەرشوێنێکی داگیرکردووە هەوڵی داوە ئایین و هەوادارانی ئایینە کۆنەکە پاك بکاتەوەو لەناوبەرێ پاشان ئایینی ئیسلام

لەشوێنیدا بسەپێنێ. ئەم پرۆسەیە کەپرۆسەیەکی **پاکسازی ئایینییە** گەلێجار پاکسازی ڕەگەزیشی گرتۆتەخۆ, لەهەندێ شوێن و ناوچەدا تەواو جێبەجێکراوە, لەهەندێ شوێنی دیکە بەنیوەچڵی ئەنجامدراوە, لەهەندێ شوێنی تردا نەتواندراوە ئەنجام بدرێت. لەو شوێنانەی کەلەشکری ئیسلام سەرکەوتنی تەواوی بەدەست هێناوە, ئایینەکەی خۆی لەشوێنی ئایینە کۆنەکەدا سەپاندووە, بەمجۆرە نۆرم و نەریتی کۆمەڵایەتی ئەو شوێنە داگیرکراوە لەنێوبردراوەو لەشوێنیدا ئەوەی عەرەب و ئیسلامی تێدا سەپێندراوە. واتە کەلتووری شوێنە داگیرکراوەکە ڕەشکراوەتەوەو کەلتوری ئیسلام و عەرەب لەشوێنیدا سەپێندراوە[53].

پێویستە بگوترێت, ئایین جگەلەوەی باوەڕێکی مۆرالیانەی ئاسمانییە, گوزارشت لە ڕەوایەتی ڕاستبوونی دەسەڵاتێکی ناسروشتی و بێسنووری پیرۆزی بێهاوتا دەکات و هەوڵ دەدات تاکەکانی کۆمەڵگەیەك ڕابکێشێتە ناو ئەم بازنەیە و پەیوەندیەکی بەهێزی ناوەکی, گیانی و ئاسمانی لەنێوان تاك و دەسەڵاتێکی نامرۆیی و ناسروشتی و ڕەهای پیرۆزی وەك "خوا" دروست بکات, لەهەمان کاتدا (کە زۆرجار وایە) نۆرم و دابونەریتی مۆرالیانە و کۆمەڵایەتیانەی کۆمەڵگەیە, بەمشێوەیە کەلتووری ئەم کۆمەڵگەیە پێك دەهێنێت. ئایین جگەلەوەی بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە کۆدێکی مۆرالی و ئیتیکییە, لەهەمان کاتدا ستروکتوری جۆرە لێکدانەوە و تێگەیشتنێکی تایبەتە, کە پێودانگێکی تایبەت و چوارچێوەی جۆرە تێگەیشتنێکی تایبەتی ژیان و دەوروبەر بۆ مرۆڤەکان دروست دەکات و مرۆڤەکان ئاوێتەی ئەم ستروکتورە دەکات, بەمجۆرە ناسنامەیەکی تایبەت بەتاکەکانی کۆمەڵگە دەبەخشێ. لە ئەگەری گۆڕینی ئاییندا, ئەوجا ئەو گۆڕینە لەڕێگای پاکسازی ئایینیەوە بێت یا بەڕێگا و شێوەی دیکە بێت, توندوتیژ بێت یا توندوتیژ نەبێت, واتای گۆڕانی هەموو ئەو فاکتەر و بەهایانەیە کەناومان هێنان. بەواتایەکی تر گۆڕانی باوەڕە ئاسمانیەکە, گۆڕانی دەسەڵاتە ناسروشتییەکە, گۆڕانی جۆر و شێوەی پەیوەندیە ناوەکی و ئاسمانی و پیرۆزەکەی پێشوو, گۆڕانی کۆدە مۆرالی و ئیتیکیەکە, گۆڕانی ستروکتوری لێکدانەوەو تێگەیشتنەکەی پێشوو, گۆڕانی پێودانگی تێڕوانینی ژیان, بەمجۆرە گۆڕانی نۆرم و دابونەریتە کۆمەڵایەتیەکەی پێشوو, لەئەنجامدا گۆڕانی ناسنامەی مرۆڤەکانی کۆمەڵگە و کەلتووری کۆمەڵگەیە.

بەپێی ئەم تیئۆرییە میکانیزمی بەعەرەبکردن لەگەڵ ڕاگەیاندنی ئیسلام و شەڕوشۆڕەکانی ئیسلام لەدورگەی عەرەب لەنیوەی یەکەمی سەدەی حەوتەمی زاییندا یەکەم هەنگاوی هاویشتووە. تا چ ڕادەیەك هەستێکی ڕەگەزپەرستانە لەپشتی ئەم پاکسازییە ئایینییەدا بووە یا نەبووە, ئەوە ڕوونکردنەوەو لێکۆڵینەوەی تایبەتی گەرەکە. بەڵام گەرهاتوو بەزۆر گۆڕینی ناوی کەس و شوێن, بەزۆر گۆڕینی نۆرم و نەریتی کۆمەڵایەتی و کەلتوور, کۆمەڵکوژی, کاولکردن, سوتاندن و سڕینەوە بەنیشانەکانی تواندنەوەو پاکسازی ڕەگەزی دابنێین, وە ئەگەر بزانین ئەو دیاردانە لەپاکسازییە ئایینیەکانی لەشکری ئیسلامدا هەبوون, ئەوا دەتوانین بڵێین پاکسازیە ئایینیەکەی ئیسلام پاکسازی ڕەگەزیشی گرتووەتەخۆ. وەکو پێشتر لێیدواین, ئەو دیاردانەی پاکسازی ڕەگەزی لەبەعەرەبکردندا هەن, بەڵام ئەوەی جێگای گرنگی پێدانە زمانی عەرەبی, کەلتووری عەرەبی کەنۆرم و یاسا کۆمەڵایەتییەکان دەگرێتەوە هەروەها ڕەگەزی عەرەبی بەهاو فاکتەری گرنگ و سەنترالن لەپرۆسەی بەعەرەبکردندا, وە ئەگەر بزانین لەئیسلامیزەکردندا زمانی عەرەبی, کەلتووری عەرەبی هەروەها ڕەگەزی عەرەبی[54] (فاکتەری ڕەگەزی عەرەبی بەپلەی نزمتر لەفاکتەرەکانی دیکە) فاکتەری گرنگ و سەنترالن, وەئەگەر بزانین دوای داگیرکردنی هەرناوچەیەك و دوای پاکسازییە ئایینیەکەی ئیسلام, زمانی عەرەبی, مرۆڤ و کۆمەڵگەی عەرەبی, مێژووی عەرەب و کەلتووری عەرەبی بەبەرز و پیرۆز دانراون, ئەوا دەتوانین بڵێین بەعەرەبکردن پرۆسەیەکی بەشێوەیێك لەشێوەکان داپۆشراو یا دانەپۆشراو و جیانەکراوەی پاکسازییە ئایینیەکەی ئیسلام بووە و کەموزۆر گەلێ لەو نەتەوە نائیسلامانەی گرتۆتەوە کە لەکات و شوێنی جیاوازدا بەر هێرشی لەشکری ئیسلام کەوتوون. ئەوجا ئەم پاکسازییە ئایینی و بەعەرەبکردنە, لەئەنجامی هەستێکی شۆڤینیانەی ڕەگەزپەرستانەی عەرەبییەوە بێت یا نا, بەکردار و کردەوە ڕوویان داوە. دیارە ئەمە واتای ئەوە نییە یا مەرج نییە کە هەرنەتەوەیەك ئاشتیانە یا بەزۆر کراوەتە موسوڵمان ئەوا تەواو بەعەرەب کراوە (دیارە ئەمە لەهەندێ باردا و بەرامبەر بەهەندێ کەمەنەتەوە تاڕادەیەك ڕوویداوە), بەڵام گومان لەوەدا نییە هەرنەتەوەیەکی بەئیسلامکراو هەندێ لە بەها گرنگەکانی ڕەگەزەکەی بەعەرەبی کراون. بەشێوەیەکی دیکە عەرەب و ئیسلام دوو ئیلیمێنتی لەیەك جیانەکراوەن و بەتووندی بەیەکەوە گرێدراون[55], بەجیاکردنەوەی هەریەکێکیان ئەویتر لاواز و پەککەوتە دەبێ,

[53] دیارە موسوڵمانان ئەم هێرشە داگیرکاریانەی لەشکری ئیسلام بەفتوحاتی ئیسلام و کارێکی خوداویست و پیرۆز دادەنێن, هیچ گومان و ڕەخنەیەك لەمبارەیەوە بەپەسند و ڕەوا نازانن.

[54] لەپاکسازییە ئایینیەکانی ئیسلامدا ئایین و کەلتوور و زمانی عەرەبی گرنگی زیاتریان لەڕەگەزی عەرەبی هەبووە, بەهۆی ئەوەی مۆتیڤی پاکسازییەکە ئایینی بووە, بەڵام لەبەرئەوەی کۆمەڵگە و مێژوو و ڕەگەزی عەرەبی فاکتەری لەیەکجیانەکراوەی ئایینی ئیسلامن, بۆیە ناکرێ بڵێین فاکتەری ڕەگەز یا ئەو بەهایانەی گرنگیان بۆ فاکتەری ڕەگەز هەیە گرنگ نەبوون. بەم پێیە فاکتەری ڕەگەزی عەرەبی گرنگی واتاداری هەبووە.

[55] جیا لەگەلێ ئایینی دیکە, ئایینی ئیسلام و نەتەوەی عەرەب بەتووندی بەیەکەوە گرێدراون.

بەتایبەتی گەربێتو کۆمەڵگەی عەرەب و مێژووی عەرەب و کەلتووری عەرەب کە لەبۆتەی نەتەوەی عەرەبدا ئاوێتەن لەئایینی ئیسلام جیابکرێنەوە ئەوا ئایینی ئیسلام بوونی بەم شێوەیەی ئێستا نامێنێ یا واتایەکی ئەوتۆی نامێنێ. بۆیە هەرشوێنێکی ئیسلامی بۆ بچێت, بەشێوەیەك لەشێوەکان زمان, نۆرم و کەلتووری عەرەبیشی بۆ دەچێت, لاوازی و بەهێزی ئەم چوونەش بە قورسایی چوونەکە یا بەکات و شوێن دەگۆڕێ. دەکرێ بڵێین ئیسلام بۆ هەرشوێنێك چووبێت کۆمەڵێك بەهای گرنگی ڕەگەزی یا نەتەوەی عەرەبی لە شوێنی هەندێ لەبەها ڕەگەزییەکانی نەتەوە بەئیسلامکراوەکە سەپاندووە یا ئەگەر نەشیتوانیبێ ئەمە بکات مۆرکێکی کەم یا زۆری عەرەبیانەی داونەتێ و کاری تێکردوون, بەمجۆرە بنچینەیەکی دارشتووە کە یارمەتیدەرە بۆ بەعەرەبکردن. هەر ئەمەشە پرۆسەی بەعەرەبکردنی تاکەکانی کەمینەیەك یا نەتەوەیەکی ناعەرەبی موسوڵمان ئاسانتر دەکات, واتە کەمە نەتەوەیەکی موسوڵمان, بەعەرەبکردنی ئاسانترە لە کەمە نەتەوەیەکی ناموسوڵمان. جێگای گوتنە تەنیا کەمە نەتەوەکانی یا ئێتنیەکانی ژێردەستی نەتەوەی باڵادەستی عەرەب ئەم مەترسییەیان لەسەردایە, هەرچی نەتەوە ناعەرەبە موسوڵمانە سەربەخۆکانە ئەوا هەندێ لەبەهاکانی نەتەوەکەیان بەعەرەبی کراون یا مۆرکی عەرەبیانەیان وەرگرتووە. ئەمەش واتای بەعەرەبکردنی نەتەوەکەیان ناگەیەنێ و مەترسی بەعەرەب بوونیان لەسەر نییە, بەڵام ئەوان پیادەی کەلتوورێك دەکەن کە تاڕادەیەك هی عەرەبە. دیارە ئەمە لەلایەك بەشوێن دەگۆڕێت, لەلایەکی تر تاڕادەیەك بە ڕادەی بەهێزی کەلتوورە کۆنەکەی ئەو شوێنە دەگۆڕێت, بەڵام مەرج نییە ئەمە هەمووکات وابێت. واتە لەکاتێکدا گەر کەلتوورە کۆنەکە لاواز بێت ئەوا کەلتووری عەرەب کە لەگەڵ ئیسلامیزەکردندا هاتووە زۆرتر زاڵ دەبێت وە بەپێچەوانەوە, وەکو گوترا مەرج نییە ئەمە هەمووکات وابێت.

بەپێی ئەم بۆچوونە ناسیۆنی کورد وەك ناسیۆنە ناعەرەبەکانی دیکە کەوتوونەتە بەر ئەم شاڵاوی بەعەرەبکردنە, دیارە وەك گوترا هەندێ نەتەوە خۆیان ڕانەگرت و لەبۆتەی نەتەوە و کەلتووری عەرەبیدا تاڕادەیەکی کوشندە توانەوە وەکو بۆنموونە بەربەری و قیبتیەکانی سەرووی ئەفریکا.

تیئۆریەکانی دیکەی خوارەوە بەتەنها تایبەت بەخوارووی کوردستانەوە دەبن, پێویستە بگوترێت, گەلێ لەوانەی پشتگیری یەکێ لەم بۆچوونانەی خوارەوە دەکەن, نایانەوێ خۆیان لەقەرەی سەرەتای هاتنی ئیسلام بدەن و بیرو بۆچوونێکی بەشێوەیێ لەشێوەکان رەخنەگرانە یا نێگەتیڤانە دەربارەی سەرەتای پەیدابوونی ئیسلام دەرببڕن. وەك ئاشکرایە لەکۆمەڵگەیەکی ئیسلامی وەکو کورددا بەچاوی ڕەخنە سەیرکردنی ئیسلام تابووەو ئاسان نییە, یەکێ لەهۆکارەکان ئەوەیە, موسوڵمانان یەکلایەنەو یەکفۆرمی بەبیروڕای ئیسلام وەك تاکە بیروباوەڕی پاك و بەرز و بێهاوتا و بێخەوش گۆش دەکرێن و سۆسیالیزە دەکرێن, بۆیە گومانکردن لەم تێگەیشتنە ڕەنگە بێکێشە نەبێت. یا ئەوانەی باسی بەعەرەبکردن دەکەن موسوڵمانن و نایانەوێ لا لەم بۆچوونە بکەنەوە, یا دەکرێ لەبەر ئەوە بێت کە ئەوان متمانەیان بەو بەڵگە مێژووییانەی کە لەمبارەیەوە هەن, نەبێت.

دووەم: بەپێی ئەم بۆچوونە یا تیئۆرییە هێنانی عەرەب و نیشتەجێکردنیان لەکوردستاندا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دەسەڵاتی مەتحەت پاشای عوسمانی لەکۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا. لە ساڵانی 1872–1869دا مەتحەت پاشا هەوڵی داوە گەلێ لەهۆزە کۆچەرە عەرەبەکان لەناوچە کوردستانییەکانی خوارووی باشووری کوردستان لەشوێنی جیاجیادا نیشتەجێ بکات, بەمجۆرە توانیویەتی تاڕادەیەکی دیار سەرکەوتن لەنیشتەجێکردنی ئەم هۆزە عەرەبانە لەهەندێ ناوچەدا (وەك مەندەلی, بەلەدروز و ناوچەکانی موسڵ و شەرگات) بەدەست بێنێ, دیارە لەهەندێ ناوچەدا (وەك قەراج و مەخمور) ئەمەی بۆ نەچۆتەسەر. بەبۆچونێکی دیکە بەعەرەبکردن دەگڕێتەوە بۆ سەردەمی زووتر و سەردەمی مەمالیك لەساڵانی 1750–1731دا کە ژمارەیەکی زۆر لەخێزانەکانی هۆزە عەرەبەکانی تەی و جبور هێنرانە ناوچەی قەراج و گەیارە.[56]

سێیەم: دەست پێکردنی بەعەرەبکردن لەگەڵ لکاندنی باشووری کوردستان بەعێراقەوە. ئەم بۆچوونە یا تیئۆرییە پێیوایە بەعەرەبکردن لەگەڵ لکاندنی ئەم بەشەی کوردستان بەستاتی عێراقی دروستکراوەوە دەست پێدەکات. لەگەڵ دروستکردنی عێراق, لەلایەن دەسەڵاتی پاشایەتی سەر بەئینگلیز و ئینگلیز خۆیدا هەوڵی سەرکوتکردنی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد دراو بۆ ئەم مەبەستە هێرشی دڕندانە کرایە سەر کوردستان, دیارە ئینگلیز و دەسەڵاتی عەرەبی ئەوسای عێراق توانیان لەسەرکوتکردنی کوردا سەرکەوتووبن. بەمجۆرە ناسیۆنی کورد ناچاری ناو سنوری سەپێندراوی عێراق کرا. هەر لەگەڵ لکاندنی باشووری کوردستان بەفەرمی لەساڵی 1925دا, ناوچەی کەرکوك و موسڵ هەروەها ناوچە کوردستانیەکانی دەوڵەمەند بەچاڵە نەوت لەهەرێمی کوردستان جیاکرانەوەو[57] هەوڵی بەعەرەبکردنی ئەم ناوچانە وردە وردە دەستی پێکرد.

---

[56] غەفور مەخموری, بەعەرەبکردنی کوردستان, 2002. لاپەڕە: 11–14.
[57] حوسێنی مەدەنی, کوردستان و ئیستراتیژی دەوڵەتان, 2000,ل: 306.

بەپێی ئەم تیئۆرییە هەڵکەندنی ژمارەیەکی زۆری چاڵە نەوت و هێنانی ژمارەیەکی زۆری کرێکاری عەرەب و نیشتەجێکردنیان لەم ناوچە کوردستانیانەدا بە مەبەستی گۆڕینی پێکهاتی ڕەگەزی ناوچەکان, بەهەنگاوە سەرەتاییەکانی بەعەرەبکردن دادەنرێن.

چوارەم: لەدوو دەیەی دوای دامەزراندنی عێراقدا دیاردەکانی بەعەرەبکردن دەرکەوتن. ئەم تیئۆرییە لای وانییە کەوا ئینگلیزەکان ویستوویانە کورد لەچوارچێوەی کۆمەڵگەیەکی عەرەبیدا بتوێننەوە, بەڵکو ئینگلیزەکان بەپێی یاسای بنچینەیی ئەوسای عێراق دانیان بەمافە کەلتووریەکانی کەمینەی کوردا ناوە. هەروەها ئەو کرێکارانەی کە لەچاڵە نەوتیەکان و پاشان کارگەی نەوت کاریان درایە زۆربەیان کورد بوون و دانیشتوانی ناوچەکە بوون. لەلایەکی تر دابڕینی ناوچەی کەرکوك و موسڵ لەهەرێمی کوردستان, لەبەر ئەوە بووە کەوا ئینگلیزەکان ویستوویانە باشتر کۆنترۆڵی ئەم ناوچانە لەبەر گرنگی ئابووریاندا لەلایەن خۆیانەوە بکەن. بەپێی ئەم تیئۆریە بەعەرەبکردن لەناوەڕاستی سییەکان و دواتر لەلایەن دەسەلاَتی عەرەبی بەغداوە دەستی پێکردووە. دیارترین هەنگاوی بەعەرەبکردنی ناوچەکە بەدەسپێکردنی پرۆژەی ئاوی حەویجە هاتووەتەدی, دیارە مەبەستی ئەم پرۆژەیە ئاوەدانکردنەوەی دەشتی کاکی بەکاکی و وشکی حەویجەو جێنیشکردنی هۆزە عەرەبیە کۆچەرەکانی عوبێد و جبور و هیتر بوو.

شایانی باسە ئەم دوو بۆچوونەی کۆتایی, هێما بۆ بوونی بیرێکی ڕەگەزپەرستانەو ناسیونالیستانەی عەرەب لەپشتی بەعەرەبکردنەوە دەکات, واتە بەعەرەبکردنەکە دەرکردی ناسیونالیزمی عەرەبی بووە. هەرچی بۆچوونی یەکەمە, ئەوا پرۆسەی بەعەرەبکردن پرۆسەیەکی داپۆشراوی هەناوی پاکسازییە ئایینیەکە بووە. ئەگەر سەیری پێناسەکەی سەرەوەی بەعەرەبکردن بەهەموو جۆرەکانیەوە بکەین, ئەوا دەگەینە ئەو ئەنجامە کەوا گەلێ دیاردەی پرۆسە و میکانیزمی بەعەرەبکردن لاواز یا بەهێز لەگەڵ سەرەتای هێرشی لەشکری عەرەبی ئیسلام بۆ سەر گەلە ناموسوڵمانەکان دەست پێدەکات و لەوساوە هەنگاوی یەکەمی هاویشتووە. بەم واتایە کە ئایینی ئیسلام لەهەر ناوچەیەك خۆی سەپاندووە, زمان و دابونەریت و کەلتووری عەرەبیشی لەوێدا کەموزۆر چەسپاندووە, ئەمە جگەلەوەی لەهەندێ شوێندا بەعەرەبکردن بەتەواوی جێبەجێکراوە. بەڵام وەکو گوترا لە گەلێ شوێندا ئەمە ڕووی نەداوە و نەتەوە بەئیسلامکراوەکە بەعەرەب نەکراوە, بەڵکو تەنها هەندێ لەبەهاکانی نەتەوەکەی بەعەرەبی کراوە یا مۆرکێکی عەرەبی وەرگرتووە.

بەڵام ئایا ئەو پاکتاوکردنەی کەڕژێمی عێراق بەرامبەر بەکەمەنەتەوەی کورد پێی هەڵدەستێ چ جۆرە پاکتاوکردنێکەو تاچ رادەیەك لەگەڵ ئەم پێناسانەی سەرەوەدا دەگونجێ[58]؟

لەناوچە کوردستانیەکانی ژێردەستی ڕژێمی عێراقدا کەمەنەتەوەی کورد نەتەوەیەکی نەویستراو و حەزلێنەکراوە ناچار دەکرێ ناوچەکانیان بەجێ بهێڵن, جا یا دەبێ بۆ خوارووی عێراق برۆن کەڕەنگە چارەنووسیان بەتوانەوەیان لەناو نەتەوەی عەرەبدا تەواو بێ, یان بۆ سەروو و ناوچەی زۆنی دڵنیایی برۆن. ئەنجامی پرۆسەکە بەبێ گوێدانە شوێنی ڕۆیشتنی کوردە ڕاگوێزراو و دەرکراوەکان, پاککردنەوەیەکی ڕاشکاوی ڕەگەزییە. ئەم پاکتاوکردنە لەگەڵ پێناسەکانی مازۆیسکی و بیالکۆفدا دەربارەی پاکتاوی ڕەگەزی تەواو گونجاوە. پاکتاوکرنەکە یا بەعەرەبکردنی ناوچەکان درێژخایەن و سیستەماتیکییە, بەجۆرێ پاکسازیەکە بەگوێرەی پلانی داڕێژراوەوە جێبەجێ دەکرێت, دیارە بەئامانج و بەمەبەستی پاککردنەوەی ناوچەدیاریکراوەکان لە ڕەگەزی کورد. پاکسازیەکە یا بەعەرەبکردنەکە هەمووکات هەمان خێرایی و توندوتیژی نەبووە, بەڵام بەبەردەوامی و بێپسانەوە درێژەی هەبووەو هەیە. هەروەك جەنیفەر پریس ئاماژەی بۆ دەکا, لەپاکتاوی ڕەگەزیدا کەزیاتر لەبەر هۆکاری ناسیونالیستانە دێتەکایەوە, ناوچەیەکی دیاریکراو لەمەترسیدایەو هەرای لەسەرە, واتە نەتەوەی بالادەست هەوڵ دەدات ناوچەکە لە نەتەوە یا کەمینە نەویستراوەکان پاکبکاتەوە بۆئەوەی ناوچەکە بۆخۆی مسۆگەر بکات و دانیشتوانەکەی تەنها سەربە نەتەوەی خۆی بێت, بەمجۆرە بەدیهێنانی ناوچەیەکی ڕەگەزیی یەکرەنگ لەستاتێکی ڕەگەزیی یەکرەنگی ناسیونالدا. ئەمەی سەرەوە گونجاوە لەگەڵ ئەو پاکتاوکردنە ڕەگەزییەی لەناوچە کوردستانیەکانی ژێردەستی ڕژێمی عێراق ئەنجام دەدرێن. واتە حکومەتی عێراق هەوڵ دەدات ناوچە کوردستانیە دیاریکراوەکانی ژێردەستی لە کورد پاککاتەوە, بۆئەوەی ناوچەکە بۆخۆی مسۆگەربکات و لەناوچەکەدا کۆمەڵگایەکی یەکرەنگی نەتەوەی عەرەب بەدەستبێنێ. بەواتایەکی تر پاکسازیەکە لەبەر هۆکاری ناسیونالیستانەیە, پاکسازیەکە لەهەندێ سەردەمدا توندوتیژو خوێناوی بووە وەك هێرشی ئەنفال لەکۆتایی هەشتاکاندا, لەهەندێ کاتیشدا ئەم توندوتیژییەی نەبووە و هێمنانەتر جێبەجێکراوە وەکو پاکسازییەکەی دوای دامەزراندنی زۆنی ئارام.

[58] وەك لەپێشەکیەکەدا ئاماژەم بۆکرد, ئەم لێکۆڵینەوەیە بەر لەڕوخانی سەدام نووسراوە, بۆیەش باس لەبەعەرەبکردنەکەی ئەوسا دەکات.

پاکسازییەکەی ڕژێمی عێراق کە لەناوچە کوردستانیەکانی ژێر دەستیدا پیادەی دەکات, لەگەڵ پێناسە و جۆرەکانی بەعەرەبکردنیشدا تەواو گونجاوە. لەناو پۆلیتیکی بەعەرەبکردنەکەدا هەموو ئەو جۆرە بەعەرەبکردنانە دەکەونە بەرچاو کە لەسەرەوەدا لێیان دواین. بۆنموونە, لەهەندێ ناوچەدا خەڵکی سەر بەڕەگەزی نەوسیتراو کە کوردە بەتەواوی سڕاونەتەوەو عەرەبیان لەشوێندا نیشتەجێکراوە. لەهەندێ ناوچەدا کوردەکان ڕاگوێزراون و لەشوێنیاندا عەرەب جێنیشکراون. بەشێ لەو کوردانەی بۆ ناوچەو شارە عەرەبیەکان ڕاگواستراون, بەئەگەری زۆر بەمەبەستی توانەوەیان لەناو کۆمەڵگەی باڵادەستی عەرەبدا ڕاگوێزراون. لەهەندێ ناوچەدا هەوڵی گۆڕینی ناسنامەی ڕەگەزی, ناوی کەس, ناوی شوێن و ناوچەو گۆڕینی دیاردە کۆمەڵایەتیە ناعەرەبیەکان دراوەو لەهەمان کاتیشدا خێزانی عەرەب هێنراون و نیشتەجێکراون. ئەمە تاکو جگە لەعەرەبە هاتووەکان, خەڵکەکەی دیکەش سیماو نۆرمی کۆمەڵایەتی و نەتەوایەتی ئەوان هەڵگرن و ببنە عەرەب. بەم شێوەیە کۆمەڵگەیەکی یەکڕەنگی نەتەوەی عەرەبی پێك دەهێنرێت.

ئەم پاکتاوکردن و بەعەرەبکردنە پێشلکردنی ڕاشکاوی مافەکانی مرۆڤە بەگوێرەی ڕێکەوتنامەی ژنێف هەروەها بەگوێرەی ئارتیکلی 2, 12, 15 و 17 ی نەتەوەیەکگرتووەکان سەبارەت بەمافەکانی مرۆڤ, هەروەها پێشێلکردن و شکاندنی ڕاشکاوی بڕیاری 688 ی ئەنجومەنی ئاسایشی سەربە UN ـە, ئەو بڕیارەی کەقەدەغەی چەوساندنەوەو ئازاردانی دانیشتوانانی عێراق دەکات.

## 2. بیروبۆچوونی ئاوارەکانی بەردەقارەمان

## 2. **بیروبۆچوونی ئاوارەکانی بەردەقارەمان**

هەروەکو پێشتر گوتمان لەگەڵ ئەوەی ئاستی توندوتیژی جێبەجێکردنی پاکتاوی ڕەگەزی و بەعەرەبکردن بەرزونزمی لەنیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا هەبووە, بەڵام درێژە بەپۆلیتیکی بەعەرەبکردن لەباشووری کوردستاندا دراوە. لەبارودۆخی ئێستادا کوردەکانی خوارووی زۆنی ئارام, ئەوانەی کەدەکەونە ژێرچنگی حکومەتی بەعس, بەشێوەیەکی سەرەکی ناچاری کۆچکردن دەکرێن, یا بەزۆر ڕادەگوازرێن. ئەمە جگەلە جۆری دیکەی کردارەکانی ڕاونان و ئازاردان یا بەندکردن و کوشتن کە کەم و زۆر لەهەموو ناوچە کوردستانیەکانی بندەستی ڕژێم لەئارادان. ئەم کوردانەی کەناچاری کۆچکردن دەکرێن, یا دەبێ باربکەن و بڕۆن بۆ شارە عەرەبیەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق, یا دەبێ بەتەنها بەجلی ڕووتی بەریانەوە بڕۆن بۆ ناوچە ئازادەکانی ناو زۆنی ئارام. ئەوانەی کە ڕێگای یەکەم هەڵدەبژێرن و باردەکەن و دەڕۆن بۆ شارەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق, ئەوا ڕووبەڕووی ژیانێکی نادیاری سەخت لەکۆمەڵگەیەکی نامۆدا دەبنەوە, ئەمە جکەلەوەی ئەگەری توانەوەیان لەناو کۆمەڵگەی عەرەبدا زۆر بەرزە, گەر بەهەمیشەیی لەو شوێنە عەرەبیانەدا بمێننەوە. ئەوانەی دیکە ڕوو لەناوچە ئازادەکانی کوردستان دەکەن, گەلێکیان لەیەکێ لەکەمپەکانی پەنابەراندا دەگیرسێنەوە, کەژیانێکی سەخت و دژوار چاوەڕوانیانە. هەندێ لەئاوارەکان ڕێگای چوون بۆ ئەوروپا یا وڵاتانی دیکەی جیهان هەڵدەبژێرن, ئەم بەشەش ڕێگایەکی پڕ مەترسی و چارەنووسێکی نادیار چاوەڕێیان دەکات.

دیارە ئاوارەبوونی کوردەکان ئەنجامێکی ڕاستەوخۆی پۆلیتیکی پاکتاوکردنە کە لەلایەن ڕژێمی داگیرکەری عێراقەوە پیادە دەکرێت. لەم ڕوانگەیەوە دەکرێ هەڵوێست و بیرو بۆچوونی ئەم ئاوارانە بۆ زیاتر تێگەشتنی بابەتی ئەم لێکۆڵینەوەیە یارمەتیدەرێکی باش بن. جێگای خۆییەتی زانیاری سەبارەت بەبیرو بۆچوونی ئەم ئاوارە ئاساییانە بەرامبەر بەکێشەی پاکتاوکرن کۆبکرێتەوە, چونکە ئەو ئاوارانە قوربانی ڕاستەوخۆی ئەم پاکسازییەن. هەڵوێست و بیرو باوەڕی ئەم ئاوارانە گرنگە, چونکە کەمجار وایە کەگرنگی بەبیرو هەڵوێستیان لەشوێنێکی وەك کوردستاندا بدرێت.

دیارە یەکێ لەو ڕێگا زانستیانەی کە بۆ لێکۆڵینەوەی لەم شێوەیە بەکار دەهێنرێت, ڕێگای میتۆدی چەندایەتی Qualitative Methode Research یە. ئەم ڕێگایە بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکە بەمەبەستی زانینی بڕواو هەڵوێستی ئاوارەکان سەبارەت بەکێشەکەیان, بەباش زانرا, چونکە لەلایەك لەم ڕێگەیەوە دەتوانرێ ئاگادارییەکی زانستیانە سەبارەت بەبیرو بڕوای ئاوارەکان وەربگیرێ, بەمجۆرە دەتوانرێ وێنەیەك لەسەر چۆنیەتی بیرو بۆچوونیان دروست بکرێت. لەلایەکی تر ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەتوانرێ وەکو فاکتەرێکی زانستی گرنگ بۆ هەبوونی یا نەبوونی پۆلیتیکی بەعەرەبکردن بەکاربهێنرێت. دیارە کەمپی ئاوارەکانی (بەردەقارەمان) بۆ شوێنی ئەنجامدانی ئەم لێکۆڵینەوەیە هەڵبژێردرا.


مەبەستی سەرەکی لێکۆڵینەوەکە ئەوەیە, کەوا بزانین ***ئایا ئەوە پاکسازی ڕەگەزی و بەعەرەبکردنە ڕوودەدات؟ لەبەرچی و چۆن؟*** لەم ڕوانگەیەوە, دەمەوێ لەو فاکتەرانە بکۆڵمەوە, کە بەبڕوای ئاوارەکان دەتوانن هۆکارەکانی پشتی ئەم پاکسازیی و بەعەرەبکردنە ڕوون بکەنەوە. دوای بەسەر کردنەوەیەکی کورتی شێوەو چۆنیەتی ژیان و گوزەرانی ئاوارەکان, هەوڵ دەدرێت سەرنج بدرێتە بڕواو هەڵوێستی ئاوارەکان سەبارەت بەپرسیاری سەرەکی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەگەلێ گۆشەنیگاوە, لەنێویاندا ڕۆڵی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لەناوچەکەدا.

هەروەك پێشتر ئاماژەی بۆ كرا, ژمارەی ئەو ئاوارانەی كەقوربانی پۆلیتیكی پاكتاوكردنن گەلێ لەژمارەی ئەوانە زۆرترن كەلە كەمپێكی وەك بەردەقارەماندا دەژین. لەكەمپێكی ئاواشدا كەژمارەی دانیشتوانی سەقامگیر نییەو لەبەرزی و نزمی دایە, مرۆ بەئاواتە زۆرترین كەس لەبۆتەی لێكۆڵینەوەیەكی ئاوادا كۆبكاتەوە. شێوەیەكی لێكۆڵینەوەی میتۆدی چەندایەتی لەڕێگای دابەشكرنی لیستی پرسیار بەسەر بەشداربوواندایە. دیارە 200 دانە لیستی پرسیار بەسەر 200 كەسدا دابەشكرا. ئەوانەی وەڵامیان دایەوەو لیستەكانیان گەڕاندەوە ژمارەیان 161 كەس بوون.

### 1.2. ئاوارەكانی كەمپی بەردەقارەمان

كەمپی بەردەقارەمان, كەمپێكە لەو كەمپانەی كەبەشێ لەئاوارەكانی ناوچە كوردستانیەكانی بندەستی ڕژێم دەگرنە خۆیان. كەمپی بەردەقارەمان كە لەكۆمەڵێك چادری ساكاری ڕەخنەهەڵگر پێك دێت, كەمپێكی زۆر سەرەتایی و پڕ لەكەموكوڕییە. كێشەكانی نەبوونی ئاوی پاك, ئەلەتریكی پێویست و پێویستیە سەرەتاییەكانی ژیان بە ڕوونی هەستیان پێدەكرێت. دانیشتوانی كەمپەكە كێشەی زۆریان لەگەڵ سەرمای زستانان و گەرمای هاویناندا هەیە.
سەبارەت بەئاوارەكان گەلێ فاكتەر هەن كەشایانی گرنگی پێدان بن, بەڵام لەپێشدا باشتروایە سەیری چۆنیەتی دابەش بوونی تەمەنی كەسە وەڵامدەرەكان بكەین و بزانین ئەو كەسانەی وەڵامی پرسیارەكانیان داوەتەوە لە چ جۆرە گروپێكی تەمەندا خۆیان دەدۆزنەوە. مەبەست لێرەدا دروستكردنی وێنەیەكە لەڕوانگەی تەمەنەوە بۆ خوێنەر, تاكو خوێنەر بزانێ, كێن ئەوانەی وەڵامیان داوەتەوە.

هێلكاری 1.2. چۆنیەتی دابەشبوونی تەمەنی كەسە وەڵامدەرەكان




هەروەكو لەهێلكاری 1.2 دا دەردەكەوێ زۆرترینی كەسە وەڵامدەرەكان لەئینتەرڤالەكانی یا لەگروپی تەمەنەكانی 30-39, 40-49 و 50-59 دا خۆیان دەدۆزنەوە. بەواتایەكی دیكە زۆربەی ئەو كەسانەی پرسیاریان لێكراوە, لەنێوان تەمەنی 30 تا 60 ساڵی دان و 73٪ لەسەدای كۆی كەسە وەڵامدەرەكان پێك دەهێنن. ئەوانەی تەمەنیان دەكەوێتە نێوان 18 و 29 ساڵ, تەنیا 11٪ لەسەدای پێك دەهێنن. ئەمە بۆ گروپی 60-69 ساڵیەكانیش بەهەمان شێوەیە. تەنها 4٪ لەسەدای كەسە وەڵامدەرەكان لە حەفتاو بەسەرەوەن.

گەر مرۆ سەیری ئاستی خوێندەواری ئاوارەكان بكات, ئەوا هەروەكو لەخشتەی 1.2 دا دیارە, 28٪ لەسەدای كەسە وەڵامدەرەكان نەخوێندەوارن. 56٪ لەسەدای وەڵامدەرەكان تەنها تا شەشی سەرەتاییان خوێندووە. واتە 84٪ لەسەدای كەسە وەڵامدەرەكان یا نەخوێندەوارن یا ئاستی خوێندەواریان

**خشتەی 1.2. ئاستی خوێندەواری کەسە وەڵامدەرەکان**

| | ژن | پیاو | سەرجەم |
|---|---|---|---|
| نەخوێندەوار | 9 | 19 | 28 |
| شەشی سەرەتایی | 6 | 50 | 56 |
| ناوەندی | 1 | 11 | 12 |
| ئامادەیی | 0 | 2 | 2 |
| پەیمانگە | 0 | 1 | 1 |
| خوێندنی باڵا | 0 | 1 | 1 |
| سەرجەم | 16 | 84 | 100 |

ژمارەی کەسی وەڵامدەر: 161. تێبینی: ژمارەکان بەرێژەی سەدین.

پرسیار: ئاستی خوێندەواریت چییە؟

زۆر نزمە. بەگوێرەی خشتەی 1.2. رێژەی 93٪ لەسەدای ئەو ژنانەی کە وەڵامی پرسیاریان داوەتەوە سەربە گروپی نەخوێندەواران و ئەوانەن کەزۆر کەمیان خوێندووە. هەروەها ئەو کەسانەی کەئاستی خوێندنیان بەرزە زۆر کەمن.

بۆ ئەوەی بزانین شوێنی هاتنی ئاوارەکان کوێیە, باشتروایە سەیری خشتەی 2.2 بکەین. وەك لەژمارەکانی خشتەکەدا دەردەکەوێت زۆربەی یا 94٪ لەسەدای ئاوارەکان لەخودی شاری کەرکوکەوە هاتوون. تەنها 6٪ لەسەدای ئاوارەکان لەشوێنی دیکەی دەوروبەری کەرکوکەوە هاتوون. هۆی ئەوەی زۆربەی ئاوارەکان خەڵکی کەرکوکن دەکرێ هۆکاری جیاجیای هەبێ.

**خشتەی 2.2. شوێنی هاتنی ئاوارەکان**

| کەرکوك | دەوروبەری کەرکوك | شوێنی دیکە | سەرجەم |
|---|---|---|---|
| 94 | 6 | 0 | 100 |

ژمارەی کەس: 161. تێبینی: ژمارەکان بەرێژەی سەدین. پرسیار: تۆ لەچ شارێ یا شارۆچکەیەك هاتوویت؟

دەکرێ لەبەر ئەوەبێت کەئاوارەکان ئارەزوو دەکەن لەنزیك شوێنی جێهێشتویاندا بمێننەوە, واتە لەهەمان هەرێم بمێننەوە. وەك دەزانین کەمپی بەردەقارەمان لەکەرکوك زۆر دوور نییە و دەکەوێتە نێوان کەرکوك و سلێمانی. ئەمەش لەبەر وابەستەیی ئەم پەنابەرانە بەهەرێم و ناوچەکەی خۆیانەوە. دیارە ئەم ئاوارە کوردانەی لەشوێنەکانی دیکەی دووری کەرکوکەوە بۆ ناوچەی زۆنی ئارام دێن, بەئەگەری زۆر بۆ شوێن و کەمپی دیکە دەچن. لەگەڵ باردا خەڵکەکە لەو ناوچانە دەمێننەوە کەنزیکە لەشوێنی پێشویان. دەکرێ لەبەرئەوە بێت, دەسەڵاتی کوردی ناوچەکە مەبەستیانە ئەم خەڵکە لەنزیك شوێنی پێشوویاندا بمێننەوەو وابەستەییان بەناوچەکەوە بەهێز بمێنێتەوە, بەهیوای ئەوەی بتوانن بیان گەڕێننەوە, گەر چارەسەرێك لەداهاتوودا هاتە کایەوە.

ئاوارەکانی بەردەقارەمان بەشێوەیەکی سەرەکی وابەستەی ئەم یارمەتییەن کە لەکەمپەکەدا وەری دەگرن. لەوەڵامی پرسیارێك سەبارەت بەسەچاوەو کەناڵی یارمەتیەکە, ئاوارەکان هێما بۆ دەسەڵاتی کوردی بەشێوەیەکی سەرەکی دەکەن. وەك لە خشتەی 3.2 دیارە, 77٪ لەسەدای وەڵامدەرەکان

**خشتەی 3.2. ئەو دەسەڵات و ڕێکخراوانەی یارمەتی ئاوارەکان دەدەن**

| ئێوە لەلایەن کام دەسەڵات یا ڕێکخراو یارمەتی وەردەگرن؟ | |
|---|---|
| نەتەوەیەکگرتووەکان | 21 |
| دەسەڵاتی کوردی | 77 |
| نەتەوەیەکگرتووەکان و دەسەڵاتی کوردی | 1 |
| ڕێکخراوی دیکە | 1 |
| لەهیچ ڕێکخراوێ یا دەسەڵاتێ یارمەتی وەرناگرین | 0 |
| سەرجەم | 100 |

ژمارەی کەس: 161. تێبینی: ژمارەکان بەڕێژەی سەدین.

هێما بۆ دەسەڵاتی کوردی دەکەن. 21٪ لەسەدای ئاوارەکان هێما بۆ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکەن. کەسانێکی کەم پێیان وایە یارمەتیەکە لەهەردوو لایەنەوە یا ڕێکخراوی خێرخوازی دیکەوە دێت. سەبارەت بەسەرچاوەو کەناڵی سەرەکی یارمەتی بۆ ئاوارەکان, گومان لەوەدایە کەوا دەسەڵاتی کوردی بەتەنها و بەشێوەیەکی سەرەکی ئەم ئەرکە دەگرێتە ئەستۆ و ڕاستەوخۆ لەلایەن خۆیەوە یارمەتیەکە بەئاوارەکان دەگەیەنێت.

وەك ئاشکرایە بڕیاری 986 ی نەوت بەخواردنی نەتەوەیەکگرتووەکان, کەبەتایبەتی بۆ یارمەتی خواردەمەنی, داو و دەرمان و پێویستیەکانی تر تەرخانکراوە, کەناڵی سەرەکی و گرنگی یارمەتیەکانە بۆ هەموو دانیشتوانانی عێراق بەگشتی و ئاوارەکان بەتایبەتی.

سەبارەت بەجۆری ئەو یارمەتیەی ئاوارەکان وەری دەگرن, ئەوا نزیکەی هەموو کەسە وەڵامدەرەکان هێما بۆ خواردەمەنی مانگانە دەکەن. واتە جۆری یارمەتیەکە خواردەمەنی مانگانەیە. سەیری خشتەی 4.2 بکە.


**خشتەی 4.2. جۆری ئەو یارمەتیەی ئاوارەکان وەری دەگرن**

| لەمانەی خوارەوەدا کام جۆر یارمەتی وەردەگرن؟ | |
|---|---|
| موچەی مانگانە | 0 |
| خواردەمەنی و شتی تر | 1 |
| تەنها خواردەمەنی مانگانە | 99 |
| خواردەمەنی مانگانەی بەپارە | 0 |
| موچە, خواردەمەنی و شتی تر | 0 |
| یارمەتی وەرناگرین | 0 |
| سەرجەم | 100 |

ژمارەی کەس: 161. تێبینی: ژمارەکان بەڕێژەی سەدین.

بەڵام ئایا ئەم یارمەتی مانگانەیە تا چ ڕادەیەك یارمەتیدەرەو چەند ژیانی ئاوارەکانی باشتر کردووە؟ بەواتایەکی دیکە بەبڕوای ئاوارەکان ئەم یارمەتیە مانگانەیە تاچ ڕادەیەك سوودبەخشە؟ هەروەك لەهێلکاری 2.2 دا دیارە, زۆربەی ئاوارەکان بەڕێژەی 66٪ لەسەدا پێیان وایە, بەڕادەیەکی زۆر یارمەتیان دەدات. 32٪ لەسەدای کەسە وەڵامدەرەکان پێیان

**هێلکاری 2.2. ڕادەی باشی و سوودبەخشی یارمەتی مانگانە**




وایە, بەڕادەیەکی باش یارمەتیان دەدات. تەنها بەشێکی زۆر کەمی ئاوارەکان بەڕێژەی 2٪ پێیان وایە, ئەم یارمەتیە مانگانەیە یارمەتیەکی ئەوتۆ نییە.

سەبارەت بەژیانی ئاوارەکانی کەمپەکەو پرسیاری ئەوەی کەئایا ئەوان چۆن دەڕواننە ژیانی خۆیان, نزیکەی هەموو ئاوارەکان هێما بۆ دەستەواژەی خراپ و زۆر خراپ دەکەن, واتە زۆر نارازین لەژیانیان لەکەمپەکەدا. سەیری خشتەی 5.2 بکە.

**خشتەی 5.2 ژیان لەکەمپی بەردەقارەمان**

| ژیان لەکەمپەکەدا چۆنە؟ | |
|---|---|
| زۆر باش | 0 |
| باش | 0 |
| نەباش و نەخراپ | 1 |
| خراپ | 64 |
| زۆر خراپ | 35 |
| سەرجەم | 100 |

ژمارەی کەس: 161. تێبینی: ژمارەکان بەڕێژەی سەدین.

## 2.2. هۆکارەکانی دەرکردن و کۆچ پێکردنی ئاوارەکان

دەکرێ گەلێ هۆکاری دەرکردن و کۆچ پێکردنی بەزۆری دانیشتوانی کورد لەناوچە کوردستانیەکانی بندەستی ڕژێمی سەدامدا هەبن. لێرەدا هەوڵ دەدەین لەگرنگترینیان بکۆڵینەوە. جارێ لەبەراییدا جێگای خۆیەتی لەوە بکۆڵینەوە, ئایا ئاوارەبوونی ئەم خەڵکە چۆنە؟ ئایا ئەم خەڵکە ناچاری کۆچکردن کراون؟ چۆن و بەچی شێوەیەك ئەوانە شوێن و زێدی خۆیان بەجێهێشتووە؟ هەروەك لەخشتەی 6.2 دا دەردەکەوێ هەموو کەسە وەڵامدەرەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کەوا حکومەتی عێراق دەریکردوون.

**خشتەی 6.2. چۆنیتی و هۆی ئاوارەبوونی خەڵکەکە**

| | |
|---|---|
| حکومەتی عێراق دەریکردووم | 100 |
| لەبەر هۆکاری ئابووری زێدی خۆم جێهێشتووە | 0 |
| لەبەر هۆکاری تایبەت زێدی خۆم جێهێشتووە | 0 |
| بەئارەزووی خۆم زێدی خۆم جێهێشتووە | 0 |
| لەبەر هۆکاری تر | 0 |
| سەرجەم | 100 |

ژمارەی کەس: 161. تێبینی: ژمارەکان بەرێژەی سەدین.

پرسیار: لەبەرچی زێد و ماڵی خۆت جێهێشتووە؟

واتە هۆکاری ڕاستەوخۆی ئاوارەبوونی ئەو خەڵکە, دەرکردن و تورهەڵدانی بەزۆری ئەم خەڵکەیە لەلایەن حکومەتی بەغداوە. ئەو ئاوارانە لەبەر هۆکاری ئابووری یا کێشەی کۆمەڵایەتی و کێشەی تایبەت زێدی خۆیان جێنەهێشتووە, بەڵکو لەبەرئەوەی بەزۆر دەرکراون.

بەڵام ئایا لەبەرچی ڕژێمی عێراق ئەم خەڵکەی دەرکردووە یا ناچاری کۆچکردن کردووە؟ چ هۆیەکە وایکردووە ئەو کوردانە لەزێدو وراتی خۆیاندا نەویستراوبن؟ هەروەك خشتەی 7.2 دەری دەخات, ئاوارەکان بەرێژەی 99٪ لەسەدا هێما بۆ هۆکاری ڕەگەزی دەکەن, واتە لەبەرئەوەی ئەوان کوردن, بۆیە حکومەتی عێراق دەریکردوون. بەمجۆرە دەتوانرێ بگوترێ کەوا ئاوارەکان هێما بۆ پاکتاوکردنێکی ڕەگەزی لەشاری کەرکوکدا دەکەن, ئەویش لەبەرئەوەی ڕەگەزیان عەرەب نییەو کوردن.

**خشتەی 7.2. هۆکاری دەرکردنی کوردە ئاوارەکان**

| | |
|---|---|
| لەبەرئەوەی من کوردم و حکومەت دەیەوێ کەرکوك لەکورد پاك بکاتەوە | 99 |
| لەبەرئەوەی تورکمانم و حکومەت دەیەوێ کەرکوك لەتورکمان پاك بکاتەوە | 0 |
| لەبەرئەوەی من عەرەب نیم و سەربە کەمینەیەکی دیکەم | 0 |
| لەبەر چالاکی ڕامیاریم دژی حکومەتی عێراق | 0.5 |
| لەبەر هۆی تر | 0.5 |
| سەرجەم | 100 |

ژمارەی کەس: 161. تێبینی: ژمارەکان بەرێژەی سەدین. پرسیار: لەبەرچی حکومەتی عێراق لەماڵی خۆتدا دەریکردووی؟

سەبارەت بەچۆنیەتی دەرکردن و کۆچ پێکردنی ئەم ئاوارانە, کەوا ئایا ئەم خەڵکە ئاوارەیە چۆن و بەچ شێوەیەك دەرکراون؟ هەروەك لەخشتەی 8.2 دا دیارە, 98٪ لەسەدای کەسە وەڵامدەرەکان ناچاری هەڵبژاردن لەنێوان دوو ڕێگادا کراون: یا دەبێ باربکەن بۆ ناوەڕاست و خوارووی عێراق, لەمبارەدا دەتوانن شمەکەکانیان لەگەڵ خۆیاندا ببەن. یا دەبێ بڕۆن بۆ ناوچەی زۆنی ئارام, بەبێ ئەوەی مافیان هەبێ شمەکەکانیان لەگەڵ خۆیاندا ببەن. تەنها خەڵکێکی کەم لەئاوارەکان

بەشێوەو جۆری تر دەرکراون یا ناچارکراون ماڵەکانی خۆیان بەجێ بهێڵن. جێگای گرنگی پێدانە کەوا هیچ یەکێك لەوەڵامدەرەکان هێما بۆ ئەوە ناکەن کەناچارکردن و توندوتیژی لەگۆڕێدا نەبووبێ.

**خشتەی 8.2. چۆنیەتی دەرکردنی ئاوارەکان لەزێدی خۆیاندا**

| | |
|---|---|
| گوتیان: یا دەبێ بەخۆتان و شمەکەکانتانەوە باربکەن بۆ ناوەڕاست یا خوارووی عێراق, یا دەبێ بەتەنها جلی بەرتانەوە برۆن بۆ سەروو | 96 |
| ئێمەیان لەناو ئۆتۆمۆبیلی سەربازی کردو فڕێیان داینە دەرەوەی شار | 1 |
| هەڕەشەیان لێکردین, بۆیە ترساین و شارمان بەجێ هێشت | 2 |
| بڕیاری گرتنیان داین, ئێمەش لەترسی گرتن هەڵاتین. | 1 |
| بەشێوەو جۆری تر دەرکراین | 0 |
| ئێمە ناچاری دەرکردن و کۆچکردن نەکراین | 0 |
| سەرجەم | 100 |

ژمارەی کەس: 161. تێبینی: ژمارەکان بەڕێژەی سەدین. پرسیار: بەچ شێوەیێ یا جۆرێ دەرکران؟

دوای ئەوەی بۆمان دەرکەوت کەهۆکاری دەرکردنی ئاوارەکان لەبەر جودایی ڕەگەزەو پاکسازییەکەش ئەنجامی ناسیونالیزمی ڕەگەزپەرستانەی عەرەبییە, جێگای خۆیەتی بزانین کەوا ئایا حکومەتی عێراق هیچ هەوڵێکی بۆ گۆڕینی ناسنامەی نەتەوەیی ئەم ئاوارە کوردانە داوە؟ بەگوێرەی خشتەی 9.2 بەڕێژەی 98٪ لەسەدای وەڵامدەرەکان بەرەورووی داواکاری گۆڕینی ناسنامەی نەتەوایەتیان بوونەتەوە.

**خشتەی 9.2. هەوڵی حکومەتی عێراق بۆ گۆڕینی ناسنامەی نەتەوایەتی**

| | نەخێر | بەڵێ | سەرجەم |
|---|---|---|---|
| ئایا حکومەتی عێراق بەهیچ جۆرێ هەوڵی داوە یا فشاری هێناوە بۆ گۆڕینی ناسنامەی نەتەوایەتیت؟ | 2 | 98 | 100 |

ژمارەی کەس: 161. تێبینی: ژمارەکان بەڕێژەی سەدین.

واتە حکومەتی عێراق داوای لێیان کردووەو فشاری خستووەتە سەریان بۆ گۆڕینی ناسنامەی نەتەوایەتیان و خۆیان بەعەرەب بنووسن. تەنها دوو لەسەدای ئاوارەکان بەرەورووی فشاری ڕەگەز گۆڕین نەبوونەتەوە. بەپێی ئەمەی سەرەوە دەردەکەوێ کەبەعەرەبکردنی خەڵکی سەربە ڕەگەزی ناعەرەب لەڕێگای بەزۆر گۆڕینی ناسنامەی نەتەوایەتیان بەئاشکرا لەئارادابووە.

لەپرسیارێکی دیکەدا سەبارەت بەگرتن و زیندانیکردن, ڕاونان و ئازاردان لەناوچەکانی بندەستی حکومەتی عێراقدا, هەموو ئاوارەکان هێما بۆ هەبوونی ئەم دیاردانە بەڕاشکاوی دەکەن.  هەموویان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کەگرتن و ڕاونان و جۆری دیکەی ئازاردان بەڕادەیەکی زۆر زۆر هەبووە. سەیری خشتەی 10.2 لەخوارەوەدا بکە.

**خشتەی 10.2. ڕادەی گرتن و ڕاونان و ئازاردان لەشاری کەرکودا**

| گرتن, ڕاونان و جۆری دیکەی ئازاردان تا چ ڕادەیەک هەبوو؟ | |
|---|---|
| بەڕادەیەکی زۆر زۆر | 100 |
| بەڕادەیەکی زۆر | 0 |
| بەڕادەیەکی زۆر نەبوو | 0 |
| بەڕادەیەکی زۆر کەم | 0 |
| بەهیچ جۆرێ نەبوو | 0 |
| سەرجەم | 100 |

ژمارەی کەس: 161. تێبینی: ژمارەکان بەرێژەی سەدین.

بەڵام ئایا خێزانی عەرەب بۆ ناوچە کوردستانیەکان بەگشتی و شاری کەرکوک بەتایبەتی دەهێنران و نیشتەجێ دەکران؟ هێنانی خێزانی عەرەب لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بۆ ناوچەی کەرکوک تا چ ڕادەیەک لەئارادا بووە؟ ئەنجامی وەڵامەکانی ئەم پرسیارە هێما بۆ هەبوونی ئەم دیاردەیە دەکات. هەروەک لەخشتەی 11.2 دا دیارە, ئاوارەکان پێیان وایە هێنانی خێزانی عەرەب و نیشتەجێکردنیان بەبەردەوامی هەبووە. بەگوێرەی وەڵامی ئاوارەکان بۆمان دەردەکەوێ کەحکومەتی عێراق بێ پسانەوە خێزانی عەرەبی بۆ ناوچەکەو شاری کەرکوک هێناوەو لەخاکی کورداندا نیشتەجێی کردوون, ئەمەش بەمەبەستی گۆڕینی دیمۆگرافیاو ڕێژەی پێکهاتەی ڕەگەزی و ئێتنی ناوچەکەو شاری کەرکوک بەتایبەتی.

**خشتەی 11.2. ڕادەی هێنانی خێزانی عەرەب و جێنیشکردنیان**

| ڕادەی هێنانی خێزانی عەرەب لەلایەن حکومەتی عێراقەوە تا چ ڕادەیەک هەبوو؟ | |
|---|---|
| بەبەردەوامی | 100 |
| ناوە ناوە | 0 |
| کەمجار | 0 |
| هەرگیز | 0 |
| نازانم | 0 |
| سەرجەم | 100 |

ژمارەی کەس: 161. تێبینی: ژمارەکان بەرێژەی سەدین.

ئەنجامی وەڵامی پرسیارەکانی خشتەکانی 8, 9 , 10 و 11 ئەوە ڕوون دەکەنەوە, کەوا حکومەتی داگیرکەری عێراقی پیادەی دیاردەکانی ڕاگواستن و کۆچ پێکردن, گرتن و ڕاونان و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ, هەوڵی بەزۆر گۆڕینی ناسنامەی نەتەوایەتی کوردەکان, هەروەها هێنان و جێنیشکردنی خێزانی عەرەب لەناوچە کوردستانیەکان بەگشتی و شاری کەرکوک بەتایبەتی, سیستەماتیکیانەو بەبەردەوامی دەکات. ئامانجی حکومەتی عێراق بەعەرەبکردنی تەواوی ناوچە کوردستانیەکانی بندەستیەتی.


### 3.2. ڕۆڵی UN و ئەگەری چارەسەری بەعەرەبکردن

هەروەك لەلایەك ئاوارەکانی بەردەقارەمان ئاماژەی بۆ دەکەن, لەلایەکی تر زانیاریەکانی دیکە (هەروەك لەبەشی یەکەمدا باسکرا) بەگشتی ئاماژە بۆ بەعەرەبکردن دەکەن, حکومەتی عێراق پیادەی پۆلیتیکی پاکتاوکردن و بەعەرەبکردن لەناوچە کوردستانیەکانی خوارووی زۆنی ئارام بەگشتی و شاری کەرکوك بەتایبەتی دەکات. پرسیاری گونجاو لەمبارەیەوە ئەوەیە, ئایا هەڵوێستی UN واتە نەتەوەیەکگرتووەکان بەرامبەر بەم پاکتاوکردن و بەعەرەبکردنە چییە؟ ئایا نەتەوەیەکگرتووەکان بەهیچ جۆرێك پەرێشانی خۆی سەبارەت بەم بارودۆخە دەربڕیووە؟ ئایا ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان چی بۆ وەستاندنی یا چارەسەرکردنی ئەم پاکسازییە ڕەگەزییە کردووە؟

دیارە دوای کۆتاییهاتنی جەنگی سارد, ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان ڕۆڵێکی باڵاتر و گەورەتری لەپۆلیتیکی ئەنتەرناسیونالدا دراوەتێ. بۆ نموونە نەتەوەیەکگرتووەکان ئەرکی چەندین ئۆپەراسیۆنی سەقامگیرکردنی ئاشتی لەدوای سەردەمی جەنگی ساردەوە بەئەستۆ گرتووە, هەروەها پشتگیری چەند دەستێوەردانێکی مرۆڤانەی لەو ناوچانەی کەناکۆکی ڕەگەزی و ئێتنیان تێدابووە کردووەو هێزی سەقامگیرکردنی ئاشتی ناردۆتە ئەو شوێنانە. نموونەی ئەو شوێنانە: بۆسنە 1992, کۆسۆڤۆ 1999 هتد.

لەم بەشەدا هەوڵ دەدەین بیرو بۆچوونی ئاوارەکان سەبارەت بەڕۆڵی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بەرامبەر بە بەعەرەبکردن بزانین. دیارە گرنگی بڕواو هەڵوێستی ئاوارەکان لەوەدایە, ئەوان خۆیان قوربانی پاکسازییەکەن و خۆیان لەناوچەکەدا دەژین. سەرەتا بابزانین بڕوای ئاوارەکان بەرامبەر بەڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان سەبارەت بەنیگەرانی و پەرێشانی ئەم ڕێکخراوە لە کێشەی پاکتاوی ڕەگەزی و بەعەرەبکردنی ناوچەکە, چییە. واتە ئایا ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان پەرێشانی بەرامبەر بە بەعەرەبکردن دەربڕیووە؟ بڕوای ئاوەرەکان سەبارەت بەم پەرێشانییەی UNچییە؟ هەروەك لەهێلکاری 3.2دا دیارە, زۆربەی کەسە وەڵامدەرەکان بەرێژەی 52٪ لەسەدا پێیان وانییە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بەرامبەر بەپاکسازی ڕەگەزی و بەعەرەبکردن پەرێشانە. ژمارەیەکی زۆری ئاوارەکان بەرێژەی 40٪ لەسەدا شتێ لەمبارەیەوە نازانێ, واتە ئەوان نازانن UN پەرێشانە یا نا. تەنها 8٪ لەسەدای وەڵامدەرەکان پێیان وایە UN بەرامبەر بە بەعەرەبکردن پەرێشانە. بەواتایەکی دیکە زۆرینەی ئاوارە وەڵامدەرەکان پێیان وانییە UN بە کێشەی بەعەرەبکردن پەرێشانە. بەڵام چل لەسەدای ئاوارەکان لەژێر بەهای نازانم کۆبووینەوە!

هێلکاری 3.2. پەرێشانی UN سەبارەت بە بەعەرەبکردن




پرسیار: پێت وایە UN پەرێشانی خۆی بەرامبەر بە بەعەرەبکردن دەربڕیووە؟

جێگای سەرنج دانە کە ئەم ژمارە زۆرەی ئاوارەکان, نازانن UN بەرامبەر بەعەرەبکردن پەرێشانە یا نا. ئەمە ئەوە دەردەخات کەخەڵکێکی زۆری ئاوارەکان شتێ سەبارەت بە ڕۆڵی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان نازانن. ڕوونکردنەوەیەکی ئەم بێئاگاییەی ئاوارەکان دەکرێ کەمی زانیاری لەسەر ڕۆڵی UN لەناوچەکەدا بێت. ڕوونکردنەوەیەکی دیکە ئەوەیە,

دەکرێ لەبەر ئەوەبێ کەوا ئاوارەکان دڵنیانین لەوەی کە ئایا UN پەرێشانە یا نا, هەروەها دڵنیانین لەوەی کە ئایا UN بەهیچ کارێ هەستاوە بتوانێ پەرێشانی ئەم ڕێکخراوە دەربخات؟ لەبەرئەوە لایان چاکترە ئاماژە بۆ بەهای "نازانم" بکەن.





ئاوارەکان بەرامبەر بێدەنگی UN خۆپیشاندان دەکەن. سلێمانی زستانی 2001.

سەرچاوە: ئەرشیفی تەلەڤیزیۆنی ح.ز.ک.

هەرچی بە کارو کردەوەکانی UN بۆ وەستاندن یا چارەسەری کێشەی بەعەرەبکردن پەیوەستدارە, ئەوا ئاوارەکان هەڵوێستیان لەئەوەی پێشوو دەچێت. واتە نزیکەی هەمان هەڵوێست کەبەرامبەر بەپەرێشانی UN هەیان بوو, دەیخەنەڕوو. هێلکاری 4.2 پیشانی دەدات, کەزۆرینەی وەڵامدەرەکان بەرێژەی 62٪ لەسەدا پێیان وانییە کە رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بەهیچ کارو کردەوەیێ بەمەبەستی وەستاندن یا دۆزینەوەی چارەسەرێ هەستابێت.

**هێلکاری 4.2. کردەوەی UN بۆ وەستاندنی بەعەرەبکردن بەگوێرەی بیرو بڕوای ئاوارەکانی بەردەقارەمان.**




پرسیار: پێت وایە UN بەهیچ بەکارێ بۆ وەستاندن یا چارەسەری کێشەی بەعەرەبکردن هەستاوە؟

دیسان ژمارەیەکی زۆری ئاوارە وەڵامدەرەکان بەڕێژەی 31٪ لەسەدا نازانن UN بەکارێکی یا شتێکی بۆ وەستاندن و چارەسەری کێشەکە کردووە یا نا. ڕوونکردنەوەیەکی ئەم بێ ئاگاییەی ئەم ئاوارانە سەبارەت بەم پرسیارە, دەکرێ لەبەرئەوە بێت کەوا ئەوان ڕەنگە ئاگاداریان دەربارەی تێکەڵاوی UN لە پێدانی خواردەمەنی و یارمەتی دیکە بۆ ئاوارەکان هەبێت, بەڵام بۆیان ئاسان نییە, جۆرە پەیوەندیەك لەنێوان ئەم یارمەتیەو وەستاندنی یا چارەسەری بەعەرەبکردن ببینن. دیسان ئەوە نیشانەی کەم زانیاری ئەم ئاوارانەیە لەسەر چالاکی و ڕۆڵی ڕێکخراوی UN لەناوچەکەدا. دیارە تەنها 7٪ لەسەدای ئاوارەکان بڕوایان وایە کەوا UN بەکارێ بۆ چارەسەر یا وەستاندنی بەعەرەبکردن هەستایە.

بەڵام ئایا بەبڕوای ئاوارەکان دەتوانرێ چ جۆرە چارەسەرێك بۆ کێشەی بەعەرەبکردن بەگونجاو دابنرێت؟ یا دەتوانرێ چ کارو کردەوەیەك بەچارەسەر بەباش و گونجاو دابنرێت؟ بۆ ئاسانکردنی وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارە چەند چارەسەرێك خرایە بەردەم کەسە وەڵامدەرەکان, تاکو ئەوان بتوانن ئەو چارەسەرە هەڵبژێرن کە لەبیرو بۆچوونی ئەوان نزیکە. هەروەك لەخشتەی 12.2 دا دیار دەکەوێ, زۆرینەیەکی ڕاشکاوی ئاوارەکان بەڕێژەی 79٪ لەسەدا هێما بۆ چارەسەری چوارەم دەکەن. واتە زۆرینەی وەڵامدەرەکان پێیان وایە, گونجاوترین چارەسەر بۆ کێشەی پاکتاوکردنی ڕەگەزی و بەعەرەبکردن ئەوەیە کەوا فشار بخرێتەسەر ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان, تاکو ئەویش فشار بەمەبەستی وەستاندنی بەعەرەبکردن بخاتەسەر حکومەتی عێراق, بەڵکو پاشان مسۆگەری گەڕانەوەی ئاوارەکان بکرێت و پارێزگاری ژیانیان بکرێت.

**خشتەی 12.2. چارەسەری گونجاو بۆ کێشەی بەعەرەبکردن**

| | |
|---|---|
| 1. هاتنەناوەوەی هێزی ئاشتی پارێزی UN بەمەبەستی مسۆگەرکردنی گەڕانەوەی ئاوارەکان و دۆزینەوەی چارەسەرێکی درێژخایەن. | 15 |
| 2. ئەمەریکا بێتەناوەوەو مسۆگەری گەڕانەوەی ئاوارەکان بکات و چارەسەرێکی درێژخایەن بۆ کێشەکە بدۆزێتەوە. | 3 |
| 3. دەسەڵاتی کوردی لەگەڵ ڕژێمی بەغدا دانوستان بکەن و چارەسەرێکی درێژخایەن بدۆزنەوە. | 3 |
| 4. فشار بخرێتەسەر UN تاکو ئەویش بەمەبەستی وەستاندنی بەعەرەبکردن و گەڕانەوەی ئاوارەکان فشار بخاتەسەر ڕژێمی عێراق, پاشان پاراستنی ژیانی ئاوارەکان مسۆگەر بکرێت. | 79 |
| 5. نازانم | 0 |
| سەرجەم | 100 |

ژمارەی کەس: 161. تێبینی: ژمارەکان بەڕێژەی سەدین. پرسیار: بەمەبەستی وەستاندنی بەعەرەبکردن و دۆزینەوەی چارەسەرێك, کام لەم ڕێگاچارانە بەگونجاو دەزانیت؟

پێشتر بینیمان کەوا ئاوارەکان هەڵوێستێکی نەگەتیڤیان بەرامبەر بەڕێکخراوی UN هەبوو, کەچی ئاماژەکردنیان بۆ چارەسەری چوارەم, ئەوە پیشان دەدات کەوا ئەوان بڕوایان بەتوانای ئەم ڕێکخراوە لەچارەسەری کێشەی بەعەرەبکردندا هەر ماوەو پێیان وایە ڕێکخراوی UN دەتوانێ فشار بخاتەرسەر عێراق و چارەسەرێ بۆ کێشەکە بدۆزێتەوە. لێکدانەوەیەکی ئەم وەڵامەی ئاوارەکان دەکرێ ئەوەبێ, کەئەوان پێیان وانییە چارەسەرەکانی دیکە کە لەخشتەکەدا ناویان هاتووە, ڕیالیستانەن یا ڕێگایان وێدەچێت. لەبەرئەوە زیاتر بەلای چارەسەرێکدا کەزیاتر ڕێگای وێدەچێ و گونجاوترە دەچن. وەك لەخشتەکەدا دیارە ژمارەیەکی زۆر کەمی ئاوارەکان بڕوایان بەهاتنەناوەوەی ئەمەریکا بەمەبەستی چارەسەری کێشەی بەعەرەبکردن هەیە. دەکرێ لەبەرئەوە بێت کەئەوان بڕوایان وانییە ئەمەریکا خۆی لەکێشەیەك کەپەیوەستدارە بەکێشەی ڕامیاری کورد بدات, کە بەئەگەری زۆر دەبێتەهۆی هەراسانکردنی تورکیا. یا دەکرێ لەبەرئەوە بێت, کەخەڵك بڕوایان بەئەمەریکا نەماوە, چونکە لەڕابردوودا بینیویانە کەئەمەریکا پشتی لەکوردان کردووە, بۆ نموونە دوای ڕاپەڕینەکەی ئازاری

1991 و لەکاتی کۆڕەوەکەدا ئەمەریکا ئامادە نەبوو پێش بەهێرشی دڕندانەی سوپای عێراق بۆ سەر کوردەکان بگرێت. ئاوارەکان بڕوایان بەوەش نییە, کەوا دەسەڵاتی کوردی بتوانێ لەڕێگای گفتوگۆ و دانوستانەوە بگاتە چارەسەرێکی درێژخایەنی متمانەپێکەر. وەك لەخشتەکەدا دیارە تەنها 15٪ لەسەدای ئاوارەکان بڕوایان بەچارەسەری یەکەمە. واتە هێزی ئاشتی پارێزی UN بێتەناوەوەو مسۆگەری گەڕانەوەو ژیانی ئاوارە گەڕاوەکان بکات. کە ئەم ڕێژە کەمە ئاماژە بەم ڕێگاچارەیە دەکەن, دەکرێ لەبەر ئەوە بێت, کەئاوارەکان بڕوایان لاوازە بەوەی کە ڕێکخراوی UN بتوانێ هێزێکی گەورەی ئاشتی پارێزی خۆی بۆ ناوچەکە بنێرێت. چونکە خەڵك لاوازی نەتەوەیەکگرتووەکانیان لەپێشوودا بینیوە, ئەویش لەبەر لاوازی هێزەکانی UN و کەمی کەسەکانی سەر بەم ڕێکخراوە.

### 4.2. چۆنیەتی بەرپەرچدانەوەی بەعەرەبکردن

ئەوەی بووەتە هۆی بێزاری ئاوارەکان تەنها بێدەنگی و هەڵوێستی پاسیڤی UN بەرامبەر بەعەرەبکردن نییە, بەڵکو هەڵوێستی پاسیڤانەو بێتوانایی پارتە دەسەڵاتدارەکانی کوردیش بوونەتە جێگای بێزاری زۆر لەخەڵکی کوردستان بەگشتی و ئاوارەکان بەتایبەتی. سەبارەت بەچۆنیەتی کاردانەوەو بەربەرچدانەوە بەرامبەر بە بەعەرەبکردن, چاکتروایە بزانین ئاوارەکان کەخاوەنی بیرو هەڵوێستی جیاوازن, چ شێوە بەرپەرچدانەوەیەکیان لەدژی ئەم پۆلیتیکی بەعەرەبکردنەی ڕژێمی عێراق پێ گونجاوە. گەر سەیری لەخشتەی 13.2 لەخوارەوەدا بکەین, دەبینین ئاوارەکان هێما بۆ دوو شێوەی بەرپەرچدانەوە دەکەن. زۆرینەی ئاوارەکان بەڕێژەی 56٪ لەسەدا شێوە بەرپەرچدانەوەی چوارەمیان پێ گونجاوەو پێیان وایە, دەبێ فشار بخرێتەسەر ڕێکخراوی UN و گەورەهێزەکانی جیهان, بۆ ئەوەی ڕژێمی عێراق ناچار بکەن پۆلیتیکی بەعەرەبکردن بوەستێنێ. ژمارەیەکی بەرچاوی ئاوارەکان بەڕێژەی 43٪ لەسەدا پێیان وایە, دەبێ هێرش بکرێتە سەر هێزە سەربازیەکانی ڕژێمی عێراق و عەرەبە تازە هاتووەکان. بەواتایەکی دیکە ئەوانە بڕوایان بە بەکارهێنانی هێز و توند و تیژی دژی پۆلیتیکی بەعەرەبکردنی ڕژێمی عێراق هەیە. سەبارەت بەوەی زۆرینەی ئاوارەکان هێما بۆ ئەگەری چوارەم دەکەن, دەکرێ لەبەر ئەوە بێت, کەزۆرینەی ئاوارەکان پێیان وایە, تەنها UNو گەورە هێزەکان لەنێویاندا ئەمەریکا دەتوانن عێراق ناچار بکەن پۆلیتیکی بەعەرەبکردن بوەستێنێ. چونکە تەنها دەسەڵاتێکی گەورەتر و بەهێزتر دەتوانێ بەم کارە هەستێ. دەکرێ ئارگومێنت ئەوە بێت کەوا ئەو هێزانە توانیان عێراق ناچار بکەن لەکوێت بکشێتەوە لەساڵی 1991دا.

**خشتەی 13.2. ئەگەری کاردانەوەی جیاواز دژی پۆلیتیکی بەعەرەبکردن**

| | |
|---|---|
| 1. هیچ شتێ نەکرێ کەببێتەهۆی توڕەکردن و هەڵچوونی حکومەتی عێراق | 1 |
| 2. هێرشکردنەسەر هێزە سەربازیەکانی ڕژێم و عەرەبە تازەهاتووەکان. | 43 |
| 3. هێرشکردن و تۆقاندن بۆ سەر عەرەبە جێنیشکراوە کۆن و نوێکان. | 0 |
| 4. دەبێ فشار بخرێتەسەر UN و گەورە هێزەکانی جیهان, بۆئەوەی عێراق ناچار بکەن پۆلیتیکی بەعەرەبکردن بوەستێنێ. | 56 |
| 5. نازانم | 0 |
| سەرجەم | 100 |

ژمارەی کەس: 161. تێبینی: ژمارەکان بەڕێژەی سەدین.

پرسیار: بۆ بەپەرچدانەوەی پۆلیتیکی بەعەرەبکردنی حکومەتی عێراق, کام لەمانەی خوارەوە بەگونجاو دەزانیت؟

لەسەدا 43ی وەڵامدەرەکان کە لەڕاستیدا ژمارەیەکی زۆرە, بڕوایان بە بەکارهێنانی هێز هەیە, دەکرێ لەبەر ئەوە بێت کەوا ئەوان ناتوانن یا لایان ئاسان نییە لەم تاوانی بەعەرەبکردنەکەی ڕژێمی عێراق ببوورن, بۆیە پێیان وایە دەبێ تۆڵە لەم تاوانەی حکومەتی عێراق بکرێتەوە. یا دەکرێ لەبەر ئەوەبێت, ئەوان بڕوایان بەهێزی دەرەکی و بێگانە بۆ وەستاندنی

بەعەرەبکردن نییە, بەبەڵگەی ئەوەی ئەو هێزە دەرەکیانە هەمیشە لەئاست ئەم کارەی حکومەتی عێراق بێدەنگ بووینە. هەروەها ئەوان پێیان وایە, کورد خۆی دەتوانێ و پێویستە بەرپەرچی ئەم بەعەرەبکردنە بەهێز بداتەوە.

### 5.2. ناسنامەی ڕەگەزیی کەرکوك

هەروەکو پێشتر و لەبەشی یەکەمدا ئاماژەمان بۆ کرد, ناسنامەی ڕەگەزیی شاری کەرکوك ناوکی ناکۆکی نێوان کوردو حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی بەغدا بووە.

هەروەکو باسی ئەوەشکرا کەوا گەلێ نووسەر و شارەزای سەربە نەتەوەو وڵاتی جیاواز لەکۆن و ئێستادا بەشێوەیێ لە شێوەکان دانیان بەکوردستانیەتی کەرکوك ناوە, ئەمە لەسەرچاوە زانیستیەکانیشدا بەهەمان شێوە دەبینرێ.

دیارە پارتە رامیارییە کوردستانیەکان, مێژوو نووسان و شارەزایانی کورد بەگشتی هیچ گومانیان لەناسنامەی ڕەگەزیی کەرکوکدا نییەو پێیان وایە کەرکوك شارێکی کوردستانە.

لەمبارەیەوەو بۆ زانینی هەڵوێستی ئاوارەکان بەرامبەر بەم بابەتە, پرسیارێکی لەم شێوەیە خرایە بەردەم ئاوارەکان. هەروەك خشتەی 2.14 پیشانمانی دەدات هەموو ئاوارەکان کەرکوك بەشاری کوردان دەزانن. واتە ئەوانیش گومانیان لەکوردستانیەتی کەرکوکدا نییە. ئەم هەڵوێستەی ئاوارەکان نە شتێکی نوێیە نە چاوەڕوان نەکراوە, چونکە لەلایەك ئەوان خۆیان کوردن و بوونەتە قوربانی پۆلیتیکی بەعەرەبکردن. لەلایەکی تر کورد زیاتر لەنیو سەدەیە خەبات بۆ کەرکوك و ناوچە سنوورییەکانی دیکە دەکات.

**خشتەی 14.2 ناسنامەی ڕەگەزی کەرکوك**

| ئایا پێت وایە, شاری کەرکوك شارێکی کوردستانە؟ | |
|---|---|
| بەڵێ | 100 |
| نەخێر | 0 |

ژمارەی کەس: 161. تێبینی: ژمارەکان بەرێژەی سەدین.

لەپێشوودا باسی چۆنیەتی وەستاندنی پاکسازی ڕەگەزی و بەعەرەبکردن کرا, هەروەها باسی کاردانەوەو شێوەی بەرپەرچدانەوەی پۆلیتیکی بەعەرەبکردن کرا, بەڵام ئایا ئاوارەکان خۆیان هەڵوێستیان لەگەڕانەوەیان بۆ شوێنی پێشوویاندا چییە؟ ئایا ئەوان ئارەزووی گەڕانەوە بۆ شوێنی ژیانی پێشوویان دەکەن, گەر ژیانیان پارێزگاری بکرێت و بەئاشتی بژین؟

**خشتەی 15.2. ئارەزوو کردنی گەڕانەوە بۆ کەرکوك**

| دەتەوێ بۆ شوێنی ژیانی پێشووت بگەڕێیتەوە؟ | |
|---|---|
| بەڵێ | 99 |
| نەخێر | 1 |
| نازانم | 0 |
| سەرجەم | 100 |

ژمارەی کەس: 161. تێبینی: ژمارەکان بەرێژەی سەدین.

هەروەك لە خشتەی 15.2 دا دیارە, نزیکەی هەموویان بەرێژەی 99٪ لەسەدا دەیانەوێ بۆ زێدی پێشوویان بگەڕێنەوە. واتە ئاوارەکان ئامادەن بگەڕێنەوە, گەر بتوانن ئاشتیانە بژین و پارێزگاری ژیانیان بکرێت.

لەدرێژەی لێکۆڵینەوەکەدا هەوڵدرا بزانین ئایا گرنگترین و لەپێشترین پێداویستی ئاوارەکانی کەمپی بەردەقارەمان چییە. بۆ ئەم مەبەستە پرسیارێکی کراوە ئاراستەی ئاوارەکان کرا, بۆئەوەی کەسە وەڵامدەرەکان بتوانن ئەوەی بەگرنگی دەزانن بنووسن. هەروەك لەخشتەی 16.2دا دیارەو دەردەکەوێ, زۆرینەیەکی ڕاشکاوی ئاوارەکان بەرێژەی 91٪ گەڕانەوەی بەهەر نرخێك بۆ کەرکوك, بەلەپێشترین پێداویستی دەزانن.

**خشتەی 16.2. لەپێشترین پێداویستی ئاوارەکان**

| | |
|---|---|
| 1. گەڕانەوەی بەشەڕ بۆ کەرکوك | 6 |
| 2. گەڕانەوە بۆ کەرکوك, گەر ئاشتی هاتەدی | 3 |
| 3. گەڕانەوە بۆ کەرکو بەهەر نرخێك بێت | 91 |
| سەرجەم | 100 |

ژمارەی کەس: 161. تێبینی: ژمارەکان بەڕێژەی سەدین. پرسیار: بەبڕوای تۆ گرنگترین و لەپێشترین پێداویستی ئێوەی ئاوارە چییە؟

لەسەدا شەشی وەڵامدەرەکان گەڕانەوەی بەشەڕ بۆ کەرکوك بەپێداویستی لەپێش دەزانن. تەنها سێ لەسەدای ئاوارەکان گەڕانەوەی دوای هاتنەدی ئاشتی بەلەپێشترین پێداویستی دەزانن. واتە زۆرینەیەکی ڕاشکاو گەڕانەوە بۆ کەرکوك بەهەر شێوەو ڕێگایەك بەگرنگترین و لەپێشترین پێویستی ئاوارەکان دەزانن. ئەوان دژ گەڕانەوەی بەشەڕ و بەکارهێنانی هێز نین, بەهەمان شێوە دژی چارەسەرێکی ئاشتیانەی کێشەکە نین, گەر مسۆگەری گەڕانەوەیان بکات.

جێگای سەرنج دانە, کەوا جۆرە ناتەباییەك لەنێوان وەڵامەکانی خشتەی 13.2 و خشتەی 16.2دا هەستی پێدەکرێت. لەخشتەی 13.2دا تەنها 43٪ لەسەدای ئاوارەکان لەگەڵ بەکارهێنانی هێز بوون, کەچی لەخشتەی 16.2دا 91٪ لەسەدای ئاوارەکان لەگەڵ گەڕانەوەن گەر بەشەڕیش بێت. ئەم نادڵنیایە یا وەڵامە جودایانە دەکرێ گەلێ هۆی هەبێت. دەکرێ لەبەرئەوە بێت, گەلێ لەئاوارەکان دڵنیانین لەوەی کامە ڕێگا (واتە ڕێگای بەکارهێنانی هێز یا ڕێگای چارەسەری ئاشتیانە) باشترین ڕێگایە. دەکرێ لەبەر شێوەی جیاوازی دەربڕینی پرسیارەکان بێت, کە وا لەکەسی وەڵامدەر دەکات بیری بۆ لای دیکە بچێت و وەڵامی لەیەکتر جیا بداتەوە.

شایانی باسە کەپرسیارە کراوەکە دانرا, بیر لەوەڵامی دیکە دەکرایەوە نەوەکو ئەو وەڵامانەی سەرەوە, بۆ نموونە بیر لەوە دەکرایەوە کەوەڵامەکان گوزارشت لەپێداویسیەکانی ڕۆژانەی ژیانی ئاوارەکان لە کەمپەکەدا بکەن, وەکو مسۆگەرکردنی ئاوی پاك, ئەلەتریك, پێدانی چادری باش و گونجاو هتد.. بەڵام کە ئەوان گەڕانەوە بەگرنگترین پێداویستی دەزانن, دەکرێ لەبەرئەوە بێت, ئەوان هێندە بیر لەپێداویستیەکانی ڕۆژانەیان ناکەنەوە ئەوەندەی بیر لەکێشە سەرەکیەکە دەکەنەوە.

دیارە لەو ڕۆژەوەی باشووری کوردستان بەبێ پرسی خەڵکی کوردستان بەستاتی عێراق لکێنرا, ناکۆکی و شەڕ لەنێوان خەڵکی کوردستان و حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی بەغدا دا بەردەوام بووە. هەموو ئەو وڵاتانەی کوردستانیان داگیرکردووە, هەموو هەوڵێکی خەڵکی کوردستان بۆ ئازادبوونیان بەناپاکی و کاری تیرۆریستانە دەزانن و تاوانی جیابوونەوە دەخەنە پاڵیان. لەباشووری کوردستاندا پارتە ڕامیاریەکان هەوڵیان داوە وەڵامی ئەم تاوانبارکردنەی جیابوونەوە بەتاکتیکی دیکە بدەنەوە. هەر لە چلەکانی سەدەی ڕابردووەوە, پارتە کوردیەکانی باشوور داواکاری جیابوونەوەیان لەپرۆگرامی خۆیاندا نەهێشت و ڕێزیان بۆ یەکێتی خاکی ستاتە داگیرکەرەکانی کوردستان دانا و هەوڵی گەیشتن بەمافی ئۆتۆنۆمیان لەچوارچێوەی عێراقدا داوە. شایانی باسە ئەم تاکتیك گۆڕین و وازهێنانە لەخەباتی سەربەخۆیی, کاریگەریەکی ئەوتۆی لەسەر هەڵوێستی ئەم ستاتە داگیرکەرانەی کوردستان نەکردووە و بەهەموو شێوەو هۆکارێك هەوڵیان داوە کورد بەکەمترین مافی ئازادی نەگات. بەڵگە مێژوویەکانی ڕابردوو و هەڵسوکەوتی ئێستای ستاتە داگیرکەرەکانی کوردستان بەرامبەر بەخەڵکی کوردستان, گەواهی ڕاستی ئەم گوتەیە بەڕاشکاوی دەدەن. بەواتایەکی دیکە بەدرێژایی سەدەی ڕابردوو و تائێستاش ناسیۆنی کورد هەوڵی بۆ هەر جۆرە ئازادیەك دابێت, لەلایەن ستاتە داگیرکەرەکانەوە بەناپاك و تیرۆریست و جیاخواز دانراون.

هەر لەم ڕوانگەیەوە ویستمان بزانین ئاوارەکانی بەردەقارەمان کەقوربانی ڕاستەوخۆی پۆلیتیکی بەعەرەبکردنن, ئەوان خۆیان چ چارەنوسێك بۆ خۆیان ئارەزوو دەکەن و بەباش دەزانن. هەروەك لەخشتەی 17.2 دا دیارە, نزیکەی هەموو ئاوارەکان بەڕێژەی 97٪ لەسەدا, ئارەزووی جیابوونەوەو سەربەخۆیی لەعێراق دەکەن. تەنها سێ لەسەدای کەسە وەڵامدەرەکان پێیان باشە لەگەڵ عەرەبداو لەناو چوارچێوەی ستاتی عێراقدا بەیەکەوە بژین. مەبەست لەم پرسیارە زانینی ویستی ڕاستەقینەی ئاوارەکانە.

خشتەی 17.2. ئاوارەکان و چۆنیەتی چارەنووس لەئایندەدا

| | |
|---|---|
| ژیان لەگەڵ عەرەب لەعێراقێکی هاوبەشدا | 3 |
| سەربەخۆ ژیان و جیابوونەوە لەعێراقی عەرەبی | 97 |
| نازانم | 0 |
| سەرجەم | 100 |

ژمارەی کەس: 161. تێبینی: ژمارەکان بەڕێژەی سەدین.

پرسیار: گەر تۆ بۆت هەبێ چارەنووسی خۆت دیار بکەیت, کام لەمانەی خوارەوە ئارەزوو دەکەیت و بەباش دەزانی.

## 6.2 ئەنجام

لەم بەشەدا مەبەستمان لێکۆڵینەوە لەهۆکارەکانی دەرکردن و کۆچ پێکردنی کوردەکانی ناوچە کوردستانیەکانی بندەستی رژێم بوو. مەبەستمان ئەوە بوو بزانین ئایا رژێمی عێراق پیادەی پۆلیتیکی پاکتاوی ڕەگەزی و بەعەرەبکردن دەکات, پاشان چۆن و بەچ شێوەیەك؟ هەروەها هەڵوێستی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان سەبارەت بەبارودۆخەکە چییە؟ دیارە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو پرسیارە سەرەکیانەو پرسیارەکانی دیکە, پشتمان بەبیرو بۆچوون و هەڵوێستی ئاوارەکانی کەمپی بەردەقارەمان کەقوربانی ئەم پۆلیتیکی بەعەرەبکردنەن, بەست.

وەکو بەهۆی لێکۆڵینەوەکە وەڵامی گەلێ پرسیارمان دەست کەوت و گەیشتینە گەلێ ئەنجام. پەنابەرانی کەمپی بەردەقارەمان نزیکەی هەر هەموویان کوردن و زۆربەیان خەڵکی شاری کەرکوکن. ژیان لەکەمپی بەردەقارەمان ئاسان نییەو کەموکوڕی سەبارەت بەپێداویستیە سەرەتایەکانی ژیان بەڕاشکاوی هەستیان پێدەکرێت. بەڵام یارمەتی خواردەمەنی مانگانە یارمەتیەکی باشیان دەدات و ئاوارەکان پێی دڵخۆشن.

بەگوێرەی وەڵامی ئاوارەکان, حکومەتی عێراق بەزۆر دەریکردوون و ناچاری کۆچکردنی کردوون, چونکە ئەوان سەر بەڕەگەزی کوردن و عەرەب نین. واتە لەزێدی بابوباپیرانیان دەرکراون, چونکە سەربە نەتەوەی زۆرینەی عەرەب نین. هەروەها حکومەتی عێراق هەوڵی گۆڕینی ناسنامەی ئێتنی و نەتەوایەتی کوردەکانی داوەو هەوڵی داوە کوردەکان بەڕەگەزی عەرەب بنووسێ. ئاوارەکان هێما بۆ ڕادەیەکی زۆری گرتن و بەندکردن, ڕاونان و ئازاردان هەروەها شێوەو جۆری دیکەی چەوساندنەوەو ئازاردان دەکەن. هاوکاتی پیادەکردنی ئەم پۆلیتیکە, ڕژێمی عێراق بەردەوام خێزانی عەرەب بۆ شاری کەرکوك دەهێنێ و لەم شارە نیشتەجێیان دەکات.

وەڵامی پرسیارەکانی لێکۆڵینەوەکە, هێما بۆ پێشێلکردنێکی ڕاشکاوی مافەکانی مرۆڤ دەکەن, ئەو پێشێلکردنەی کە لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە پیادە دەکرێت و لەشێوەی پاکسازی ڕەگەزی و بەعەرەبکردن خۆی دەنوێنێ. بەمجۆرە و بەپشت بەستن بەوەڵامی ئاوارەکان, دەتوانین بڵێین کەوا ئەوەی ڕوودەدات پاکتاوکردنێکی ڕەگەزی و بەعەرەبکردنێکی ڕاشکاوە.

بەپێی بۆچوونی زۆرینەی ئاوارەکان, ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بەپاکتاوکردنە ڕەگەزیەکە پەرێشان نییە. بەهەمان شێوە ئەوان پێیان وانییە, کەوا ڕێکخراوی UN بەکارو کردەوەیێ بۆ وەستاندنی ئەم تاوانە مرۆڤایەتیە هەستاوە. ئەوەی جێگای سەرنجە ژمارەیەکی زۆری ئاوارەکان شتێ لەسەر ڕۆڵی یا چالاکیەکانی ڕێکخراوی UN نازانن, یەکێ لەهۆیەکانی ئەم بێ ئاگاییە دەکرێ لەبەر کەمی زانیاری و ڕوونکردنەوەی پێویست سەبارەت بەم ڕێکخراوە بێت. هەرچۆنی بێت ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بەکارێ کە بتوانێ کاریگەرانە ببێتەهۆی وەستاندنی ئەم پۆلیتیکی بەعەرەبکردنەی ڕژێمی عێراق, هەڵنەستاوە. یا بەکارێکی وەستاندنی پاکتاوکردن کەهەوڵ و جێپەنجەی ڕێکخراوی UNی پێوە دیاربێت.

ئەوەی پەیوەستدارە بەدۆزینەوەی چارەسەرێ بۆ کێشەکەو گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ شوێنی ژیانی پێشوویان, ئەوا زۆرینەی ئاوارەکان پێیان وایە کەدەبێ فشار بخرێتەسەر ڕێکخراوی UN تاکو لەم ڕێگایەوە حکومەتی عێراق ناچاری وەستاندنی بەعەرەبکردن بکرێت و پاشان مسۆگەری گەڕانەوەو ژیانی ئاوارەکان بکرێت. هەرچی پرسیاری چۆنیەتی بەرپەرچدانەوەی بەعەرەبکردنە, ئەوا ئاوارەکان بڕوایان وایە ئەمە لەڕێگای UN و گەورە هێزەکانەوە دەکرێت. واتە ئەوان پێیان وایە دەبێ فشار بخرێتە سەر UN و گەورە هێزەکانی جیهان بەتایبەتی ئەمەریکا بۆ ئەوەی ڕژێمی عێراق ناچاری

وەستاندنی تاوانی پاكتاوكردن و بەعەرەبكردن بكەن. بەڵام ژمارەیەكی زۆریش لەئاوارەكان بڕوایان بە بەكارهێنانی هێز بۆ بەرپەرچدانەوەی بەعەرەبكردن هەیە. بەجۆرێ كەوا هێرش بكرێتەسەر هێزە سەربازیەكانی عێراق و عەرەبە تازە هاتووەكان.

هەموو ئاوارەكان ئامادەن بگەڕێنەوە شاری كەركوك یا شوێنەكانی دیكە كەلێیەوە هاتوون. زۆرینەی ئاوارەكان ئامادەن بەهەر شێوەو ڕێگایەك بێت یا بەهەر نرخێك بێت بگەڕێنەوە, ئەمەش بەگرنگترین و لەپێشترین پێداویستی خۆیان دەزانن.

ئاوارەكان هیچ گومانیان لەكوردستانیەتی كەركوكدا نییەو ئارەزووی جیابوونەوە لەعێراق دەكەن. واتە ئەوان ژیانێكی سەربەخۆ لەوڵاتێكی سەربەخۆی كوردانداا بەباشتر دەزانن لەمانەوەیان لەعێراق و ژیان لەگەڵ عەرەبدا.

پێویستە بگوترێ كەوا ئەم ئەنجامانەی لەلێكۆڵینەوەكەدا بەدەستمان هێناوە, بیرو بڕواو هەڵوێستی ئاوارەكانی كەمپی بەردەقارەمانەو ڕەنگ لەبیرو بۆچوونی ئەوان خۆیان دەداتەوە.

خاڵە گرنگەكانی ئەم لێكۆڵینەوەیە كەواتای بۆ بابەتی داهاتووی ئەم لێكۆڵینەوەیە هەیە, لەلایەك جەختكردن و پشت ڕاستكردنەوەی هەبوونی پۆلیتیكی پاكتاوی ڕەگەزی و بەعەرەبكردنە, لەلایەكی تر پیشاندانی ڕۆڵی پاسیڤ و كەمتەرخەمی ڕێكخراوی UN ـە. لەبەشی داهاتوودا لێكۆڵینەوە و ڕاڤەیەكی تیئۆری و ئیمپیریكانە سەبارەت بەپاكتاوی ڕەگەزی و ئەگەری دەستێوەردانی مرۆڤانە بەمەبەستی وەستاندن و دۆزینەوەی چارەسەری كێشەكە دەكەین.

## 3. پاکتاوکردنی ڕەگەزی لەناوچەی کەرکوك و ئەگەری دەستێوەردانی مرۆڤانە

### 3. پاکتاوکردنی ڕەگەزی لەناوچەی کەرکوك و ئەگەری دەستێوەردانی مرۆڤانە

لەم بەشەدا سەرەتا گوزارشێکی گشتی دەستێوەردانی مرۆڤانە و هەندێ لەڕەخنەکانی مەڕ ئەو دیاردەیە دەکەین. پاشان پێناسەی چەمکی دەستێوەردانی مرۆڤانە بەشێوەیەکی وردتر دەکەین. دوای ئەوە دێنەسەر لایەنە تیئۆریەکەو پێناسەی ڕێچکەی خوێندگەی ئینگلیزی بەگشتی و هەردوو ئاراستە سەرەکیەکەی ناو ئەم ڕیچکەیە واتە سۆلیداریستەکان و پلورالیستەکان, هەروەها چۆنیەتی سەیرکردنی ئەم تیئۆرانە بۆ دەستێوەردانی مرۆڤانە. پاشان هەندێ بیروبۆچوونی لایەنگر و دژی دیاردەی دەستێوەردانی مرۆڤانە دەخەینەڕوو. ئەوجا کورتە باسێکی دەستێوەردانی مرۆڤانەی 1991ی باشووری کوردستان دەکەین. دوای ئەوە دێینەسەر ڕاڤەکردنی بابەتی لێکۆڵینەوەکەو جۆری سەیرکردنی ئەم دوو تیئۆرییە بۆ کێشەی بەعەرەبکردن لەناوچەی کەرکوکدا ڕوون دەکەینەوە, دوای ئەوە سەیری ڕووی ڕاستەقینەی بارودۆخی ڕامیاری ناوچەکە دەکەین. بەرلەوەی ئەنجامی ئەم بەشە بخەینەڕوو, هەڵسەنگاندنێك سەبارەت بەتیئۆریەکان و کێشەکە دەخەینەڕوو.

### 1.3 سەرەتا : دەستێوەردانی مرۆڤانەو هەندێ ڕوونکردنەوە

دەستێوەردانی مرۆڤانە لەرێگای هێزی سەربازییەوە ( Humanitarian-Intervention) یا هاتنەناوەوەو دەست تێکەڵکردن لەرێگای هێزی سەربازیەوە لەکاروباری ناوخۆی وڵاتێکی سەربەخۆدا بەمەبەستی یارمەتیدانی مرۆڤانە, لەسەرەتای نەوەتەکانی سەدەی ڕابردووەوە بەشێوەیەکی دیار دەکەونە بەرچاو. واتە دوای کۆتاییهاتنی جەنگی سارد. چەمکی "ئەنتەرڤەنسیۆن" کەبۆ دیاردەی دەستێوەردانی مرۆڤانە یا میلیتاری بەکاردێ, هەروەها لەبەرئەوەی چەمکە ئۆرگینالەکەیە و بەشێوەیەکی بەرفراوان لەئاستی ئەنتەرناسیونالدا بەکاردێت, بۆیە منیش ئەم چەمکە بەشێوە ئۆرگیناڵەکەی لەتەك چەمکی کوردی "دەستێوەران" بەکاردەهێنم.

لەکاتی جەنگی ساردا دەستێوەردان لەڕێگای هێزی سەربازیەوە هاتووەتە ئاراوە, مەبەستی ئەم ئەنتەرڤەنسیۆنانە مرۆڤانە نەبووە, بەڵکو بەمەبەستی پاراستنی و پارێزگاری ئاسایش و بەرژوەندی ناسیونالانە بووە. هەندێ لەو ئەنتەرڤەنسیۆنانە بەرفراوان نەبووینە و ناوچەیی بووین, هەروەها نەبووینە هۆی پرۆڤۆکاسیۆن و هەراسانکردنی دوو هێزە گەورەکەی جیهان, واتە ئەمەریکاو سۆڤیەتی کۆن. ئەو دەستێوەردانانە یا ئەنتەرڤەنسیۆنانە لەلایەن هێزی ناوچەیی و بچوکەوە ئەنجام دراون. نموونە بۆ ئەنتەرڤەنسیۆنی میلیتاری لەکاتی شەڕی ساردا: ئەنتەرڤەنسیۆنی میلیتاری تەنزانیا لەئۆگاندادا لە ساڵی 1978دا, ئەنتەرڤەنسیۆنی میلیتاری ڤێتنام لەکەمبۆدیادا لە ساڵی 1979دا. ئەم دەستێوەردانە یا ئەنتەرڤەنسیۆنە سەربازیانە بەکۆمەڵ و هەمەلایەنە نەبووینە, بەڵکو تاکە وڵاتێك بەتەنیاو سەربەخۆ بەکارەکە هەستاوە. ئەوانە ڕەوایەتیان داوەتە دەستێوەردانە سەربازیانەکەیان لەژێر ناوی بەرگری لەخۆکردن و پاراستنی ئاسایشی نەتەوەییان, ئەمەش بەپێی ئارتیکلی 51 ی نەتەوە یەکگرتووەکان کەپاڵپشتی وڵاتی سەربەخۆ لەبەرگری لەخۆکردندا دەکات.[59] لەلایەن ئەو وڵاتانەوە ئەوە ڕانەگەیەندرا کەوا مەبەست لەدەستێوەردانەکەیان کارێکی مرۆڤانەیەو لەبەر ئەو هۆیە بەئەرکی دەستێوەردان هەڵساون, بەڵام لەگەڵێ باردا ئەنتەرڤەنسیۆنەکان ڕوونکردنەوەیەکی مرۆڤانەیان بەخۆوەگرتووە, چونکە دەرکردی مرۆڤانەش هاتووەتەدی. بۆنموونە لە ئۆگاندا و کەمبۆدیادا خەڵکی ئەو وڵاتانە لەو ئازارانەی کەلەلایەن ڕژێمەکانی خۆیانەوە تووشی ببوون رزگارکران. بەواتایەکی تر وڵاتانی دەستێوەردەر کەتەنزانیاو ڤێتنام بوون خەڵکی کەمبۆدیاو ئۆگاندایان لەئازارەکانیان رزگارکردو پێشیان بەچەوساندنەوەی خەڵکەکە گرت.

دیارە نموونەش دەربارەی دووهێزە گەورەکەو هەڵسانیان بەئەنتەرڤەنسیۆنی میلیتاری لەکاتی جەنگی ساردا هەن, بۆنموونە: ئەنتەرڤەنسیۆنی میلیتاری یەکێتی سۆڤیەت لەهەنگاریا لەساڵی 1956دا, هەروەها لەئەفغانستان لەساڵی 1979دا. هەروەها ئەنتەرڤەنسیۆنی سەربازی ئەمەریکا لەگواتیمالا لەساڵی 1954دا, هەروەها لەڤێتنامدا لەساڵی 1967دا هتد.. کەئەمەریکاو سۆڤیەت بەو ئەنتەرڤەنسیۆنانە هەستان, بەشێوەیەکی سەرەکی لەبەر بەرژەوەندی ناسیونالیستانەی خۆیان و پاراستنی ئاسایشی ناسیونالیستانەیان بوو, دیارە هەردوولایان هەوڵیان دەدا شوێنی دەسەڵاتیان بەرامبەر بەیەکتر بەهێز بکەن و هاوکێشەو پارسەنگی دەسەڵات بەمەبەستی پاراستنی ئاسایشی ناسونالانەیان واتە نەتەوایەتیان بپارێزن.

لەدوای کۆتاییهاتنی شەڕی ساردو دارمانی سیستەمی سۆسیالیستی لەوڵاتە سۆسیالیستەکانی رۆژهەڵاتی ئەروپادا, سیستەمێکی نوێی جیهانی هاتەکایەوە, "سیستەمی یەك پۆلاری" لەژێر بەڕێوەبەرایەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا. ئەم سیستەمە نوێیەی جیهان مەرجئامێزانە پەسندی ئەنتەرڤەنسیۆنی مرۆڤانەی کرد, ئەمە بەمەبەستی پێشگرتن

Wheeler in Baylis and Smith, 1999: 398 [59]

بەکارەساتی مرۆڤانە, بۆنموونە ڕاگرتن و پێشگرتن لەکۆمەڵکوژی لەولاتێکی دیکتاتۆردا کەڕژێمەکەی دژ بەخەڵکی خۆی دەیکات.

ئەنتەرڤەنسیۆنی مرۆڤانە لەراستیدا دژی هەندێ لەو پرەنسیپانەیە, کەماوەیەکی درێژە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی پشتی پێ دەبەستێ[60]. پرەنسیپی وەکو سەرداری ستات state-sovereignty و خۆتێکەڵ نەکردن یا دەستێوەرنەدان non. intervention پرەنسیپی خۆتێکەڵ نەکردن یا بەئینگلیزیەکەی نۆن-ئینتەرڤەنسیۆن واتە مافی ولاتێکی سەربەخۆ لەحوکمگێڕان و بەرپرسیاریەتی بەرامبەر بەکاروبارە ناوخۆییەکان بەبێ خۆتێکەڵکردن و دەستێوەردانی ولاتێکی یا ولاتانی بێگانە.

ولات زۆرن کەوا دژی دەستێوەردانی مرۆڤانەن بۆنموونە چین و ڕووسیا. دژایەتیکردنی دەستێوەردانی مرۆڤانە لەلایەن ئەم ولاتانەوە, بووەتە هۆی سەختکردنی پرۆسیسەکە بەشێوەکی دیار. دەکرێ گەلێ هۆ هەبن کە وابکەن ئەو ولاتانە بەچاوی ڕەخنەگرانە سەیری ئەنتەرڤەنسیۆنی مرۆڤانە بکەن یا دژی بووەستن. بۆ نموونە بەهۆی ئەوەی کەوا ئەو ولاتانە خۆیان خاوەنی رژێم و سیستەمی دیکتاتۆرانەن, بۆیە نایانەوێ بەشداری لەپرۆسیسێك بەمەبەستی پێشگرتنی ولاتێکی دیکەی دیکتاتۆر لەتاوانێکی دژ بەمرۆڤایەتیدا بکەن.

لەراستیدا جێبەجێکردنی ئەنتەرڤەنسیۆنی مرۆڤانە کارێکی تابڵێی سەخت و ئاڵۆزە بەهۆی ناڕێکی و ناتەبایی لەنێوان ولاتانی گەورەو دەسەلاتداردا.

لەسەرەتای نەوەتەکانی سەدەی رابردوودا چەند ئەنتەرڤەنسیۆنێکی مرۆڤانە بەمەبەستی رزگارکردنی مرۆڤ لەکۆمەڵکوژی و ئازاریتر هاتوونەتەدی. نموونە: ئەنتەرڤەنسیۆنی مرۆڤانە لەکوردستانی بندەستی عێراق لەساڵی 1991دا, هەروەها سۆماڵ لەساڵی دواتردا, بۆسنە لەساڵی 1994دا, کۆسۆڤۆ لە 1999دا. بەبڕوای گەلێ لەشارەزایان مەبەستی سەرەکی لەو ئەنتەرڤەنسیۆنانە مرۆڤانە بووە, واتە ڕزگارکردنی خەڵکی ئەم ولاتانە لەتاوانکاریەکانی کەبەرامبەریان کراوە. لەهەندێکیاندا دەستێوەردانەکە توانیویەتی مەبەست بپێکێ و پێش بەکۆمەڵکوژی و تاوانیتر بەرامبەر بەمرۆڤایەتی بگرێ, بۆنموونە ئەنتەرڤەنسیۆنی 91 لەکوردستاندا توانی کۆتایی بەکارەساتی کۆڕەو بهێنێ و ڕژێمی دیکتاتۆری عێراق ناچاربکا لەتاوانەکانی بوەستێ, ئەمە بەتایبەتی لەو ناوچەیەی کەناونرا زۆنی ئاسایش یا ئارام.

ئەنتەرڤەنسیۆنی مرۆڤانە تووشی ژێرکەوتن و شکستیش هاتووە, بۆنموونە شکست و سەرنەکەوتنی دەستێوەردانەکەی سۆماڵ و کشانەوەی بەناچاری هێزە سەربازیەکانی ئەمەریکا لەم ولاتەدا.

هەندێ لەو ئەنتەرڤەنسیۆنانە ڕەخنەیان لێگیراوە کەگوایە ئەنتەرڤەنسیۆنەکان "سێلێکتیو"ن ( هەڵبژێردراو و دیاریکراو), واتە ولاتانی دەستێوەردەر لەبەر ڕۆشنایی بەرژەوەندی ڕامیاری و ئابوورییاندا ولاتێك بۆ دەستێوەردان دیاردەکەن, بەواتایەکیتر ئەو ولاتانەی بۆ دەستێوەردان دیاردەکرێن هەڵبژێردراون.

خاڵێکی دیکە کەرەخنەی لێ دەگیرێ ئەوەیە, دەستێوەردانی مرۆڤانە لەڕێگای هێزی سەربازییەوە, دەبێ مەنداتی واتە ڕاسپاردەی (بڕیار کەبەزۆربەی دەنگی ئەندامانی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشەوە پەسند دەکرێ) لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە پێ بدرێ, ئەگینا هەڵسان بەئەنتەرڤەنسیۆن نایاساییە. بەواتایەکی تر دەبێ ئەنتەرڤەنسیۆن لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشی UN ـەوە پشتگیری بکرێ. بۆنموونە ئەو دەستێوەردانەی لەساڵی 1991دا لەکوردستاندا کرا, مەنداتی لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشەوە پێ نەدرابوو, واتە دەستێوەردانەکە پاڵپشتێکی یاسایی لە UN ـەوە نەبوو, ئەوەش بەگوێرەی کەپیتالی 7 ی پەیوەستدار بەئەنتەرڤەنسیۆن, کەتیایدا ڕێگا دەدرێ بەدەستێوەردانی سەربازی گەرهاتوو هەڕەشە لەئاشتی و ئاسایشی نێونەتەوەیی لەئارادابێ. دەربارەی ئەنتەرڤەنسیۆنەکەی 91ی کوردستان, چین و ڕووسیا جگەلەوەی پشتگیری دەستێوەردانی سەربازیان نەکرد, بەڵکو بەچاوی ڕەخنەش سەیری پەسندکرنی بڕیاری 988ی ساڵی 1991 یان دەکرد, ئەو بڕیارەی ئامانجی ئەوەبوو خەڵکی کوردستان لەهێرش و هەڕەشەکانی ڕژێمەکەی سەدام بپارێزێ[61].

چین و ڕووسیا پێیان وانەبوو کەوا کۆڕەوی کوردان بووەتەهۆی هەڕەشەکردن لەئاسایشی نێونەتەوەیی, هەروەها نەیاندەویست پشتگیری پێشنیارێك بکەن کەمەبەستی بوو هێزی سەربازی بۆ پارێزگاری مافەکانی مرۆڤ بەکاربێنێ. دەکرێ هۆی ئەو ناتەباییەیان لەگەڵ دەستێوەرداندا بگەڕێتەوە بۆ: یەکەم, لەترسی ئەوەی نەوەك ئەم جۆرە بڕیارە بگاتە ڕادەیێ

Wheeler in Baylis and Smith, 1999: 392 [60]
Wheeler in Baylis and Smith, 1999: 401 [61]
Jackson and Sorensen, 1999: 163

که لەدژی ئەوان خۆشیاندا بەکاربهێنرێت. دووەم, پەسندکردنی ئـەم جـۆرە پێشـنیارە دەبێتـەهۆی لـەگۆڕانانی یـا شـکاندنی پرینسیپی خۆتێکەڵ نەکردن Non-Intervention.

بابەتی بەکارهێنانی هێزی سەربازی بەمەبەستی پارێزگاریکردن لەمافەکانی مرۆڤ, بابەتێکـە کەبیروبۆچـوونی دژبەیـەکی لەسەر هەیەو هەمیشە جێگای مشتومڕو کێشەیە.

جێگای گرنگی پێدانە کەمەبەستی سەرەکی لەدەستێوەردانەکانی بۆنموونە کوردستان و سۆماڵ مرۆڤانە بـوون, واتـە لـەو ئەنتەرڤەنسیۆنانەدا بەرژەوەندی ناسیونالانەی وڵاتانی دەستێوەردەر نەکەوتبوونە بەر هەڕەشەو مەترسی تاوەکو ببێتـەهۆی دەستێوەردانەکەیان.

شایانی باسە میدیاو ڕاگەیاندن ڕۆڵی گەورەو بەرچاویان لەسەر بڕیاری ئەنتەرڤەنسیۆنەکانی ئەو وڵاتانەدا هـەبوو. چـونکە ئەوسـا میـدیای ڕۆژئـاوا سـەرنجی دابـووە ئـەو ناوچـانەو بووەهـۆی سـەرنج ڕاکێشـانی دانیشـتوان و دامودەزگاکـانی ڕۆژئـاوا بەتایبەتی ئەمەریکا بەشێوەیەکی دیار. بۆنموونە کاتێ میدیا سەرنجی خستبووەسەر هەڵاتنی بەکۆمەڵی کوردان و بـارودۆخی نالەبارو پڕ لەکارەساتیان, ڕۆڵی دیاری لەپاڵنانی وڵاتـە هاوپەیمانـەکان بـۆ هاتنـەناوەوەو دیـارکردنی هێڵی ئاسایشـی 36دا بینی. لەم ڕێگایەوە توانرا کۆتایی بەکارەساتی کۆڕەوەکە بهێنرێ و گیانێکی زۆر ڕزگاربکرێت. بەڵام هەرکە سەرنجی میـدیای ڕۆژئاوا ڕووی لەناوچەیەکیترو کێشەیەکیتر کرد, بایەخی کێشەکەی کوردان چ لەلایەن دانیشتوان و دامودەزگاکـانی ڕۆژئـاواوە چ لەلایەن وڵاتانی دەستێوەردەرەوە کەم بووەوە [62].

ڕەخنەیـەکی تـر کـەوا ئاراسـتەی ئەنتەرڤەنسـیۆنی مرۆڤانـە دەکرێ ئەوەیـە, کـەوا لەدەسـتێوەردانەکاندا تـەنیا گرنگـی بەچارەسـەرێکی کاتیانـەی تەنگژەکـەو هەوڵـدان بـۆ ڕاگرتنی کارەسـاتەکە دەدرێـت, کەچـی هـەوڵ نـادرێ چارەسـەری ئـەو هۆکارانەی کەفاکتەری بنەڕەتی تەنگژەکەن بکرێ, واتـە بـەدوای ئـەو هۆکارانـەدا کەبوونەتـە هـۆی سـەرهەڵدانی تەنگژەکـە داناچن. بەواتایەکیتر ڕاگرتنی ئازاری خەڵکەکە کورتخایەنو کاتییە.

باشـترین نموونـە کوردسـتانی بندەسـتی عێراقـە, کەلـەدوای دەسـتێوەردانەکە هێڵـی ئاسایشـی 36 لەبەشـێکی ناوچـەی کوردستاندا دیارکرا, ڕاستە بەشێکی دیاری خەڵکە ئاوارەکە توانیان بگەڕێنـەوە شـوێنەکانی پێشـووی خۆیـان و پارێزگاریـان بۆدابینکرا, ڕاستە توانرا کۆتایی بەکارەساتی کۆڕەوەکە بهێنرێت, بەڵام کێشەکە چارەسـەر نـەکرا, بەواتایـەکی تـر فاکتـەرە ڕاسـتەقینەو بنەڕەتیـەکان کەبوونـە هـۆی دروسـتبوونی کارەسـات و تەنگژەکـە بـێ چارەسـەر مانـەوە. ئـەوە جگەلـەوەی کوردەکانی ئەو ناوچانەی کەلەدەرەوەی زۆنی 36 دان و کەدەکەونە ژێردەستی دەسەڵاتی حکومـەتی بەغـدا بـۆ هێزەکـانی سەدام بەجێهێڵدران و بێ پارێزگاری مانەوە.

بەجێهێشتنی خەڵکی ناوچەکانی خوارووی هێڵی 36 بۆ هێزەکانی سەدام و مانەوەیان بەبێ هـیچ پارێزگاریـەك, گرفتێکـی ڕاستەقینەیە. ئەو خەڵکە ڕۆژانە بەرەوڕووی ئازارو ئەشکەنجەدان و ڕاونان دەبنەوە. بەڵگە زۆرن کەوا هێمـا بـۆ پاکتـاوکردنی ڕەگەزی لەناوچەکاندا دەکەن, ئەو ناوچانەی کەلەسەدا چلی 40٪ خوارووی کوردستان پێکدەهێنێت [63].

ئەو شوێنانەی بەسەختی بەر ئەو پاکتاوی ڕەگەزیە کەوتوون, ناوچەی کەرکوك و دەوروبەری هەروەها خوارووی هەولێرن, دیارە ناوچەکانی تریش هەمان هەڕەشەیان لێدەکرێت.

لەگەڵ ئەوەی بەڵگەی ڕاشکاو کەهێما بۆ پاکتاوی نەژادی دەکەن هەن, هەروەها حکومەتـەکانی ناوچـەی ئـازادی کـوردان ئاگاداری نەتەوەیەکگرتووەکانی لەم پاکتاوکردنە کردۆتەوە, کەچی UN بەهیچ چارەسەرێ هەڵنەستاوە کە ئـەم کارەسـاتە بووەستێنێ.

### 2.1.3. پرسیاری لێکۆڵینەوە

وەکـو گوتمـان مەبەسـتی بەرچـاوی دەسـتێوەردانەکەی 91 لـەخوارووی کوردسـتاندا ڕاگـرتنی کارەسـاتەکە بـوو, دیـارە تاڕادەیەکی سەرکەوتووش توانی ئەم مەبەستە بپێکێ, بەڵام ئەو کێشانەی کەهۆکاری ڕاستەقینەی سەرهەڵدانی کارەسـاتەکە بوون چارەسەر نەکرد. هۆکار یا کێشەی ڕاستەقینە, ناکۆکی و ململانێیـەکی خوێنـاوی بەردەوامـە لـەنێوان نەتـەوەی کـوردو حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق, هەرلەو ساتەی ستاتی* عێراق لەساڵی 1921دا لەلایەن ئینگلیـزو فەرەنسـیەکانەوە دامەزرێندرا. کێشەکە کەکێشەیەکی ڕامیارییە, نە لەلایەن UN ـەوە نە لەلایەن وڵاتە هاوپەیمانەکانەوە دەستی بـۆ نـەبردراو

---

[62] Wheeler in Baylis and Smith, 1999: 404

[63] چاوپێکەوتنی تەلەڤیزیۆنی: د. نووری تالەبانی, د. مەحمود عوسمان لە Media Tv, 2000.

* ووشەی "ستات" لەجیاتی ووشەی "دەوڵەت" بەکارهاتووەو لەخوارەوەدا بەکاردەهێندرێ.

هەوڵی چارەسەرکردنی نەدرا. بارودۆخی ئێستای ئەو ناوچانەی کەوا دەکەونە خوارووی هێڵی 36 و لەژێرچنگی ڕژێمی بەعسدان بەتایبەتی ناوچەی کەرکوك و دەوروبەری، بەرەوڕووی پاکتاوکردنێکی سیستەماتیکی ڕەگەزی و بەعەرەبکردنی بەردەوام بوونەتەوە. هەروەکو لەبەشەکانی یەك و دوودا ئاماژەمان بۆی کرد.

هەرچەندە ڕێکخراوی UN بەشێوەی جۆراوجۆرو لەگەڵیّ لایەنەوە لەم کارەساتە ئاگادارکراوەتەوە، کەچی UN بەهیچ کارێ کەببێتەهۆی ڕاگرتنی ئەم پاکتاوکردنە رەگەزییە هەڵنەستاوە. دیارە ئاوارەکانی کەمپی بەردەقارەمانیش لەسەر بێدەنگی UN تەبان.

پرسیاری گونجاو لێرەدا ئەوەیە: **ئایا تا چ ڕادیەك ئەنتەرڤەنسیۆنی مرۆڤانە بەمەبەستی ڕاگرتنی کارەساتەکە ریگـای تێدەچێ؟** ئەم پرسیارە دەربڕینی کێشەی ئەم لێکۆڵینەوەیە و هەوڵی وەڵامدانەوەی لەخوارەوەدا دەدرێت. لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا جەخت دەخرێتەسەر ئەگەری دەستێوەردانی مرۆڤانە لەرێگای بەکارهێنانی هێزی سەربازییەوە.

### 3.1.3. **تیئۆر و میتۆد**

لێکۆلینەوەکە دابەش دەکرێتە سەر دووبەش، لایەنی تیئۆری و لایەنی ئیمپیریکی واتە پشت بەستن بەئەزموون و تاقیکردنەوە لەبەر رۆشنایی چاودێری زانستیانەدا.

لایەنە تیئۆریەکە پێکدێ لەدوو رێچکەی تیئۆری کەبریتین لە: تیئۆریی کۆمەڵگەی ئەنتەرناسیونالی پلورایست Pluralist international society ، هەروەها تیئۆریی کۆمەڵگەی ئەنتەرناسیونالی سۆلیداریست Solidarist international society، هەردوو رێچکە تیئۆریەکە سەربە رێچکەیەکی سەرەکین کەئەویش تیئۆریی کۆمەلگەی ئەنتەرناسیوناله International Society کە بەخوێندگەی ئینگلیزی ناسراوە. لەلایەنی تیئۆریەکەدا گرنگی بەبیرو بۆچوونی هەروەها دەمەتەقێی ئەم دوو ڕێچکە تیئۆریە دەربارەی ئەنتەرڤەنسیۆنی مرۆڤانە دەدرێت. واتە لەبەر رۆشنایی بۆچوونی ئەو تیئۆریانەدا چوارچێوەیەك بۆ گونجاوی یا نەگونجاوی دەستێوەردانی مرۆڤانە پێك دەهێنرێت.

هۆی هەڵبژاردنی ئەم دوو تیئۆرە لەبەرئەوەیە، ئەو دوو تیئۆرە خۆیان تاڕادەیەکی زۆر لەگەڵ سیستەمی نوێی جیهانیدا کەتیایدا دەستێوەردانی مرۆڤانە بەشێکی دانەبڕاویەتی، گونجاندووە. هەروەها ئەم دوو ڕێچکە تیئۆریە مەرجئامێزانە پەسندی دەستێوەردانی مرۆڤانەیان کردووە.

خوێندگەی ئینگلیزی گرنگی دەدا بەبەهاو چەمکی وەکو: ئاشتی و ئاسایش، سەرداری ستات، ڕەوایەتی، مافەکانی مرۆڤ. ئەم چەمکانە گرنگی و واتای زۆریان لەم لێکۆلینەوەیەدا هەیە، بۆیە هەڵبژاردنی ئەم دوو ڕێچکە تیئۆریە بۆ بابەتی لێکۆلینەوەکە بەگونجاو زاندرا.

لەلایەنی ئیمپیریکی لێکۆڵینەوەکە جەخت دەخرێتەسەر بابەتی پاکتاوی ڕەگەزی لەکەرکوك و دەوروبەریدا. دەکرێ بابەتەکە لەدوو لایەنەوە گونجاوبێ: یەکەم، پاکتاوی ڕەگەزی و بەعەرەبکردن لەناوچەکەدا بابەتێکی ئەکتوێلە واتە کێشەیەکە ئێستا لەئارادایە. دووەم، لەجێگای خۆیدایە لێکۆڵینەوە لەمەڕ ئەم بابەتە لەبەر ڕۆشنایی ئەم تیئۆریانەدا بکرێ، هەروەها ڕووی راستەقینەی بارودۆخی ناوچەکە بخرێتەڕوو، چونکە بێدەنگی نەتەوەیەکگرتووەکان بەرامبەر بەکارەساتەکە جێگای سەرسوڕمانە.

دیارە تێڕوانینی هەردوو ڕێچکە تیئۆریەکە بۆ کێشەکە هەروەها چۆنیەتی بارودۆخی ڕاستەقینەی ڕامیاری ناوچەکە دەخەینەڕوو.

### 2.3. **دەستێوەردانی مرۆڤانەو خوێندگەی ئینگلیزی**

لەم بەشەدا جەخت دەخرێتەسەر لایەنە تیئۆریەکە بەم شێوەیەی خوارەوە: پێش ئەوەی دەستبکرێ بەلایەنە تیئۆریەکە چاکوایە پێناسەیەکی دەستێوەردانی یا ئەنتەرڤەنسیۆنی مرۆڤانە بکەین، پاشان رێچکەی تیئۆریی خوێندگەی ئینگلیزی ڕووندەکرێتەوەو پێناسەی دەکرێت. لەبەشەکانی دواتردا زیاتر لەبیروبۆچوون و هەڵوێستی هەردوو رێچکە تیئۆریەکە واتە کۆمەڵگای ئەنتەرناسیونالی پلورالیست هەروەها کۆمەڵگای ئەنتەرناسیونالی سۆلیداریست نزیك دەکەوینەوە. لەبەشی پاشان سەرنج دەدەینە هەندێ هەڵوێستی دژبەیەك و جیا لەمەڕ ئەنەتەرڤەنسیۆنی مرۆڤانە کە لەدوو بەشدا خۆیان دەنوێنن، ئەوانەی لایەنگرن و ئەوانەی دژی دەستێوەردانی مرۆڤانەن.

### 1.2.3. پێناسەی دەستێوەردانی مرۆڤانە

لەپێشەکیەکەدا شتێك دەربارەی دەستێوەردانی مرۆڤانە گوترا, بەڵام لەم بەشەدا هەوڵدەدەین زیاتر لەبابەتەکە وردبینەوەو پێناسەیەکی بدەینەدەست.

بەپێی پۆلیتۆلۆگ (پۆلیتیك ناس) نیکلاس ویلەر, تێگەیشتنی ترادیسۆنالانەی ئەنتەرڤەنسیۆنی مرۆڤانە بریتییەلە, هەڵسان بەکارێك کە لەڕێگایەوە دەستکاری کاروباری ناوخۆی وڵاتێکی سەربەخۆ بەمەبەستی پێشگرتن لەڕژێمی ئەم وڵاتە لەکوشتن و ئازاردانی دانیشتوانەکانیدا دەکرێت [64].

بەپێی بۆچوونی خاچی سوور, مەبەست لەئەنتەرڤەنسیۆنی مرۆڤانە پێشگرتن و کەمترکردنەوەی ئازارەکانی مرۆڤە. خاچی سوور ئەم پێناسەیە بە پێناسەیەکی بێلایەن و ناپۆلیتیك دادەنێ و پێی وایە, مرۆڤ بوونەوەرێکە شایانی ئەوەیە بەبێ گوێدانە توخم, ڕەگەز و ناسیۆن پارێزگاری بکرێت. شارەزایان ڕەخنە لەم پێناسەیە دەگرن و دەڵێن ئەم پێناسەیە کرداری مرۆڤانە لەهەر کات و شوێنێکدا وەك یەك دادەنێ. ڕەخنەگران دەڵێن, ئازارە مرۆڤایەتیەکان گۆڕانیان لەئیپۆکە یا سەردەمە جیاجیاکانی مێژوودا بەسەردادێ, هەروەها تێگەیشتن و لێکدانەوەی جودا بۆ ئازارە مرۆڤایەتیەکان هەیە, بۆ نموونە لەسەردەمێکدا کۆیلایەتی بەسروشتی دەزانرا, کەچی دواتر و لەسەردەمێکی تردا بەتاوان و کارێکی دژ بەمرۆڤایەتی داندرا [65].

لەپێناسەیەکی تردا کە گشتگرانە لە دەستێوەردان دەدوێ, ئەنتەرڤەنسیۆن بەدەستێوەردانێکی زۆرەملێ لەکاروباری ناوخۆ یا دەرەکی وڵاتێکی سەربەخۆ دادەنێ. ئەنتەرڤەنسیۆن دەکرێ لەلایەن یەك یا چەند وڵاتێك جێبەجێ بکرێت, هەروەها دەکرێ لەلایەن نەتەوەیەکگرتووەکانەوە پشتگیری و ڕەوایەتی بەدەستبێنێ. بەگوێرەی چارتەر یا یاسای نەتەوە یەکگرتووەکان, ئەنجومەنی ئاسایش دەسەڵاتی ئەوەی هەیە ڕەوایەتی بداتە ئەنتەرڤەنسیۆن لەبارێکدا کەبارودۆخێك یا تەنگژەیەك بەهەڕەشە بۆ ئاشتی و ئاسایش دابندرێت [66].

ئەنتەرڤەنسیۆن لەڕاستیدا بەرەورووی گرفتێکی پرەنسیپیانە لە پۆلیتیکی نێونەتەوەیی واتە ئەنتەرناسیونالدا دەبێتەوە, ئەویش بەهۆی پرەنسیپی ماف سەرداری ستات, کە بەگوێرەی ئەم پرەنسیپە ستاتی سەربەخۆ ماف تەواوی لەچۆنیەتی داڕشتن و بەڕێوەبردنی بوارە رامیاری, ئابووری, کەلتووری و کۆمەڵایەتیەکاندا بەبێ دەستکاری لایەنێکی بێگانە یا دەرەکیدا, هەیە. بۆیە دەرکرێ دەستێوەردان لەکاروباری ناوخۆی وڵاتێکی سەربەخۆدا بەشکاندنی ئەم پرینسیپی سەرداری ستاتە دابندرێت [67].

وەکو گوترا بەپێی بۆچوونی گەلێ لەشارەزایان ئەنتەرڤەنسیۆن یا ئەنتەرڤەنسیۆنی مرۆڤانە شکاندنی ڕاستەوخۆی پرەنسیپەکانی سەرداری ستات و خۆتێکەڵ نەکردنە ئەمەش بەپێی چارتەری UN, ئەرتیکلی 2 ( 7 ), کەقەدەغەی نەتەوە یەکگرتووەکان لەدەستێوەران و خۆتێکەڵکردن لەکاروباری ناوخۆی وڵاتانی سەربەخۆدا دەکات. ئەمە ئەوە دەردەخا کەوا چەمکی ئەنتەرڤەنسیۆن چەمکێکی پرسیارهەڵگرەو مشتومڕی زۆری لەسەردایە.

ر. گ. ڤینسنت کەشارەزاو تیئۆرکارێکی سەر بەرێچکەی کۆمەڵگای ئەنتەرناسیۆنالی پلورالیستە هەوڵدەدا سنوردارانەتر و ووردتر پێناسەی چەمکی ئەنتەرڤەنسیۆنی مرۆڤانە بکاو دەڵێ: "ئەنتەرڤەنسیۆن چالاکیەکە کە لەلایەن وڵاتێك یا گروپێکی ناو وڵات یا کۆمەڵێك وڵات جێبەجێ دەکرێت یا ڕێکخراوێکی ئەنتەرناسیونال پێی هەڵدەستێت, کە لەڕێگایەوە دەستێوەردانێکی زۆرەملێ لەکاروباری ناوخۆی وڵاتێکی دیکەدا دێتەکایەوە. چالاکیەکە سنووردارەو سەرەتاو کۆتایی هەیە. دەستێوەردانەکە مەرج نییە یاساییە یا نایاساییە, لەڕاستیدا پەیمان شکاندنێکە بەرامبەر بەیەکێ لەرێکەوتننامەکانی پەیوەستدار بەپەیوەندییە نێونەتەوەییەکان" [68]. بەپێی ئەم پێناسەیە ئەگەرچی ئەنتەرڤەنسیۆن سەرەتاو کۆتایی هەیە, بەڵام شکاندنی پەیمانێکە لەرێکەوتننامە ئەنتەرناسیونالەکاندا.

زۆربەیەکی دیار لەیاساناسانی بواری ئەنتەرناسیونالدا کەپێیان دەگوترێ ریسترۆکشیۆنیستەکان, بەچاوێکی ڕەخنەگرانە دەڕواننە ڕەوایی و یاسایی بوونی دەستێوەردانی مرۆڤانە. ئەوانە ئاماژە بۆ چارتەری UN, ئەرتیکلی 2 (4) دەکەن کە بەپێی ئەم بەندە دەستێوەردانی سەربازیانەی زۆرەملێ نایاساییە.

---

[64] Wheeler in Baylis and Smith, 1999: 393

[65] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

[66] Leksikon I statskundskab, 1997: 95

[67] هەمان سەرچاوە.

[68] Vincent, 1974: 3-19

کۆمەڵێکیتری یاساناسانی بـواری نێونەتـەوەیی کەبـە کاونتـەر ریستڕۆکشیۆنیسـت نـاودەبرێن, پێیانوایـە دەسـتێوەردانی مرۆڤانە یاساییە جا چ لەلایەن یەك یا چەند وڵاتێکەوە ئەنجام بدرێ. وەکو دیارە ئەم دوو گروپە یاساناسە دوو بیروبۆچوونی جودا لەیەك و دژ بەیەکیان دەربارەی ئەنتەرڤەنسیۆنی مرۆڤانە هەیە [69].

### 2.2.3. ڕێچکەی خوێندگەی ئینگلیزی

ڕێچکەی تیئۆریی خوێندگەی ئینگلیـزی یـا کۆمەڵگـەی ئەنتەرناسـیونال هەوڵیـداوە هەنـدێ لەبیروبۆچـوونەکانی ڕیـالیزمی کلاسـیك, لیبرالیزمـی کلاسـیك و یاسـا ئەنتەرناسـیونالەکان لەیـەك ڕێچـکەی سـەربەخۆدا بەیەکـەوە کۆبکاتـەوە, واتـە وەکـو ڕێچکەیەکی تیئۆریی سەربەخۆی بواری پۆلیتیکی ئەنتەرناسیونال واتە پۆلیتیکی نێونەتەوەیی.

بوونی وڵاتان لەکۆمەڵگەیەکی ئەنتەرناسیونالدا کەبنچینەدەگرێ لەسەر هۆکار, مۆرال و پراکیتك, ئاسایی دەگەڕێندرێتەوە بۆ یا دەبەسترێتەوە بە هۆگۆ گرۆتیس کەیەکێکە لەشارەزاو تیئۆرکارە کلاسیکەکانی ئەم ڕێچکەی خوێندگەی ئینگلیزییە [70].

هەندێ لەتیئۆرکارەکانی ئەم ڕێچکە تیئۆریە ئەوانەن: هێرچ لاوتەرپاخت, مارتین وایت, هێدلی بەڵ, ر.گ. ڤنسنت, ئـادەم رۆبەرت و هی دیکە. ئەوانە رۆڵی دیاریان لەپێشخستن و گەشەپێکردنی بیروبۆچوونە گرنگەکانی ئەم ڕێچکەیەدا گێراوە.

مارتین وایت دەڵێ, "پۆلیتیکی نێونەتەوەیی ئەزموون و تاقیکردنـەوە کەکێشـەو زمـان و مـۆرکی تایبـەت بـەخۆیان هەیـە دەگرێتەخۆی. گەر مەبەست وابێ هەوڵی تێگەیشتنی و لێکۆلینەوەی پەیوەندییە نێونەتەوەییـەکان بـدرێت, پێویسـت وایـە و دەبێ لەترادیسیۆنی ئەزموون و تاقیکردنەوەکانی مرۆڤ ورد ببیتەوە, هەروەها لەو گفتوگۆیانـەی دێنـەئاراوە بەشـداربیت". مارتین وایت مەبەستی لەئەزموون و تاقیکردنەوەی مرۆڤ ئەو ئەزموون و تاقیکردنەوانەیە کە بەئالوگۆڕ و دانوستانی ڕامیاری و ئـابووری ئەنتەرناسـیونالانە پەیوەسـتدارن, ئـەو ئالوگۆڕانـەی کـەمرۆڤی دەسـەڵاتداری وڵاتـان تیایانـدا بەشـداری دەکـەن, بۆنموونە سەرۆکی وڵات, مینیستەری دەرەوە, دیپلۆماتەکان و خەڵکی تری دەسەڵاتدار [71].

دەربارەی ترادیسیۆنی ڕێچکەی کۆمەڵگەی ئەنتەرناسیونال هێـدلی بـەڵ دەڵـێ, "سەرچـاوەی ئـەو بروایـە دەروونناسـی, مێژوو و یاسایە, هەروەها مۆرکی دیاری ئەوەیە کە مەرجئامێزانە پشـت بـەتوانای ڕاهێنـانی (دووبـارەو چـەندبارەبوونەوەی) بڕیاردان دەبەستێت". مەبەستی هێدلی بەڵ لەڕاهێنانی بڕیاردان ئەوەیـە کەشـارەزایانی پەیوەندیـە نێونەتەوەییـەکان دەبـێ لەپۆلیتیکی دەرەوەی وڵاتان کەهەندێجار هەڵبژاردنی بڕیاردانی سەختی مۆرالانە دەگرێتەخۆی بگەن, ئـەو بڕیـارەی کـەدەبێ لەلایەن کەسانی ناو کێشەکە یەکلابکرێتەوە. مەبەستی بەڵ لەبڕیاردان ئەو بڕیارانەیە کە بەبەهاو ئامانجی ڕامیاری بەتایبەتی ئەوانەی مشتومڕیان لەسەرە پەیوەستدارن [72].

شـارەزایانی ڕێچـکەی خوێندگـەی ئینگلیـزی پێیـان وانییـە کـەوا پەیوەندییـە نێونەتەوەییـەکان بریتییـە لەسیسـتەمێکی ئەنتەرناسیونال یا سیستەمی وڵاتان واتە سیستەمێك کەستاتەکان پێکیان هێناوە وەك ڕیالیستـەکان بانگاشـەی بـۆ دەکـەن. خوێندگەی ئینگلیزی پێیوایە, پەیوەندیە نێونەتەوەییەکان بریتییە لەکۆمەڵگەی وڵاتان یا کۆمەڵگەی ئەنتەرناسیونال.

هێدلی بەڵ دەڵـێ, " کاتـێ کۆمەڵگـەی ئەنتەرناسـیونال دێتەکایـەوە کەکۆمـەڵێ وڵات بـەئاگاداری و هوشـیاری تـەواوەوە بەدوای بەرژەوەندی و بەهای هاوبەشدا دەڕۆن, ئەمـە لەسـەر بنچینـەی ئـەو کۆمەڵگەیـەی کەئـەو وڵاتانـە ئامـادەن ملکەچـی یاساکانی بن. ئەو وڵاتانە بەیاسای هاوبەش بەستراونەتەوە, هـەروەها بەیەکـەوە کاردەکـەن و هاوکـاری یـەکتر لەدامـەزراو و ئینیستیتوسیۆنی هاوبەشدا دەکەن" [73].

خوێندگـەی ئینگلیـزی ئـەو گۆتەیـەی ڕیالیسـتە کلاسـیکەکان بەچـەوت دەزانـن کـە دەڵـێن, سـتاتەکان خۆپەرسـتن, وە پەیوەندی و ڕێککەوتنی نێوان ستاتەکان بەتەنها لەسەر بنچینەی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیاندایـە. هـەروەها ئـەوان ئـەوەش بەڕاست نازانن کاتێ ریالیستە کلاسیکەکان دەڵێن, پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان بریتییەلە سیستەمی ستات واتە سیسـتەمی وڵاتان کەئامادەیی ئەوەیان هەیە بگەڕێنەوە یا پەنابەنەوە بەر ململانێ و شەڕ.

هەروەها خوێندگەی ئینگلیزی بۆچوونی گەشبینانەی لیبراڵە کلاسیکەکانیان لاڕاست نییە, کەسەیری پەیوەندییە ئەنتەرناسیونالەکان وەك کۆمەڵگەی جیهان دەکەن کەپێیان وایە, کۆمەڵگەی جیهان یارمەتیدەرەو بۆ پێشکەوتن و ئاشتی تاهەتایی و یەکجاری هەوڵدەدات.

---

[69] Wheeler in Baylis and Smith, 1999: 397

[70] Knudsen, B. Tonny, 1999: 32

[71] Jackson and Sorensen, 1999: 140

[72] هەمان سەرچاوە.

[73] Jackson and Sorensen, 1999: 143

وەك دەردەكەوێ خوێندگەی ئینگلیزی لەلایەك ڕەشبینی ڕیالیستە كلاسیكەكانی لاپەسند نییە, لەلایەكیتر گەشبینی لیبراڵە كلاسیكەكانی لاپەسند نییە. بەكورتی خوێندگەی ئینگلیزی ڕێگایەكی مامناوەندی لەنێوان ڕیالیستەكان و لیبراڵەكاندا بۆخۆی هەڵدەبژێرێت, واتە وەكو ڕێچكەیەكی سەربەخۆو جیا لەبواری پەیوەندیە نێونەتەوەییەكاندا[74].

بەبڕوای تیئۆركارانی خوێندگەی ئینگلیزی, پارێزگاری و گەشەپێكردنی ڕێكڕاگری order, ئاشتی و ئاسایشی نێونەتەوەیی ئەركی لەپێشن, هەروەها پێیان وایە, پارێزگاری ڕێكڕاگری, ئاشتی و ئاسایشی نێوان وڵاتان لەئەستۆی وڵاتانی گەورەو دەسەڵاتدار دایە[75].

هێدلی بەڵ لەڕێكڕاگری ئەنتەرناسیونال (نێونەتەوەیی) و ڕەوایەتی ئەنتەرناسیونال دەدوێ و دەڵێ, "لەسەر كۆمەڵگەی ئەنتەرناسیونال پێویستە كەوا ڕەچاوی هەردوولایەنی ئاسایش و ڕەوایەتی بكات. واتە لەلایەك دەبێ ئاسایش و ڕێكڕاگری نێونەتەوەیی بەهێزبكرێ و پارێزگاری بكرێ, ئەمە دەبێتەهۆی پشتگیریكردن و گونجاو ڕاگرتنی ئامانجە بنچینەییەكانی كۆمەڵگەی وڵاتان". مەبەستی هێدلی بەڵ لەئامانجە بنچینەیەكان كۆمەڵێ ئامانجن هەندێك لەوانە:

1) پارێزگاری و ڕاگرتنی سەرداری ستاتەكان. 2) پارێزگاری و ڕاگرتنی ئاشتی. 3) پارێزگاری و ڕاگرتنی كۆمەڵگەی وڵاتان. 4) یارمەتیدان و مسۆگەركردنی بنچینە نۆرماتیوە كۆمەڵایەتیەكانی ژیان كەسنورداریی توندوتیژی, بەڵێن و پەیمان ڕاگرتن, تواناهەبوون بۆ ڕاگرتنی سەقامگیری و شتی تر دەگرێتەخۆی. لەلایەكیتر هێدلی بەڵ دەڵێ, "دەبێ ڕەچاوی ڕەوایەتی نێونەتەوەیی و یاسا مۆرالیەكانیش لەكۆمەڵگەیەكی ئەنتەرناسیونالانەدا بكرێت. بەپێی یاسا مۆرالیەكان, ناسیۆن و ستاتەكان مافیان هەیە و ئەركیان لەسەرە, لەوانە:

1) مافی سەربەخۆی ستاتەكان لەبڕیاردان. 2) مافی خۆتێكەڵنەكردن یا دەستتێوەرنەدان. 3) مافی ئەوەی كەوا هەموو وڵاتان دەبێ یەكسانانە هەلسەكەوتیان لەگەڵدا بكرێت"[76].

شایانی باسە هێدلی بەڵ ڕێكڕاگریی دابەش دەكاتەسەر سێ جۆر:1) ڕێكڕاگری ژیانی كۆمەڵایەتی كەپەیوەندی بەلایەنە گرنگەكانی پەیوەندیە مرۆڤایەتیەكانەوە هەیە. 2) ڕێكڕاگری نێونەتەوەیی كەپەیوەندی بەڕێكڕاگری نێوان وڵاتانەوە هەیە. 3) ڕێكڕاگری جیهان كەپەیوەندی بەڕێكڕاگرتن لەناو مرۆڤ و خەڵكدا وەكو گشت هەیە.

هێدلی بەڵ بەهەمان شێوە ڕەوایەتی دابەش دەكاتەسەر سێ جۆر: 1) ڕەوایەتی مرۆڤایەتی كە لەبنچینەدا بیروباوەڕەكانی مەڕ مافەكانی مرۆڤ دەگرێتەخۆی. 2) ڕەوایەتی نێوان وڵاتان كە لەبنچینەدا بیری یەكسانبوونی وڵاتان لەسەربەخۆییدا دەگرێتەخۆی. 3) ڕەوایەتی جیهان كە لەبنچینەدا بەپرسیاری, چ گونجاوو باشە بۆ جیهان وەكو گشت, پەیوەستدارە[77].

وەك پێشتر ئاماژەمان بۆ كرد, ئەنتەرڤەنسیۆنی مرۆڤانە دژی پرینسیپەكانی خۆتێكەڵ نەكردن و سەرداری ستاتە, بەڵام پێداویستی ڕێزگرتن لەمافەكانی مرۆڤ و زۆربوونی داواكاری بۆ ڕێزگرتنی مافەكانی مرۆڤ تاڕادەیەكی بەرچاو خۆی سەپاندووە. بۆیە هەردوو چەمكی مافەكانی مرۆڤ و سەرداری ستات لەو بابەتانەن كەوا مشتومڕی زۆریان لەبواری رامیاریی نێونەتەوەییدا لەسەردایە. لەڕاستیدا كۆمەڵگەی نێونەتەوەیی لەبەرامبەر دیلامایەكدا وەستاوە, كەپێكدێ لە: لەلایەك دەبێ پرەنسیپەكانی سەرداری ستات و خۆتێكەڵ نەكردن ڕێزیان بگیرێت, لەلایەكیتر دەبێ مافەكانی مرۆڤ ڕێزیان لێ بگیرێت. لەڕاستیدا ئەم دیلامایە كێشەیەكی دیاری دروستكردووە. گونجاوە مرۆ بپرسێ, ئایا مافەكانی مرۆڤ یا پرینسیپی خۆتێكەڵ نەكردن بەرزتر ڕابگیرێن؟ دیارە گەلێ وەڵام بۆ ئەم پرسیارە هەن, بەڵام ڕەنگە چاكترین و ڕوونترین وەڵام لای ڕێچكەی كۆمەڵگەی ئەنتەرناسیونالی پلورالیست (پلورالیستەكان) هەروەها ڕێچكەی كۆمەڵگەی ئەنتەرناسیونالی سۆلیداریست (سۆلیداریستەكان) دەستكەوێ.

پلورالیستەكان پشتگیری پرەنسیپی خۆتێكەڵ نەكردن دەكەن و دەڵێن, ئیندیڤید واتە خود یا تاك تەنها ئەم مافانەی كەلەلایەن ستاتەكەیەوە دەیدرێتێ هەیە, بۆیە دەبێ پرەنسیپەكانی سەرداری ستات و خۆتێكەڵ نەكردن ڕێزیان بگیرێت. هەرچی سۆلیداریستەكانە دەڵێن, مافەكانی مرۆڤ چیان لەپرینسیپەكانی سەرداری ستات و خۆتێكەڵ نەكردن كەمتر نییە, بۆیە دەبێ مافەكانی مرۆڤ لەهەمان ئاستدا سەیری بكرێت. هەروەها دەڵێن, ئیندیڤید♣ (تاك یا خود) ئەندامی بنچینەیی

---

[74] Jackson and Sorensen, 1999: 141

[75] Jackson and Sorensen, 1999: 173

[76] Jackson and Sorensen, 1999: 152

[77] Jackson and Sorensen, 1999: 152-157

♣ ووشەی ئیندیڤید ووشەیەكی دانیماركییە لەبنەڕەتدا لەوشەی لاتینی individuum واتە تاك یا شتێ كە دابەشناكرێ هاتووە, لەزمانی ئینگلیزیدا بە ئیندیڤیدوال individual لەجیاتی تاكەكەس یا خود بەكاردێت. زمانی دانیماركیش بەهەمان واتا ئینگلیزیەكە بەكاریدەهێنێ, لەبەرئەوەی ووشەكە ئەنتەرناسیونالەو شێوە دانیماركیەكەش, لام وایە گونجاوە بۆ زمانی كوردی بۆیە بەم شێوەیەم بەكارهێناوە Politikens nudansk ordbog, 1994:533

کۆمەڵگەی ئەنتەرناسیونالە, بۆیە گەر مافەکانی لەچوارچێوەی کارەساتێکدا پێشێلکرا, ئەوا ئەرکی پێویستە دەستێوەردان بکرێ و پێش بەکارەساتەکە بگیرێت[78]. دیارە ئەم دوو بۆچوونەی پلورالیستەکان و سۆلیداریستەکان بابەتی سەرەکی لێکۆلینەوەکەمانە بۆیە لەخوارەوەدا زیاتر لێیان نزیك دەکەوینەوەو لەسەریان دەڕۆین.

### 3.2.3. کۆمەڵگەی ئەنتەرناسیونالی سۆلیداریست "سۆلیداریستەکان" و هەڵوێستیان سەبارەت دەستێوەردان

سۆلیداریستەکان ڕێزی یاسا نێونەتەوەییەکان دەگرن, بەڵام لەهەمان کاتدا هەوڵدەدەن هۆشمەندی و مۆڕال لەگەڵ یاسا ئەنتەرناسیونالەکاندا بگونجێنن[79].

سۆلیداریستەکان بەرگری لەئینیستیتوسیۆنی یاسا نێونەتەوەییەکان دەکەن و پێیانوایە داسەپاندنی یاسا نێونەتەوەییەکان ئەرکێکی هەمەلایەنەو بەکۆمەڵی وڵاتانە, بەمجۆرە وڵاتان لەژێرسایەی هاوکاریەکی ئەنتەرناسیونالانەدا مافیان دەبێ و ئەرکیان دەکەوێتەئەستۆ کەوا یارمەتی و پشتگیری هەر ستاتێك بدەن و بکەن, ئەمە گەرهاتوو مافەکانی ئەو ستاتە پێشێلکرا[80].

بەڵام سۆلیداریستەکان پێیان وایە, ئیندیڤید واتە تاکیش لەژێرسایەی یاسا نێونەتەوەییەکاندا ماڤ هەیەو ئەرکی دەکەوێتەئەستۆ. هەربۆیە ڕەوایەو یاساییە لەبارودۆخی دیاریکراو و کێشەی شازدا ئەو ماف و ئەرکانەی خود دابسەپێندرێن. واتە لەبارودۆخ و کێشەی شازدا کە بەتاك یا گروپێك تاك پەیوەستدارە, ئەمە لەکاتێکدا گەر مافەکانیان ژێرپێ بخرێت.

بەواتایەکی تر سۆلیداریستەکان دەڵێن, پارێزگاری ئاسایش و ڕێکڕاگری ئەنتەرناسیونال ئەرکێکی هاوبەش و هەمەلایەنەیە, بەڵام ڕێزگرتن لەمافەکانی مرۆڤیش ئەرکێکی هاوبەش و هەمەلایەنەیە. بەڵام ئەوان دەڵێن, پێویستە کێشە نۆرماتیوەکان (نۆرماتیو normativ بابەتێك, ووتەیەك یا کێشەیەك کەکرداری یا واتای "پێویستە" یا "دەبێ" دەگرێتەخۆی) پشتگیری یاسایی یا ڕەوایەتی هاوبەش و بەکۆمەڵیان هەبێت[81].

وەکو پێشتر گوترا بەپێی بۆچوونی سۆلیداریستەکان, مرۆڤ ئەندامی ڕاستەوخۆی کۆمەڵگەی ئەنتەرناسیونالە, هەرچەندە ستاتەکان رۆڵی زاڵیان هەیەو بەسەر کۆمەڵگەی ئەنتەرناسیونالدا زاڵن. هەروەها ماف و ئەرکی ئیندیڤید تەنها کێشەیەك نییە بەپۆلیتیکی ناوخۆی ستات پەیوەستداربێت, بەڵکو کێشەیەکە بەهەمان شێوە بەکۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و یاسا ئەنتەرناسیونالەکاندا پەیوەستدارە. چونکە یاسا ئەنتەرناسیونالەکان گشتگیرانە ماف و ئەرك بەستات و ئیندیڤید هەردوولایان دەبەخشێت[82].

سۆلیداریستەکان پشتگیری سەپاندنی بەرژەوەندی هاوبەش بەهۆی هێزو دەسەڵات دەکەن, ئەمە گەرهاتوو پێویست بێ. ئەوان دەڵێن, کاریگەریی سیستەمی یاسا نێونەتەوەییەکان دەبێ سیستەمێکی ئاوابێ کەبتوانێ بارودۆخێکی ئاڵۆزو نائارام کۆنترۆڵ بکات. بەواتایەکی دیکە سۆلیداریستەکان ڕەوایەتی دەدەنە بەکارهێنانی هێز کە لەکاتێکدا بۆ بەرژەوەندی هاوبەش بەرگری بێت. بەبۆچوونی ئەوان, بەرژەوەندی هاوبەش تەنها ڕێکڕاگری, ئاشتی و ئاسایش ناگرێتەوە بەڵکو خودیش دەگرێتەوە[83].

ئەوان دەڵێن, ئەنتەرڤەنسیۆنی مرۆڤانە دەربڕینی هاوکارییە, هەروەها ئامادەن پشتگیری دەستێوەردانی مرۆڤانە بکەن, گەرهاتوو بسەلمێندرێ و دیاربکرێ کەدەستێوەردانەکە "خراپ بەکارهێنان" نییە واتە بۆمەبەست و بەرژەوەندی تایبەتی ستاتێك نییە. هەروەها دەڵێن, پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ دەبێتەهۆی داواکاری بۆ ئەنتەرڤەنسیۆن, ئەم ئەنتەرڤەنسیۆنە پێویستە لەویستێکی هاوبەشانەی ستاتەکاندا خۆی دەربڕێ و دەربخات, بەواتایەکی تر چاکترین ڕێگا ئەوەیە کارەکە هاوبەش و بەکۆمەڵ بێ. ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کەسۆلیداریستەکان ئەنتەرڤەنسیۆنی هاوبەش و بەکۆمەڵ بەپەسند تر دەزانن لەئەنتەرڤەنسیۆنێ کەیەك ستات یا چەند ستاتێك پێی هەڵدەستن. بەڵام سۆلیداریستەکان ئامادەن واز لەداواکاری یا ئایدیالی "دەستێوەردانی بەکۆمەڵ" بهێنن, گەرهاتوو پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لەچوارچێوەی ژینۆسایدا بێت, واتە ئەوان لەکاتی ڕوودانی ژینۆسایدا پشتگیری ئەنتەرڤەنسیۆنی یەك لایەنەش دەکەن[84].


---

[78] Jackson and Sorensen, 1999: 144-145
[79] Knudsen, B. Tonny, 1999: 55
[80] هەمان سەرچاوە, ل 52.
[81] Wheeler in Baylis and Smith, 1999: 397
[82] Knudsen, B. Tonny, 1999: 56
[83] Knudsen, B. Tonny, 1999: 59 60
[84] Knudsen, B. Tonny, 1999: 80

سەیرکردنی سۆلیداریستەکان بۆ ئەنتەرڤەنسیۆن دەتوانرێ بەیارمەتی هێلکاری(1.3) وێنەبکرێت کە لەخوارەوە دایە. لەهێلکاریەکەدا ئەوە پیشان دەدرێت کەوا چۆن سۆلیداریستەکان سەیری ئەنتەرڤەنسیۆن دەکەن, ئەمە بەمەبەستی بەدەستهێنان و مسۆگەرکردنی ئاشتی و ئاسایشی نێونەتەوەیی هەروەها مافەکانی مرۆڤ. وەك لەهێلکاریەکەدا دیارە سۆلیداریستەکان پشتگیری دەستێوەردان دەکەن, گەر تەنگژەیەك یا کێشەیەك هەڕەشە لەئاشتی و ئاسایشی نێونەتەوەیی بکات, چونکە ئەمە گرنگ و پێویستە بۆ رێکراگری کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی. لەو بارەدا مەبەستی دەستێوەردان پێشگرتن و نەهێشتنی هەڕەشەیەو رێکخستنەوەی رێکراگریی و ئاسایشی نێونەتەوەییە. بۆنموونە, ئەو تەنگژەیەی بەهۆی داگیرکردنی کوێت لەلایەن عێراقەوە لەکۆتایی 1990دا هاتەکایەوە. تەنگژەکە بەهەڕەشە بۆ ئاسایش و رێکراگری ناوچەکەو جیهان دانرا, بەمجۆرە ئەنتەرڤەنسیۆنی میلیتاری بۆ نەهێشتنی ئەم هەڕەشەیە دژی عێراق کراو رێکراگری ناوچەکە تارادەیەکی دیار دروستکرایەوە.

بەڵام ئەوان پێیان وایە, مافەکانی مرۆڤ بەهەمان شێوەی ئاشتی و ئاسایشی نێونەتەوەیی گرنگە, بۆیە پشتگیری ئەنتەرڤەنسیۆنی مرۆڤانە بەمەبەستی پێشگرتن و وەستاندنی کارەساتی مرۆڤانە دەکەن. بۆنموونە, دەستێوەردانی مرۆڤانەی مارسی 1991 بەمەبەستی پێشگرتن بەتاوانکاریەکانی رژێمی عێراق دژی خەڵکی کوردستان هەروەها وەستاندنی کارەساتی کۆڕەوەکە. دیارە ئەوان دەستێوەردانی بەکۆمەڵ بەپەسند دەزانن, بەڵام ئەوان ئامادەن پشتگیری دەستێوەردانی یەك لایەنە دەکەن, گەرهاتوو تەنگژە مرۆڤایەتیەکە خۆی لەشێوەی ژینۆسایددا دۆزیەوەو کۆمەڵکوژی لەئارادا بوو.

هێلکاری 1.3. سەیرکردنی سۆلیداریستەکان بۆ ئەنتەرڤەنسیۆن



### 4.2.3. کۆمەڵگەی ئەنتەرناسیونالی پلورالیست "پلورالیستەکان" و هەڵوێستیان سەبارەت دەستێوەردان

تێگەیشتنی پلورالیستەکان بۆ کۆمەڵگەی ئەنتەرناسیونال لەلایەن هێدلی بەڵ ـەوە ڕاڤەدەکرێ کەتیایدا دەڵێ, "وڵاتان واتە ستاتەکان تەنها دەتوانن لەسەر "کەمترین ئامانج یا مەبەست" (minimum-purpose) تەبابن, ئەمەش بەبێ داسەپاندنی یاسا نێونەتەوەییەکان". بەپێی هێدلی بەڵ کەمترین ئامانج واتە دانپێنانی هەمەلایەنەو بەرامبەر لەمەڕ پرەنسیپەکانی سەرداری ستات و خۆتێکەڵ نەکردن. هەروەها دەڵێ, "ڕێکڕاگری و یاساکان لەکۆمەڵگەی ئەنتەرناسیونالدا لەپێشدا بەتوانای ستاتەکان لەپێشخستنی ئەو پرەنسیپ و یاسایانە لەناو کۆمەڵگەکانی خۆیاندا پەیوەستدارن" [85]. بەواتایەکی تر ڕادەی توانای ستاتەکان لەڕێزگرتن و پێشخستنی یاساو پرەنسیپەکان لەناو وڵاتەکانی خۆیاندا, هەروەها تا چ ڕادەیەك لەئاستی ئەو داواکاریانەن کەیاساو پرەنسیپە نێونەتەوەییەکان دیاریانکردووە.

تۆنی کنوزسن[86] دەڵێ, "پێویستە ڕاڤەکردنی پلورالیستەکان لەڕوانگەیەکەوە سەیر بکرێ کە لەڕێگایدا هەوڵدەدرێ پەیڕەوی ئەو یاسا نێونەتەوەییانەی کەبەهۆی پەیماننامەکان و ڕێکەوتننامەکان هاتوونەتەدی, چونکە لەم ڕێکەوتنانەو پەیمانانەدا دەتوانین ئەو یاساو پرەنسیپانە بدۆزینەوە کەپشتگیری ئەندامانی (ستاتەکانی) سەربە کۆمەڵگەی نێونەتەوەییان وەرگرتووەو لەلایەن ئەندامەکان خۆیانەوە دانیان پێنراوە [87]. بەپێی پلورالیستەکان بەتەنها ستاتەکانن کەمافیان هەیەو ئەرکیان دەکەوێتەسەر, دەبێ ڕێز لەپرەنسیپی خۆتێکەڵ نەکردن بگیرێ, چونکە ستاتەکان خۆیان ئەوە دیاردەکەن کەوا چ جۆرە ژیانێك بۆ ئەوان باشە یا ژیانی باش چییە. ئەو ماف و ئەرکانە ناکرێ بەزۆرلێکردنی بەکۆمەڵ دابسەپێندرێن. هەروەها دەڵێن, پێویستە یاسا نێونەتەوەییەکان لەسەر پشتگیری و ڕەزامەندی ستاتەکانەوە بنچینە بگرێت, بەمجۆرە ڕێز بۆ مافی ستاتەکان لەکاروباری ناوخۆیاندا دابندرێت.

پلورالیستەکان پێیان وایە, ئەنتەرڤەنسیۆنی میلیتاری واتە سەربازی دەبێتەهۆی شکاندنی پرەنسیپەکانی سەرداری ستات و خۆتێکەڵ نەکردن, ئەمە دەبێتەهۆی داڕمانی ڕێکڕاگری و ئاسایشی نێونەتەوەیی. ڕەنگە ئەنتەرڤەنسیۆن لەجیاتی تەبایی و کۆکبوون ببێتەهۆی ناتەبایی و ناکۆکی لەنێوان ئەندامانی کۆمەڵگەی ئەنتەرناسیونال. مافدان بەئەنتەرڤەنسیۆنی مرۆڤانە دەکرێ ببێتەهۆی بەدەستهێنانی پاکانەکردن یا هۆکار بۆ جەنگ. بەواتایەکی دیکە دەکرێ دەستێوەردانی مرۆڤانە ببێتەهۆی نائارامی و شەڕ [88].

مافەکانی مرۆڤ ناتوانێ بەئاسانی شوێنێ لای پلورالیستەکان بۆ خۆی بدۆزێتەوە, چونکە ئەوان پێ دادەگرن لەسەر باڵادەستی ستات و بەرزکردنەوەی ستات بەسەر ئیندیڤیددا. ئەوان لەڕاستیدا چارەنووسی ئیندیڤید واتە تاك بۆ ستات بەجێ دەهێڵن. بەمجۆرە پلورالیستەکان پشتگیری بیرۆکەی ماف داسەپاندن ناکەن و پێیان وایە, ئەمە دەبێتەهۆی زیان پێگەیاندن بەپرینسیپی خۆتێکەڵ نەکردن و ڕێکڕاگری نێونەتەوەیی. بەڵام بەرزبوونەوەی داواکاری بۆ ڕێزگرتن لەمافەکانی مرۆڤ دوای کۆتاییهاتنی جەنگی سارد, هەروەها گرنگیدانی زیاتر بەمافەکانی مرۆڤ لەسیستەمی نوێی جیهانیدا, کێشەیەکی دیاری بۆ پلورالیستەکان دروستکردووە. ئەمە وایکردووە هەندێ لەتیئۆرکارە پلورالیستەکان بەتایبەتی هێدلی بەڵ بەشێوەیێ لەشێوەکان پەسندی دەستێوەردانی مرۆڤانە بکەن. بەڵام ئەوانە بەمەرجێ پەسندی ئەنتەرڤەنسیۆنی مرۆڤانە دەکەن, گەرهاتوو زۆربەیەکی زۆر یا گەورەی ئەندامانی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی پشتگیری دەستێوەردانەکە بکەن و بەکۆمەڵ و هەمەلایەنە جێبەجێ بکرێت. دەکرێ بەوانە بگوترێ "پلورالیستە نەرمەکان". ئەو پلورالیستانە دەڵێن, کاتێ ئەنتەرڤەنسیۆن دێتەکایەوە, دەبێ سەرداری وڵات ڕێزی بۆ دابندرێ, هەروەها دەبێ کەمترین مەترسی بۆ ئەو ستاتە گەورانە هەبێ کە لەپرۆسیسکەدا بەشداری دەکەن [89]. لێرەدا دەبیندرێ کەوا سەرداری ستات لای پلورالیستەکان بەرز دادەندرێت, هەروەها شانسی پەسندکردنی ئەنتەرڤەنسیۆنی مرۆڤانە لەجیهانی پلورالیستەکاندا زۆر کەمە. دەتوانرێ سەیرکردنی پلورالیستەکان بۆ ئەنتەرڤەنسیۆن بەیارمەتی هێلکاری (2.3) کە لەخوارەوەدایە وێنە بکرێت. لەهێلکاریەکەدا ئەوە پیشان دەدرێت کەوا چۆن پلورالیستەکان هەلسوکەوت دەکەن, کاتێ کێشەیەك یا تەنگژەیەك دەبێتەهۆی هەڕەشەکردن لەئاشتی و ئاسایش یا کەدەبێتەهۆی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ.

پلورالیستەکان بەگەرمی پشتگیری دەستێوەردان دەکەن, کاتێ تەنگژەیەك هەڕەشە لەئاشتی و ئاسایشی نێونەتەوەیی دەکات. ئامانجیان لە دەستێوەردانەکەدا چاك کردنەوەی ڕێکڕاگری و ئاسایشە. بۆنموونە, ئەنتەرڤەنسیۆنی سەربازی دژی

---

[85] Knudsen, B. Tonny, 1999: 67

[86] تۆنی کنوزسن زانستی ڕامیاری تەواوکردووەو نامەی دکتۆراکەی لەسەر "خوێندگای ئینگلیزی و ئەنتەرڤەنسیۆنی مرۆڤانە" نووسیووە.

[87] Knudsen, B. Tonny, 1999: 68


[88] Knudsen, B. Tonny, 1999: 84 85

[89] Knudsen, B. Tonny, 1999: 71

ڕژێمی تالیبان لەئەفغانستان لەکۆتایی 2001دا. دیارە مەبەستی دەستێوەردانەکە لادانی ڕژێمی تالیبان بەمجۆرە نەهێشتنی هەڕەشەکەو پاشان هەوڵدان بۆ چاککردنەوەی ئاسایش و ڕێکڕاگری بوو.

ئەوان لەبەر پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ پشتگیری دەستێوەردانی مرۆڤانە ناکەن. چونکە پێیان وایە, ئەمە پەیوەندی بەکاروباری ناوخۆی ستاتەوە هەیە. ئەوان دەڵێن, ئەنتەرڤەنسیۆنی مرۆڤانە زیانبەخشن و شکاندنی ماف ولاتانە لەسەرداری هەروەها شکاندنی پرەنسیپی خۆتێکەڵ نەکردنە. ماف پێدانی ئەنتەرڤەنسیۆن لاوازکردن و تێکدانی ڕێکڕاگریی نێونەتەوەییە, کەدەکرێ ببێتەهۆی نائارامی یا شەڕ. وەکو پێشتر گوترا, کەمێ لاکردنەوە لای پلورالیستەکان هەیەو هەندێ لەپلورالیستەکان ڕەنگە پەسندی ئەنتەرڤەنسیۆنی مرۆڤانە بکەن, گەرهاتوو زۆربەیەکی زۆری ستاتەکان پشتگیری بکەن و بەکۆمەڵ جێبەجێ بکرێت.

**هێلکاری 2.3. سەیرکردنی پلورالیستەکان بۆ ئەنتەرڤەنسیۆن**



### 5.2.3. هەڵوێستی جیاواز دەربارەی دەستێوەردانی مرۆڤانە

دەتوانرێ ئارگومێنت و بەڵگە بۆ پشتگیری یا دژی دەستێوەردانی مرۆڤانە بهێنرێتەوە. بەهۆی ئەوەی بابەتی ئەو لێکۆڵینەوەیە ڕاستەوخۆ بەدەستێوەردانی مرۆڤانەوە پەیوەستدارە, بۆیە دەکرێ گونجاوبێت گەر هەندێ لەهەڵوێست و بۆچوونی دیکەی جیاواز بخەینەڕوو.

ئەوانەی ڕەخنەگرانە سەیری ئەنتەرڤەنسیۆنی مرۆڤانە دەکەن و پشتگیری ناکەن بریتین لە لێکۆلیار و یاساناسە ئەنتەرناسیونالەکان "ریستریکشیۆنیستەکان". پشتگیری نەکردن یا هەڵوێستی ڕەخنەگرانە تەنها لەیەك ڕێچکە یا خوێندگە سەرچاوە ناگرن, بەڵکو سەربە ڕێچکەی تیئۆری جیاجیان. هەڵوێست و بۆچوونی ڕەخنەگرانە لەلایەن ڕیالیستەکان, لیبڕالیستەکان و پلورالیستەکانەوە بەڕاشکاوی دەکەونە بەرچاو.

هەرچی ئەوانەی کەپشتگیری و لایەنگری ئەنتەرڤەنسیۆنی مرۆڤانە دەکەن, ئەوا بەشێوەیەکی سەرەکی بریتین لەسۆلیداریستەکان و یاساناسە ئەنتەرناسیونالەکان "کاونتەر ریستریکشیۆنیستەکان".

نیکلاس ویلەر[90] هاتووەو هەڵوێستە جیاو دژبەیەکەکانی لەهەشت خاڵدا کۆکردۆتەوە, وا لەخوارەوەدا پوختەیان دەنووسینەوە.

پێنج خاڵی گرنگ لەو هەڵوێست و بۆچوونانەی کەڕەخنەئامێزن یا دژی دەستێوەردانی مرۆڤانەن لێرەدا دەخەینەڕوو:

1) بیکو پارك کەلێکۆلیارێکی ڕیالیستە پێی وایە, ستاتەکان نایانەوێ بەتەنها لەبەر هاتنەکایەی کارەساتی مرۆڤایەتی دەست تێکەڵی کاروباری ناوخۆی ستاتێکی سەربەخۆ بکەن, بەڵکو بەتەنها لەبەر ڕۆشنایی بەرژەوەندی ناسیونالەیاندا بەم کارە هەڵدەستن, چونکە ئەوان تەنها بەرژەوەندی ناسیونالانەی خۆیان لا گرنگە.

2) بیکو پارك لەخاڵێکی تردا دەڵێ, وڵاتان مافێکی مۆرالانەیان نییە تاکو لەبەرهۆی هاتنەکایەی ئازار و کارەساتی مرۆڤایەتی دەست لەکاروباری ناوخۆی وڵاتی تر تێکەڵکەن. ستاتەکان بەتەنها مافیان بەرامبەر بەدانیشتوانی خۆیان هەیەو ئەرکیان بەرامبەر بەدانیشتوانی خۆیان دەکەوێتەسەر. گەربێتوو ستاتێك هەرەس بهێنێ و تێکچێ, ئەوا ئەرکی پۆلیتیکەکان و دانیشتوانی ئەم ستاتەیە بەچارەسەرێ هەڵسن, نەك ستاتی دیکە.

3) ستاتەکان دەستێوەردانی مرۆڤانە بۆ بەرژەوەندی ناسیونالانەی خۆیان بەکاردەهێنن, بەواتایەکی دیکە ئەنتەرڤەنسیۆنی مرۆڤانە بەخراپ بەکاردەهێنن. تۆماس فرانك و نیگل ڕۆدلی کەهەردووکیان ڕیالیستن پێیان وایە, ئارتیکلی 2 (4)ی نەتەوەیەکگرتووەکان کەقەدەغەی بەکارهێنانی هێزو دەسەڵات دەکات, خاڵێکی ناسکەو لەژێرناوی بەرگری لەخۆکردندا بەخراپ بەکار دەهێندرێت. لەبەرئەوەی میکانیزمێکی بێلایەن کەبڕیاری یاسایی بوونی ئەنتەرڤەنسیۆنێك بدا نییە, بۆیە وڵاتان ئەنتەرڤەنسیۆنەکە وەك پاکانەیەك بۆ داپۆشینی بەرژەوەندی ناسیونالانەی خۆیان بەکاردەهێنن.

4) دەستێوەردانی مرۆڤانە سێلەکتیوانەیە (هەڵبژێردراوە) واتە شوێنی دەستێوەردان هەڵبژێردراوە, ستاتەکان بەتەنها لەو شوێنانەی کەپێیانوایە بەرژەوەندی نەتەوایەتیان لەمەترسیدایە بەئەنتەرڤەنسیۆن هەڵدەستن. بەواتایەکی تر هەڵسانی وڵاتان بەئەنتەرڤەنسیۆن دووڕوانەیەو شوێن هەیە پێویستی بەئەنتەرڤەنسیۆنی مرۆڤانە هەیە کەچی پشتگوێ دەخرێت. بۆ نموونە لەلایەن وڵاتانی ئیسلامەوە ئەم ڕەخنەیە ئاراستەی ڕۆژئاوا کرا, کەوا وڵاتانی ڕۆژئاوا نایانەوێ بەکاری ئەنتەرڤەنسیۆن بەمەبەستی پارێزگاری موسوڵمانەکان لەبۆسنەدا هەڵسن وەکو ئەوەی بۆ کوردەکانیان لەعێراقدا کرد[♣]. ڕەخنەیەکی گونجاوتر ئەو ڕەخنەیەی هەندێ لەشارەزایانی کوردە دەربارەی هەڵسانی وڵاتانی ڕۆژئاوا بەدەستێوەردانی مرۆڤانە لەبەر پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لەکۆسۆڤۆدا. کەچی ڕۆژئاوا بەهیچ کارێ بۆ وەستاندنی بەعەرەبکردن لەناوچە کوردستانیەکانی خوارووی هێڵی 36 هەڵنەستاوە, یا ڕۆژئاوا بەهیچ کارێ بۆ وەستاندنی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ کەلەلایەن سوپای تورکیاوە لەباکووری کوردستاندا پەیڕەو دەکرێت هەڵنەستاوە.

5) لێکۆلیاری پلورالیست هێدلی بەڵ دەڵێ, "تەبایی یا ڕێککەوتنێ لەسەر پرینسیپێکی دیاریکراودا کەبڕیاری ماف دەستێوەردانی مرۆڤانە بدات نییە, بۆیە ڕێگادان بەئەنتەرڤەنسیۆن زیان بەرێکڕاگری و ئاسایشی نێونەتەوەیی دەگەیەنێت".

---

[90] Wheeler in Baylis and Smith, 1999: 394

[♣] ئەم رەخنەیە لەسەرەتای کێشەی بۆسنیەکان لەیوگوسلاڤیای کۆندا بوو, چونکە زۆری نەبرد ئەنتەرڤەنسیۆن لەبۆسنەشدا کرا. لەراستیدا ئەم بەراورد کردنەی بۆسنەو کوردستان ناگونجاوە, چونکە یەکەم, کوردیش وەك بۆسنیەکان نەتەوەیەکە زۆربەی موسوڵمانە. دووەم, ئەم رەخنەیە لەراستیدا دووڕوویی وڵاتە ئیسلامەکان بەرامبەر بەکورد دەردەخات.

نیكلاس ویلەر دەربارەی ئەو هەڵوێستانەی کەپشتگیری دەستێوەردانی مرۆڤانە دەکەن، سێ خاڵی دیارکردووە:

1) کاونتەر ریستریکشیۆنیستەکان وەکو سۆلیداریستەکان دەڵێن، ئامانجی UN بەتەنها پارێزگاریکردنی ئاشتی و ئاسایش نییە، بەڵکو بەهەمان شێوە پارێزگاریکردنی مافەکانی مرۆڤیشە. ئەوانە ئاماژە بەئارتیکلی 1 (3)، 55 و 56 ی نەتەوەیەکگرتووەکان دەکەن. هەندێ کاونتەر ریستریکشیۆنیستی وەکو مایکل رایزمان و مرایس ماکدۆگال زیاتر دەڕۆن و دەڵێن، "گەرهاتوو UN لەتوانایدا نەبوو بەکاری دەستێوەردانی مرۆڤانە هەڵبستێ، ئەوا تاکە ستاتێك یا چەند ستاتێك مافی دەستێوەردانیان بەمەبەستی پێشگرتنی ئازارە مرۆڤایەتیەکان هەیە". ئەوانە هێما بۆ هەمان ئارتیکلی 1 (3)، 55 و 56 ی UN کەرێگا بەئەنتەرڤەنسیۆنی سەربازی دەدات، دەکەن.

2) کاونتەر ریستریکشیۆنیستەکان دەڵێن، "مافی دەستێوەردانی مرۆڤانە لەیاسای نێونەتەوەییشدا هەیە و دەکەوێتەبەرچاو. ئەو یاسایانەی پەیوەستدارن بە پراکتیکی ستات، بەپێی ئەم یاسایانە پێویستە وڵاتان بەشێوەیێ و بەپێی ئەو ریکەوتننامە و پەیماننامانەی کەدەبێتەهۆی پێشخستنی نۆرمی یاسا نێونەتەوەییەکان هەڵسوکەوت بکەن. وڵاتان پێویستە بەوشێوەیەی کە لەرێکەتننامەکاندا دیاریکراوە هەڵسوکەوت بکەن و بجوڵێنەوە، چونکە ئەوان خۆیان پەسندی و مۆری ئەو یاسایانەیان کردووە". کاونتەر ریستریکشیۆنیستەکان پێیان وایە، بەزاندن و شکاندنی ئەو رێکەوتننامانە، دەبێتەهۆی رێگادان بە بەشداریکردن لەئەنتەرڤەنسیۆنی مرۆڤانە.

3) لەچ شوێنێك و سنوورێکی پێشێلکردندا دەتواندرێ باس لەپێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤدا کەدەستێوەردان بخوازێ، بکرێت. بەواتایەکی دیکە ئەو سنوورە لەکوێیە کەزەنگی شکاندنی مافەکانی مرۆڤ لێدەداو ڕەوایەتی دەداتە ئەنتەرڤەنسیۆنی مرۆڤانە. بەشێوەیەکی دیکە کەی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بەکاری دەستێوەردان هەڵدەستێ، گەرهاتوو مافەکانی مرۆڤ پێشێلکران. بەپێی نیکلاس ویلەر سۆلیداریستەکان وەڵامێکی دیار و ووردیان بۆ ئەم پرسیارە نییە. بۆیە ئەو پەنا دەباتەبەر ڕوونکردنەوەکەی لێکۆڵیاری پلورالیست ر.گ. ڤینسنت کەدەڵێ، "گەربێتوو هەڕەشەی ژیان لەمیترۆی نیویۆرکدا بەشێوەیێکی کوشندە بەرزبووەوەو بووەهۆی کوشتنێکی سیستەماتیکی هەموو ئەوانەی لەرێگای نیوگێرسیەوە دێن، یا هەڕەشەی ژیان لەشوێنێکی بیاباندا وابەرزبووەوەو بووەهۆی برسیەتیەکی کوشندەی کۆمەڵکوژ، لەکاتێکدا حکومەتی ئەو وڵاتە لەتوانایدا نەبوو بەچارەسەرێ هەڵبستێ یا لەئاستی ئەو بەرپرسیەدا نەبوو، ئەوا ڕەنگە یا دەکرێ ئەمە واله کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بکات کەبەئەرکی ئەنتەرڤەنسیۆنی مرۆڤانە هەڵبستێ" [91].

## 3.3. دەستێوەردانی مرۆڤانەی ساڵی 1991 لە خوارووی کوردستاندا

ئەنتەرڤەنسیۆنی مرۆڤانەی ساڵی 1991 لەکوردستاندا پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەبابەتی ئەم لێکۆڵینەوەیە هەیە، بۆیە جێگای خۆیەتی بەکورتی سەرنج بدەینە ئامانجی کورتخایەن و درێژخایەنی دەستێوەردانەکە، لەمیانەیدا لایەنە لاوازەکان و گرفتەکانی دەستێوەردانەکە دەخەینەڕوو.

***ئامانجی کورتخایەنی ئەنتەرڤەنسیۆنەکە:*** ئامانجی گرنگ و هەرە لەپێشی وڵاتانی دەستێوەردەر ئەوەبوو کەوا پێش بەهێزەکانی سوپای عێراق بگرن، بۆئەوەی چیتر نەتوانێ کوردەکان ئازاربدا و ڕاوبنێ. بەمجۆرە کۆتایی بەکارەساتی کۆڕەوەکە بهێنن و ئاوارەکان بتوانن بۆ شوێنی خۆیان بگەڕێنەوە. شایانی باسە توانرا کۆتایی بەکۆڕەوەکە بهێنرێ و گیانێکی زۆر رزگاربکرێ. بەمجۆرە ژمارەیەکی زۆری ئاوارەکان توانیان بۆ ئەو ناوچە ئازادەی کەلەلایەن UNـەوە دروستکرا بگەڕێنەوە. ئەو ناوچە ئازادەی کەدەکەوێتە سەرووی هێڵی 36، ئەوەبوو سوپای عێراق ناچارکرا بۆ خوارووی ئەم هێڵە بکشێتەوە. ئامانجێکی دیکەی لەپێشی وڵاتانی دەستێوەردەر ئەوەبوو بەزووترین کات یارمەتی ناچاری وەکو خۆراك و پۆشاك و داوودەرمان بەخەڵکە ئاوارەو زیان پێکەوتووەکە بگەیەنن.

بەڵام زۆنی ئاسایشی سەرووی هێڵی 36 هەموو ناوچەکانی خوارووی کوردستان ناگرێتەوە، بۆیە ئەنتەرڤەنسیۆنەکە نەیتوانی ئەو ناوچانەی خوارووی هێڵی 36 بپارێزێ، بەمجۆرە نەیتوانی کوردەکانی ئەو ناوچانە بپارێزێ. ئەو کوردە ئاوارانەی کەگەڕانەوە بۆ ناوچەکانی خوارووی هێڵی 36 کەدەکەونە ژێردەستی رژێمی عێراق، بەبێ پارێزگاری مانەوەو کەوتنەوە بەردەم هەڕەشەو ڕاونانی ڕژێمی سەدام. ژمارەیەکی زۆری پەنابەرو ئاوارەکانی ئەو ناوچانەی ژێردەستی ڕژێم نەیانوێراو هەرگیز نەیانتوانی بگەڕێنەوە ناوچەکانی پێشووی خۆیان.

***ئامانجی درێژخایەنی دەستێوەردانەکە:*** وڵاتانی هاوپەیمانی دەستێوەردەر چارەسەرێکی ڕامیاریانەی کورتخایەن یا درێژخایەنیان بۆ کێشەکە نەبوو، واتە وڵاتانی دەستێوەر بەهیچ جۆرە چارەسەرێکی ڕامیاریانە بۆ کێشەکە هەڵنەستان.

[91] Wheeler in Baylis and Smith, 1999: 396

ئامانجی درێژخایەنی ئەوان مرۆڤانە بوو و مەبەستی درێژخایەنیان یارمەتی مرۆڤانە بوو. مەبەستیان بوو یارمەتی دارایی و ئابووری هەروەها یارمەتی لەجۆریتر بەخەڵك و ناوچە زیان پێگەیشتووەکان بگەیەنن, بەمەبەستی دروستکرنەوەو ئاوەدانکردنەوەی شارۆچکەو گوندە تێکدراوەکانی کوردستان بەمجۆرە ڕێکخستنەوەو ئاسایی کردنەوەی ژیانی خەڵکەکە. ئامانجێکی درێژخایەنی تر ئەوەبوو کەوا پارێزگاری دانیشتوانی ناوچەکانی ناو زۆنی دڵنیایی 36 لەدەستدرێژیەکانی سوپای عێراق بکەن و ڕێگا بەهەر هێرشێکی رژێمی عێراق بۆسەر ناوچەکە بگرن. دیارە ئامانجی درێژخایەنی وڵاتانی هاوپەیمان لەگەڵ هاتنەکایەی ئارامی و ئاسایش لەناوچەکەدا کۆتایی دێت, ئەو ئارامی و ئاسایشەی ئەوان باسی لێدەکەن. دەکرێ بگوترێ ئەو ئارامی و ئاسایشەی لەچوارچێوەیەکی مرۆڤانەدا خۆی دەنوێنێ, یا ئەو ئارامی و ئاسایشەی کە لەگەڵ بەرژەوەندی ناسیونالانەی وڵاتانی ناوچەکەو گەورەدا دەگونجێ.

دێیڤد کین[92] کەشارەزایەکی بواری پۆلیتیکی ئەنتەرناسیونالە, بەچاوێکی ڕەخنەگرانە سەیری دەستێوەردانەکەی 91 لەکوردستانی بندەستی عێراقدا دەکات و پێیوایە, هەڵسانی نەتەوەیەکگرتووەکان بەپارێزگاری کوردەکان وەك پێویست نەبوو و نییە, بۆ نموونە:

1) بەرلەوەی چارەسەرێکی ڕامیاریانە لەرێگای دانوستاندنەوە لەنێوان رژێمی عێراق و کوردەکاندا بەدەست بهێندرێ هێزی سەربازی وڵاتانی دەستێوەردەر ناوچەکەیان بەجێهێشت.

2) چاودێرانی سەربە UN ئەو توانایەیان نییە و نەیان توانیە ئەو کوردە ئاوارانەی کەگەڕاینەوە بۆ ناوچەکانی خوارووی هێڵی 36 واتە دەرەوەی زۆنی دڵنیایی بپارێزن. ژمارەی چاودێرانی سەربە UN گەلێجار لەخوار 500 کەسدا بووە, ئەم ژمارەیە زۆر کەمترە لەو ژمارە پێویستەی کەبتوانێ پارێزگاری پەنابەرە گەڕاوەکان بکات. ئەمەجگە لەوەی خۆیان گرفتی زۆریان لەپارێزگاری خۆیاندا بەرامبەر بەهێرشی تیرۆریستانەدا هەیە.

3) UNHCR ( کۆمیسیۆنی بەرزی پەنابەرانی نەتەوەیەکگرتووەکان ) کەبەڕوونی دەسەڵاتی پارێزگاریکردنی کوردەکانی دراوەتێ, نەیتوانیووە داواکاریەکانی خۆی بەسەر رژێمی عێراقدا بسەپێنێ یا بەتەواوی کارەکانی خۆی هەڵبستێ. بۆنموونە نەیتوانیووە بارەگایێك لەکەرکوکدا بکاتەوەو لەڕێگایەوە چاودێری ڕێزگرتن لەمافەکانی مرۆڤدا بکات.

4) ناوچەیەکی گەورەی کوردەکان دەکەوێتە دەرەوەی زۆنی دڵنیایی 36, هەڵسانی فرۆکە جەنگیەکانی سەربە وڵاتانی هاوپەیمان بۆ پارێزگاری کوردەکانی ئەم ناوچانەی خوارووی هێڵی 36 ناگرێتەوە, بۆیە ناتوانن کوردەکان لەم ناوچانەدا بپارێزن.

هەروەها دێیڤد کین دەڵێ, یارمەتی ئابووری بەهەمان شێوە وەك پێویست نەبووە. ڕادەی کەم و نزمی یارمەتی ئابووری بووەتەهۆی توانانەبوونی گەڕانەوەی پەنابەرێکی زۆر بۆ شوێنەکانی پێشوویان. بارودۆخی ئابووری ناوچەی کوردەکان بەهۆی گەمارۆکان تووشی زیانێکی زۆربووە. دوو گەمارۆی ئابووری خراوەتە سەر ناوچەکە, یەکێ لەلایەن نەتەوەیەکگرتووەکانەوە کە بۆسەر هەموو عێراقەو ناوچەی کوردەکانیش دەگرێتەوە, ئەوەکەی دیکە لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە بۆسەر کوردەکان. گەمارۆکەی ڕژێمی عێراق بۆسەر کوردەکان شکاندنێکی ڕاشکاوی بڕیاری 688ی نەتەوەیەکگرتووەکانە, ئەو بڕیارەی قەدەغەی چەوساندنەوەی کوردەکان و دانیشتوانانی تری عێراق دەکات[93].

وەکو لەسەرەوەدا گوترا وڵاتانی هاوپەیمان خۆیان تێکەڵی ململانێی ڕامیاری نێوان ڕژێمی عێراق و کوردەکان نەکرد, بەمجۆرە چارەسەرێکی ڕامیاریانەی کورتخایەن یا درێژخایەنیان بۆ کێشەکە بەدەستەوە نەبوو.

گەر لەبەر رۆشنایی ئەمانەی لەسەرەوەدا بەکورتی خرانە بەرچاو دەرئەنجامێك بدەینە دەست, ئەوا دەکرێ بگوترێ کەوا دەستێوەردانەکە لایەنی لاواز هەروەها گرفتی چ لەئامانجی کورتخایەن یا درێژخایەندا هەبووە. نائارامی ڕامیاری لەناوچەکەدا تائێستا ماوەتەوەو بەردەوامە. یارمەتی مرۆڤانەی نەتەوەیەکگرتووەکان تەنها توانیویەتی یارمەتی خەڵك لەناوچەی زۆنی دڵنیاییدا بدات, ئەم یارمەتیەش وەکو پێویست نییەو گرفتی هەیە. هەروەها زۆنی دڵنیایی نەیتوانیووەو نەبووەتەهۆی پێشگرتن لەدوو گەمارۆ ئابووریەکە, واتە ئەم ناوچەیەی سەرووی هێڵی 36 کەتووەتەبەر هەردوو سانکشیۆنە ئابووریەکەو بەمجۆرە زیانی زۆری پێگەیشتووە.

لەگەڵ ئەوەی کانی نەوت لەناوچەی زۆنی دڵنیاییدا هەیە, نەتەوەیەکگرتووەکان نەیتوانیووە سوودی لێوەربگرێ و بۆ باشترکردنی باری ئابووری ناوچەکە بەکاری بهێنێ. بەبڕوای دێیڤد کین, لەروانگەیەکی تیئۆریانەوە دەتواندرێ بڕیاری

---

[92] Keen in John Harriss (1995): 170
[93] Keen in John Harriss (1995): 174

ئەنجومەنی ئاسایشی سەربە UN ی ژمارە 706 و 712 بۆ ئەم مەبەستە بەکار بهێندرێ. چونکە ئەم بڕیارانە ڕێگای فرۆشتنی نەوت بۆ داپۆشینی پێداویستیە مرۆڤایەتیەکان دەدەن[94].

## 4.3. ڕاڤەکردن

### 1.4.3. ئەگەری دەستێوەردانی مرۆڤانە لەبەر ڕۆشنایی تیئۆرەکاندا

لەچوارچێوەی ڕاڤەکردنەکەدا هەوڵ دەدەین پرسیاری ئەم لێکۆڵینەوەیە لەلایەنی تیئۆری و ئیمپیریکدا ڕاڤەبکەین. واتە سەرنجی جۆری سەیرکردنی دوو تیئۆرییەکە بۆ کێشەی بەعەرەبکردن لەناوچەی کەرکوکدا دەدەین و ڕوون دەکەینەوە, دوای ئەوە سەیری بارودۆخی ڕامیاری ناوچەکە لەگۆشەنیگایەکی ڕیالیستانەوە دەکەین. پاشان هەڵسەنگاندنێك سەبارەت بەتیئۆریەکان و کێشەکە دەکەین و لەکۆتاییدا ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە دەخەینەڕوو.

### 2.4.3. چۆن پلورالیستەکان سەیری کێشەکە دەکەن؟

ڕێکوپێك ڕاگرتنی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان کەبنچینەبگرێ لەسەر ئاشتی و ئاسایش بۆ پلورالیستەکان زۆرگرنگە. ئەوان تەنها کاتێك پشتگیری ئەنتەرڤەنسیۆن دەکەن, گەرهاتوو ئاشتی و ئاسایشی نێونەتەوەیی واتە ئەنتەرناسیونال لەمەترسیدابوو (سەیری بەشی 4.2.3 بکە). بەپێی تێڕوانینی ئەوان مەبەست لەدەستێوەردان وەستاندنی هەڕەشەیەو پاشان ڕێکخستنەوەی ڕێکڕاگریی نێونەتەوەییە.

لەبەر ڕۆشنایی ئەمەی سەرەوەدا دەپرسین, ئایا پاکتاوی ڕەگەزی لەناوچەی کەرکوك و ناوچە کوردستانیەکانی دیکەی ژێردەستی ڕژێم بوویتە هۆی هەڕەشەنانەوە بۆ ئاشتی و ئاسایشی نێونەتەوەیی؟

ئەو کوردانەی کەناچاردەکرێن ناوچەکانی خۆیان بەجێ بهێڵن, ژمارەیەکی زۆریان دەچنە ناوچەی زۆنی ئارام لەخوارووی کوردستاندا, ژمارەیەکی زۆریش دەچنە خوارووی عێراق. ژمارەیەکیش لەم ئاوارەو پەنابەرانە ڕوودەکەنە وڵاتانی ناوچەکە وەکو ئێران و تورکیا یا وڵاتانی ئەوروپا. هەڵاتن و سەرهەڵگرتنی ئەم خەڵکە نیگەرانی و بارگرانیەکی زۆری بۆ خودی کوردەکان دروستکردووە, هەروەها دەکرێ بووبنە بارگرانی بۆ ئەو شوێنانەی تر کەڕووی تێدەکەن, بەڵام واپێناچێ بووبنە هۆی نانەوەی هەڕەشەو مەترسی بۆ ئاشتی و ئاسایشی ناوچەکە (مەبەست ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە) کەببێتە هۆی مەترسی دروستکردن بۆ ئاشتی و ئاسایشی نێونەتەوەیی. گوتنی ئەمە بەشێوەیەکی دیکە, بەعەرەبکردن و پاکسازی ڕەگەزی ناوچەی کەرکوك و ناوچەکانی تر نەبوونەتەهۆی مەترسی شەڕ بەرپابوون یا ڕاستەوخۆ شەڕو جەنگ لەناوچەکەدا, کەهەڕەشە لەڕێکراگری یا ئاشتی و ئاسایشی نێونەتەوەیی بکات. لەلایەکی تر وەك ئاشکرایە هیچ یەکێ لەوڵاتانی ناوچەکە پەرێشانی یا نیگەرانی خۆیان بەرامبەر بەم بەعەرەبکردن و پاکسازییە دەرنەبڕیووە.

لەبەر ڕۆشنایی ئەمەدا واپێناچێ پلورالیستەکان پشتگیری ئەنتەرڤەنسیۆنێك لەم بارودۆخەدا بکەن. بەواتایەکی دیکە لەکاتێکدا ئەم پاکسازییە نەبووەتە هۆی شەڕو جەنگ لەناوچەکەدا کەمەترسی ڕاستەوخۆ بخاتەسەر ڕێکڕاگری ئەنتەرناسیونال یا ئاسایشی نێونەتەوەیی, پلورالیستەکان ئامادەنین پشتگیری دەستێوەردانێکی میلیتاری بۆ وەستاندنی کێشەیەکی لەم جۆرە بکەن. لەڕاستیدا پلورالیستەکان کاتێ کێشەیەك بەهەڕەشە دەزانن, گەرهاتوو کێشەکە ببێتەهۆی ناکۆکی و شەڕ لەنێوان وڵاتان یا مەترسی زۆری بۆ بەرپابوونی شەڕ لەنێوان وڵاتاندا هەبێ, واتە ئەوان زیاتر گرنگی بەناکۆکی نێوان ستاتەکان دەدەن, بەتایبەتیش گەر کێشەکە بەشێوەیەك لەشێوەکان بەوڵاتانی گەورەوە پەیوەستداربێت. بۆیە کەئێمە دەڵێین پاکتاوکردنەکە نەبووەتەهۆی شەڕ بەرپابوون لەناوچەکەدا یا نەبووەتەهۆی نانەوەی مەترسی و هەڕەشە بۆ ئاشتی و ئاسایشی ناوچەکە, لەبەر ڕۆشنایی ئەم تێگەیشتنەی پلورالیستەکانە. چونکە گومان لەوەدا نییە پاکتاوکردنی ڕەگەزی بەشێکە لەململانێی سەرسەختی نێوان نەتەوەی کورد و ڕژێمی عێراق, ئەم ناکۆکیەی هەموو کاتێك لەبارە بۆ گەورەتر بوون و پەیداکردنی مەترسی بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی ناوچەکە بەگشتی, چونکە کێشەی کورد لەوڵاتانی تری ناوچەکەدا لەئارادایە. دیارە بەهۆی بەردەوامی ئەم کێشەیە هەمیشە نائارامی لەناوچەکەدا هەبووە, بەڵام ئەم نائارامیە یا شێوەی ناکۆکیەکە, یان ئەوە نەبووە کەوڵاتانی نزیك و دوور بهەژێنێ و نەتەوەیەکگرتووەکان ناچاری کردار بکات, یان کێشەکە خاوەنی لەگۆمەڵگەی ئەنتەرناسیونالدا نەبووە.

ئەو کێشەو تەنگژەیەی کەپاکتاوی ڕەگەزی دەگرێتەخۆی لەناوچەیەکی دیاریکراودا, دەکرێ ببێتەهۆی دواکاری بۆ هاتنەناوەوەو دەستێوەردان بەمەبەستی وەستاندنی پاکسازیەکەو ڕێگاخۆشکردن بۆ گەڕانەوەی پەنابەرەکان بۆ شوێن و

[94] Keen in John Harriss (1995): 175

ناوچەکانی خۆیان. ئەم پاکسازی و بەعەرەبکردنەی ناوچەی کەرکوک و ناوچەکانی دیکە شکاندن و پێشێلکردنێکی ڕاشکاوی مافەکانی مرۆڤە, بەڵام پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ پلورالیستەکان زۆر نیگەران ناکات, بۆیە ئەوان پشتیوانی دەستێوەردان و هاتنەناوەوە لەبەر تەنها پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤدا ناکەن. چونکە ئەوان پێیان وایە ئەنتەرڤەنسیۆنی مرۆڤانە زیان بەسەرداریی وڵاتی دەستێوەردراو دەگەیەنێ, هەروەها زیان بەپرەنسیپی خۆتێکەڵ نەکردن دەگەیەنێ. بەپێی بۆچوونی ئەوان دەستێوەردانی مرۆڤانە دەبێتەهۆی لەباربردنی ڕێکراگری نێونەتەوەیی کەدەکرێ ببێتەهۆی نائارامی و جەنگ. بەمجۆرە ئەوان دەستێوەرنەدان و خۆتێکەڵ نەکردن بەباشتر دەزانن.

دەربارەی بەعەرەبکردنی ناوچەی کەرکوک, واپێناچێ پلورالیستەکان پشتگیری ئەنتەرڤەنسیۆنی مرۆڤانە بکەن, کەپێیان وایە زیان بەسەرداریی عێراق و ڕێکراگری یا ئاشتی و ئاسایشی ناوچەکە دەگەیەنێ.

هێدلی بەڵ دەڵێ, "تەبایی لەسەر پرەنسیپێکی دیاریکراو لەمەڕ دەستێوەردانی مرۆڤانەدا نییە, واتە تەبابوون لەسەر پرەنسیپێك کەبتوانێ بڕیاری ڕەوایەتی چوونەناوەوەو دەستێوەردانی مرۆڤانە بدات, بۆیە ڕێگادان بەدەستێوەردان زیان بەڕێکراگری ئەنتەرناسیونال دەگەیەنێ". لەلایەکی تر پلورالیستەکان ڕێز لەکاروباری ناوخۆی عێراق دەگرن, چونکە ئەوان پشتگیری ئەو پرەنسیپەی کەماف دەداتە ولاتان لەسەربەخۆییان لەکاروبارە ناوخۆییەکانیاندا, دەکەن. واتە ئەو پرەنسیپەی کەکێشەو کاروبارە ناوخۆییەکان بۆ وڵاتان خۆیان بەجێ دەهێڵێ. بەپێی بۆچوونی ئەوان دەستێوەردان لەکاروباری ناوخۆی عێراق شکاندنی سەرداری عێراقەو پاشان دەبێتەهۆی نائارامی, ڕەنگە بەرپابوونی جەنگ لەناوچەکەدا.

پلورالیستە نەرمەکان لەباردۆخی تایبەت و شازدا لایەنگیری ئەنتەرڤەنسیۆنی مرۆڤانە دەکەن, گەرهاتوو زۆربەیەکی ڕاشکاوی ئەندامانی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی پشتگیری لەدەستێوەردانەکە بکەن, بەمەرجێ دەستێوەردانەکە بەکۆمەڵ جێبەجێ بکرێت.

بەعەرەبکردن یا پاکتاوی ڕەگەزی لەناوچەی کەرکوك و ناوچە کوردستانیەکانی دیکەدا نەبوویتە هۆی هەراسانکردن و پەرێشانکردنی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی, بەجۆرێ کەبگاتە ڕادەی دەنگدان و بڕیاردان لەسەر ئەنتەرڤەنسیۆنی مرۆڤانە. بەواتایەکی تر ئەم پاکسازیە نەبۆتە بابەتێکی گرنگی وا کەشوێن لەئەگێندەی کۆمەڵگەی نێونەتەوەییدا بۆخۆی دیاربکاو دەنگدان بۆ بڕیار وەگرتن پێویست بکاو بسەپێنێ. گەر ئەمە بایەو ڕوویدابایە, هەروەها گەر زۆربەیەکی زۆرو ڕاشکاوی وڵاتان پشتیوانیان لەدەستێوەردان بکردبایە, لەم بارەدا دەکرا پلورالیستە نەرمەکان پشتگیری ئەنتەرڤەنسیۆنی مرۆڤانەیان بکردبایە.

هەروەکو لەمەوبەر گوترا لێکۆلەری ڕیالیست بیکو پارك پێیوایە, وڵاتان کاتێ پشتگیری دەستێوەردان دەکەن, گەربێتوو بەرژەوەندی نەتەوایەتیان بکەوێتە مەترسی. هەروەها ئەو پێیوایە, ستاتەکان مافێکی مۆراڵانەیان نییە لەبەر هۆکاری مرۆڤانە واتە کارەساتی مرۆڤایەتی بەئەنتەرڤەنسیۆن هەڵبستن (سەیری خاڵەکانی 1, 2 و 4 لەبەشی 5.2.3 دا بکە). بەپێی ئەم بۆچوونە هیچ ئەگەرێك یا شانسێك بۆ دەستێوەردانی مرۆڤانە بەمەبەستی وەستاندنی بەعەرەبکردنی ناوچەی کەرکوك لەگۆڕێدا نییە. چونکە یەکەم, هیچ دیاردەیەك نییە کەهێما بۆ جۆرە مەترسیێك لەسەر بەرژەوەندی ناسیونالیستانەی وڵاتانی ناوچەکەدا بکات, واتە بەرژەوەندی ناسیونالیستانەی وڵاتانی ناوچەکە بەهۆی پاکسازیەکە نەکەوتوونەتە مەترسیەوە. دووەم, وڵاتانی ناوچەکە مافی مۆراڵانەیان نییە دەست لەکاروباری ناوخۆی عێراق وەربدەن, بۆیە ئەمە بەرپرسیاریی ئەوان نییە. وەکو لەمەوبەر گوتمان, ئەمە بۆچوونێکی ڕیالیستانەیەو ئەوان زۆر ڕاشکاوانە دژی دەستێوەرانی مرۆڤانەن. ڕیالیستەکان و ڕیسترەکشیۆنیستەکان ئاماژە بۆ چارتەرو ئارتیکلی 2 (4) و (7)ی UN دەکەن. بەگوێرەی ئەم ئارتیکلانە کاری خۆتێکەڵ کردن و دەستێوەردان لەکاروباری ناوخۆی وڵاتانی تر ڕێگای پێنادرێ و نایاساییە. واتە بەپێی ئەم یاسایانەی UN, وڵاتانی دیکە بۆیان نییە دەست لەکاروباری ناوخۆی عێراق وەربدەن, ئەگەرچی مەبەستیش وەستاندنی بەعەرەبکردن و پاکتاوی ڕەگەزی بێت.

### 3.4.3. **چۆن سۆلیداریستەکان سەیری کێشەکە دەکەن؟**

هەروەکو لەمەوبەر باسکرا, سۆلیداریستەکان پشتیوانی لە ئەنتەرڤەنسیۆنی میلیتاری دەکەن, ئەمە لەکاتێکدا گەرهاتوو هەڕەشە لەڕێکراگری نێونەتەوەیی بکرێ. مەبەستیش لەدەستێوەردانەکە وەستاندنی هەڕەشەکەیەو پاشان ڕێکخستنەوەی ڕێکراگری و ئاسایشە. وەکو گوتمان پاکسازییەکەی ناوچە کوردستانیەکانی ژێردەستی ڕژێمی عێراق واپێناچێ بووبنەهۆی دروستکردنی هەڕەشە بۆ ئاشتی و ئاسایشی نێونەتەوەیی, بۆیە سۆلیداریستەکان وەکو پلورالیستەکان پشتیوانی ئەنتەرڤەنسیۆنی سەربازی ناکەن, ئەمە گونجاوە گەر سۆلیداریستەکان وەك پلورالیستەکان بەتەنها بیریان لەڕێکراگری و ئاسایشی ئەنتەرناسیونال بکردبایەوە. بەڵام سۆلیداریستەکان پێیان وایە, ئیندیڤید واتە تاکەکەس مافی خۆی لەیاسای

ئەنتەرناسیونالدا هەیە, هەروەها دەڵێن, پێویستە ڕێزگرتن لەمافەکانی مرۆڤ لەهەمان ئاستی ئاشتی و ئاسایشی نێونەتەوەیی دابندرێ ( سەیری بەشی 3.2.3 بکە ). واتە ئەوان پێیان وایە, بەتەنها ئاشتی و ئاسایشی نێونەتەوەیی جێگای بەرپرسیاریی هاوبەش نییە, بەڵکو ڕێزگرتن لەمافەکانی مرۆڤیش جێگای بەرپرسیاریی هاوبەشن. بەواتایەکی تر ڕێزگرتن لەمافەکانی مرۆڤ وەکو پارێزگاری ئاشتی و ئاسایشی نێونەتەوەیی ئەرکی هاوبەشی وڵاتانە. دیارە پاکتاوی ڕەگەزی لەناوچەی کەرکوکدا پێشێلکردنی ڕاشکاوی مافەکانی مرۆڤە, لەم بارەدا سۆلیداریستەکان مەبەستیانە پشتیوانی لەدەستێوەردانی مرۆڤانە بکەن. سۆلیداریستەکان پەرێشانن بەشکاندنی مافەکانی مرۆڤ, بەڵام ئەوان ئەنتەرڤەنسیۆنی بەکۆمەڵ بەباشتر دەزانن و پەسند دەکەن. سۆلیداریستەکان لایەنگری دەستێوەردانی بەکۆمەڵن, چونکە ئەوان پێیان وایە, کێشە نۆرماتیوەکان پێویستە ڕەوایەتیەکی هەمەلایەنە بگرنە خۆیان, واتە پێویستە لەلایەن کۆمەڵێ ستاتەوە پشتگیری بکرێن و بەکۆمەڵ جێبەجێ بکرێن. دەربارەی کێشەی بەعەرەبکردن, وەکو گوتمان, ئەم کێشەیە نەچۆتە ناو ئەگێندەی نەتەوەیەکگرتووەکان تاوەکو دەنگدانی لەسەربکرێ, ئەوجا ئایا زۆربە پشتگیری دەکا یا نا. لەبەر ڕۆشنایی ئەمەوە واپێناچێ سۆلیداریستەکان پشتیوانی دەستێوەردانی مرۆڤانە بکەن.

بەڵام ئایا ئەوان هەڵوێستیان چی دەبێ, گەر لەبارێکدا مافەکانی مرۆڤ پێشێلکران و کەچی دەستێوەردانی مرۆڤانە پشتگیری بەکۆمەڵ وەرنەگرێ؟ سۆلیداریستەکان ئامادەن واز لەئایدیالی کاری بەکۆمەڵ بێنن, گەرهاتوو ژینۆساید لەئارادابوو[95]. بەڵام چەمکی ژینۆساید دەکرێ لێکدانەوەی جۆراوجۆری بۆبکرێ, بۆیە ئاسان نییە بتواندرێ پێناسەیەکی ڕوون بۆ ئەم چەمکە بدەیتەدەست[96]. ئەم بەعەرەبکردن و پاکسازیەی ئێستا لەئارادایە, ئەم جۆرە ژینۆسایدە نییە کەتیایدا خەڵك بەکۆمەڵ دەکوژرێ و ناوچە وێران و خاپوور دەکرێت. بۆیە واپێناچێ سۆلیداریستەکان پشتگیری ئەنتەرڤەنسیۆنی مرۆڤانەی یەك لایەنە یا تەنیا وڵاتێك بکەن, واتە لەبارێکدا کەبەتەنها ستاتێك بەدەستێوەردانەکە هەڵبستێ.

هەروەها سۆلیداریستەکان مەبەستیانە پشتیوانی دەستێوەردانی مرۆڤانە لەبارودۆخی تایبەت و کێشەی شازدا بکەن. بەڵام مەبەست لەبارودۆخی تایبەت یا کێشەو تەنگژەی شاز چییە؟ ئایا مەبەست پێشێلکردنی دڕندانەو خوێناوی مافەکانی مرۆڤە؟ ئایا مەبەست ژینۆسایدە؟ جاروایە پێشێلکردنی دڕندانەو خوێناویانەی مافەکانی مرۆڤ کەدەکرێ بەتەنگژەیەکی نائاساییو شاز دابندرێ, کەچی پشتگیری زۆربە بەدەست ناهێنێ! لەم بارەدا دەبێ سۆلیداریستەکان هەڵوێستیان چیبێ؟ ئایا ئامادەن واز لەئایدیالی کاری بەکۆمەڵ بهێنن و پشتگیری دەستێوەردانی یەك لایەنە بکەن؟

لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵگەی ئەنتەرناسیونالی سۆلیداریست واتە سۆلیداریستەکان باس لەماف و ئەرکی ئیندیڤید لەچوارچێوەی یاسای نێونەتەوەییدا دەکەن, وە پێیان وایە, ڕێزگرتن لەمافەکانی مرۆڤ ئەرکی هەمەلایەنەی وڵاتانە, کەچی ئەوان کاتێ پەسندی دەستێوەردانی مرۆڤانە دەکەن گەر بەکۆمەڵبێ, واتە ئەوان مەرجیان بۆ پشتگیریەکەیان داناوە. هەروەها ئاسان نییە لەوە بگەیت, کەوا مەبەستی کتومتی سۆلیداریستەکان لەکێشەی شازدا چییە.

گەر ئەوان مەبەستیان لەکێشەی شازدا ئەو کێشانەیە کەدڕندانەو خوێناوین, بۆنموونە, کۆمەڵکوژیەکەی ڕاوەندا لەساڵی 1994دا, ئەوا بەعەرەبکردنەکەی ناوچەی کەرکوك ناکەوێتە ژێر چەمکی کێشەی شاز, واتە ئەم کێشەیەی ئێستای پاکتاوی کوردان ناگرێتەوە. دیارە ئەم پۆلیتیکی پاکسازییەی کەلەلایەن ڕژێمی بەغداوە لەم چەند ساڵەی دواییەدا پیادە دەکرێ, خوێناوی نییە, پێ بەپێیەو خێرایی جیاوازی هەیە. لەبەر ڕۆشنایی ئەمەدا ئەم کێشەی بەعەرەبکردنە ناتوانێ بەئاسانی پشتیوانی سۆلیداریستەکان بەدەست بێنێ.

سۆلیداریستەکان جەخت دەخەنەسەر مافەکانی مرۆڤ, هەروەها گەرهاتوو مافەکانی مرۆڤ پێشێلکران, ئەوان پشتگیری لەدەستێوەردانی داسەپێنەرانەی مرۆڤانە دەکەن. بەڵام ئایا ئەم سنووری پێشێلکردنەی مافەکانی مرۆڤ لەکوێدایە؟ واتە لەچ سنوورێك دەکرێ بگوترێ مافەکانی مرۆڤ پێشێلکراوەو ڕەوایەتی دەداتە دەستێوەردان یا هاتنەناوەوەی مرۆڤانە؟ ئایا سۆلیداریستەکان لەکوێی ئەم سنوورەدا پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ بەبەزاندن دەزانن؟ ئایا پاکتاوی ڕەگەزی لەناوچەی کەرکوك و ناوچە کوردستانیەکانی دیکەی ژێردەستی ڕژێم گەیشتۆتە خاڵی شکاندن و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ کەبتوانێ پەسندیی دەستێوەردان بەدەست بێنێ؟ دەربارەی دیارکردنی ووردی سنووری شکاندنی مافەکانی مرۆڤ کەبتوانێ ڕەوایەتی بداتە دەستێوەردان, سۆلیداریستەکان وەڵامێکی ڕوونیان نییە, بەگوتنی نیکلاس ویلەر. گەر ئاماژە بۆ وەڵامەکەی ڤنسنت بکرێ (سەیری خاڵی 3 لەژێر ئەو خاڵانەی کەپشتگیری دەستێوەردانی مرۆڤانە دەکەن لەبەشی 5.2.3 دا بکە ) ئەوا واپێناچێ بەعەرەبکردنی ناوچەی کەرکوك بچێتەژێر مەرجەکانی ڤینسنت. دیارە دەکرێ بگوترێ پاکتاوکردنەکە سیستەماتیکیە, بەڵام ئەو خوێناویەو توندووتیژییەی نییە کەژیانی بەکۆمەڵی خەڵك لەمەترسی مردن دابێ. کوردەکانی

---

[95] Knudsen, B. Tonny, 1999: 80

[96] Ryan, Stephen 1995: 210

ناوچەکانی ژێردەستی ڕژێم ناچاری ڕۆیشتن و کۆچکردن دەکرێن, بەڵام ژیانیان بەپارێزراوی دەمێنێتەوە. واتە کوردەکان دەتوانن گیانی خۆیان لەئازاردان و مردن رزگاربکەن گەر پەسندی کۆچ بکەن. گەربێتوو بمانەوێ نموونەیەکی گونجاوی شکاندنێکی خوێناوی و دڕندانەی مافەکانی مرۆڤ بێنینەوە, ئەوا هێرشی ژینۆسایدانەی ئەنفالە لەساڵی 1988دا. دیارە هێرشی دڕندانەو خوێناوی ئەنفال دەتوانێ بچێتەژێر مەرجەکانی ڤینسنت.

وەکو لەمەوبەر گوترا, سۆلیداریستەکان ئاماژە بۆ ئارتیکلەکانی 1 (3), 55 و 56ی UN دەکەن, ئەو ئارتیکلانە پشتگیری لەدەستێوەردانی مرۆڤانە دەکەن, گەرهاتوو مافەکانی مرۆڤ پێشێلکران, بەڵام دیسان دەستێوەردانی بەکۆمەڵ لەلایەن ئەوانەوە بەپەسند دەزاندرێ. هەروەکو گوتمان بەعەرەبکردنی ناوچەی کەرکوک نەچۆتە ئەگێندەی ئەنجومەنی ئاسایشی UNەوە, بۆیە نازاندرێ کەلەلایەن زۆربەوە پشتگیری دەکرێ یا نا.

هەروەکو لەبەشی 5.2.3 دا باسکرا, کاونتەر ریستریکشیۆنیستەکان پشتیوانی لەئەنتەرڤەنسیۆنی مرۆڤانەی یەك لایەنە بەمەبەستی وەستاندنی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ دەکەن. ئەوانیش ئاماژە بۆ هەمان ئارتیکلەکانی 1(3), 55 و 56ی UN دەکەن. لەڕاستیدا ئەمە وەڵامێکە بۆ سۆلیداریستەکان کەڕەوایەتی دەدەنە دەستێوەردانی بەکۆمەڵ و دەستێوەردانی یەك لایەنە بەباش نازانن. لەبەر ڕۆشنایی ئەمەوەو وەکو لەسەرەوودا ئاماژەمان بۆکرد کەپاکتاوکردنەکەی ناوچە کوردستانیەکان بەپێی چەندین یاسای UN هەروەها بڕیاری 688 پێشێلکردنی ڕاشکاوی مافەکانی مرۆڤە, ئەوا دەکرێ لەڕوانگەیەکی تیئۆریەوە ڕەوایەتی بدرێتە ئەنتەرڤەنسیۆنی مرۆڤانەی یەك لایەنە. واتە ستاتێك یا چەند ستاتێك بەکاری چوونەناوەوەو دەستێوەردانەکە هەڵبستن, ئەمەش بەمەبەستی وەستاندنی بەعەرەبکردن و پاکسازییەکە, ئەمە لەکاتێکدا گەرهاتوو دەستێوەردانەکە پشتگیری زۆربەی بەدەست نەهێنا یا UN لەئاستی بەرپرسیدا نەبوو.

هەروەکو لەبەشی 5.2.3 ی خاڵی 2 دا لەژێر ئەو خاڵانەی کەپشتگیری ئەنتەرڤەنسیۆن دەکەن باسکرا, بەپێی ئەو یاسایا ئەنتەرناسیونالانەی پەیوەستدارن بەپراکتیکی ستات, وڵاتان ماف هاتنەناوەوەو خۆتێکەڵ کردنی مرۆڤانەیان هەیە, گەرهاتوو ستاتێك یاسا ئەنتەرناسیونالەکان یا ڕێکەوتننامە ئەنتەرناسیونالەکان بشکێنێ[97]. کاونتەر ریستریکشیۆنیستەکان پێیان وایە, بەزاندنی ئەم یاساو ڕێککەوتنانە ماف بەدەستێوەردانی مرۆڤانە دەدات. بەپێی ئەمەوە پاکتاوکردنەکەی ناوچەی کەرکوك شکاندن و بەزاندنی ڕێککەوتن و یاسا نێونەتەوەییەکانە, واتە ڕژێمی عێراق ئەو یاساو ڕێککەوتنانەی کەخۆی پەسندی کردووەو ئیمزای کردووە دەبەزێنێ و پێشێل دەکات. لەبەر ڕۆشنایی ئەمەوە دەکرێ ئەنتەرڤەنسیۆنی مرۆڤانەی چ یەك لایەنە یا بەکۆمەڵ جێبەجێ بکرێت, ئەمە لەڕوانگەیەکی تیئۆریەوە.

### 4.4.3. جیهان و ناوچەکە لەژێر سەرنجێکی ڕیالیستانەدا

پاکتاوی ڕەگەزی لەناوچەی کەرکوك و ناوچەکانی دیکەدا بەشێکی دانەبڕاوی ململانێی ڕامیاری نێوان نەتەوەی کوردو ڕژێمی عێراقە. لەبەرئەوەی کوردستان دابەشکراوەتە سەر چەند وڵاتێك لەناوچەکەدا, بۆیە ئەم ململانێ ڕامیارییە ئەوانیش دەگرێتەوە یا پەیوەندی بەوانیشەوە هەیە. واتە کێشەکە وڵاتانی وەکو ئێران, تورکیاو سوریا هەمیشەو بەشێوەیێ لەشێوەکان دەگرێتەوە. ئەو ستاتانەی خاکی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوەو کەمینەی کوردیان هەیە هەموویان ناسراون بەشکاندن و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و خاوەنی سیستەمی نادیموکراسیانەن, بۆیە ئەو ستاتانە دژی ئازادی کوردانن جا چ لەچوارچێوەی ئۆتۆنۆمیدا بێت یا سەربەخۆییدا بێت. هەربۆیەش کێشەی کورد زۆر ئاڵۆزو هەستیارە, بەواتایەکی تر هەر یارمەتیەك لەهەر شێوەیەکدابێ بۆ کەمینەی کورد لەهەر یەکێکی ئەم وڵاتانە, دەکرێ بێتەهۆی هەراسانکردن و تووڕەکردنی ئەم ستاتانە لەناوچەکەدا.

لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی لەکاتێکدا, لەلایەك هیچ وڵاتێکی ناوچەکە واتە ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە یا داگیرکردووە, نیگەرانی و پەرێشانی خۆیان بەرامبەر بەپاکتاوی رەگەزی ناوچەی کەرکوك دەرنەبڕیووە, لەلایەکی تر هیچ ستاتێکی دیکە لەدوورو نزیك پەرێشانیان بەرامبەر بەکێشەکە پیشان نەداوە, دەکرێ بگوترێ پاکتاوی ڕەگەزی ناوچەی کەرکوك نەبۆتە هەڕەشە یا مەترسی بۆ ئاشتی و ئاسایشی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست یا نێونەتەوەیی. واتە خودی کێشەکە نەبووەتە هۆی مەترسی شەڕنانەوە بەشێوەیێ کەوابکات ناوچەکەو جیهان بشڵەژێنێ.

کەوڵاتانی ناوچەکە واتە ئێران, تورکیاو سوریا لەئاست پاکتاوکردنەکەو چەوساندنەوەی کەمایەتی کورد بێدەنگن و پەرێشانی دەرنابڕن, دەکرێ گەلێ هۆکاری هەبێ, لەوانە:

---

[97] Conners J. in Kreyenbroek, 2000: 94

یەکەم: ئەو وڵاتانە ڕێز لەسەرداری عێراق و پرینسیپی خۆتێکەڵ نەکردن دەگرن و پێیان وایە, ئەم کێشەیە پەیوەندی بەکاروباری ناوخۆیی عێراقەوە هەیەو ئەوان بۆیان نییە خۆیان تێکەڵی گرفت و کێشە ناوخۆیەکانی عێراق بکەن.
دووەم: ئەو وڵاتانە چاوپۆشی لەپاکتاوکردنەکە دەکەن, چونکە ئەوان خۆیان کەمینەی کورد لەوڵاتەکانیاندا دەچەوسێننەوە.
سێیەم: ئەو وڵاتانە پۆلیتیکی ستاتوس کۆ* ( Status-quo ) دەربارەی کێشەی کورد بەباشترو ڕاست دەزانن, واتە ئەوان بەهوشیاریەوە پەیڕەوی پۆلیتیکی ستاتوس کۆ دەکەن و نایانەوێ هیچ گۆڕانێك کەبۆ نەتەوەی کورد باشبێ بەسەر بارودۆخی کورداندا بێت و هەوڵ دەدەن کێشەکەیان وەکوخۆی بمێنێتەوە.
چوارەم: ئەو وڵاتانە لەگەڵ پۆلیتیکی پاکتاوکردنی کوردان لەناوچەی کەرکوکدا ناکۆك نین, چونکە زاڵی و باڵادەستی کوردەکان لەناوچەی کەرکوك دەکرێ ئاکامی ئابووری و ڕامیاری مەترسیداری بۆ ئەوان لێبکەوێتەوە, ئەمە گەرهاتوو کوردەکان جۆرە سەربەخۆییەك لەخوارووی کوردستاندا بەدەست بێنن. وەکو ئاشکرایە ناوچەی کەرکوك ناوچەیەکی بەچاڵی نەوت دەوڵەمەندە, بۆیە ناوچەکە شوێنێکی ئابووری و ڕامیاری ستراتیژی بۆ کورد هەیەو دەتوانێ شوێنی کوردان لەداهاتوودا لەهەردوو لایەنەوە تارادەیەکی دیار بەهێز بکات.

هەروەکو پێشتر باسکرا, کەمایەتی تورکمان کەموزۆر بەر پۆلیتیکی پاکتاوی ڕەگەزیی ڕژێمی بەغدا کەوتوون, ئەمە دەکرێ ببێتەهۆی هەراسانکردنی تورکیا. بەڵام لەبەرچی تورکیا بێ دەنگەو بەهیچ کردارێکی بەرچاو هەڵناستێ؟ کەتورکیا بێ دەنگە لەئاست کێشەکەدا, دەکرێ گەلێ ڕوونکردنەوەی هەبێ, لەوانە: ا) تورکیا ڕێز لەسەرداری عێراق و پرینسیپی دەستتێوەرنەدان دەگرێ. ب) ڕەنگە هەڵوێست وەرگرتن و خۆتێکەڵ کردن لەکێشەکەدا ببێتەهۆی بەرپابوونی جەنگ, کەدەکرێ ببێتەهۆی هەڕەشەو مەترسی بۆ بەرژەوەندی ناسیونالانەی تورکیا هەروەها لەباربردنی ئاسایشی ناوچەکە. یان گەر خۆتێکەڵ کردنەکە نەیگەیەنێتە نانەوەی شەڕ, زۆر واپێدەچێ ببێتەهۆی ناخۆشی و پچڕانی پەیوەندی نێوان هەردوو وڵات لەڕووی ئابووری و بازرگانییەوە, ڕەنگە بۆ ماوەیەکی درێژ, بەمجۆرە زیانکەوتن بەباری ئابووری تورکیا کەخۆی گرفتی زۆرەو لاوازە.
شایانی باسە تورکیا لەگەلێ دەرفەتدا ئەوەی دووبارەکردۆتەوە, کەوا ڕێز لەسەرداری و یەکێتی خاکی عێراق دەگرێ, دیارە ئەم هەڵوێستەی تورکیا گرنگی زۆری بۆ ڕاگرتنی ستاتوس کۆ (پەیوەستدار بەدۆزی کورد) لەناوچەکەدا هەیە. دیارە وڵاتانی ناوچە مەبەست داگیرکەرانی کوردستان بەهەموو شێوەیەك هەوڵ دەدەن بەڵانس و ئاسایشی ناوچەکە بپارێزن و ڕابگرن, چونکە دەستکاریکردنی کێشەی کورد دەکرێ ببێتەهۆی زیانگەیاندن پێیان و بەمجۆرە دروستکردنی مەترسی بۆ بەرژەوەندی نەتەوایەتیان. ڕاگرتنی ئاشتی و ئاسایش یا ڕێکراگری ناوچەکە واپێدەچێ واتایەکی زۆری بۆ ڕێکراگری نێونەتەوەییەوە هەیە, ئەمە وایکردووە وڵاتانی گەورەو دەسەڵاتدار نەیانەوێ خۆیان تێکەڵی کێشەکە لەلایەنی ڕامیارییەوە بکەن. چونکە ئەوان زۆر واپێدەچێ خۆبەدوور بگرن لەکارێك کەزیان بەرێکراگری ئەنتەرناسیونال بگەیەنێ. دیارە خۆتێکەڵ نەکردنی UN هەروەها وڵاتانی گەورە لەململانێی ڕامیاری پەیوەستدار بەدۆزی کورد, هەروەها سەیرکردنی کێشەی کورد وەکو کێشەیەکی مرۆڤانە نەك کێشەیەکی ڕامیاری, بەمجۆرە دان پێنەنانی کێشەکە وەك کێشەیەکی ڕامیاری بەڵگەی ئەم گۆتەیەی سەرەوەن.
بەپشتبەستن بەم لێکۆلینەوەیەی کە لەناو ئاوارەکانی ناوچەی کەرکوك کە لەکەمپی بەردەقارەمان ئەنجام درا, هەروەها گەلێ سەرچاوەی تر کەڕۆژانە لەبەعەرەبکردن دەدوێن, پاکتاوکردنی ڕەگەزی ڕاستیەکی ڕاشکاوە, بۆیە دەکرێ داوای ئەنتەرڤەنسیۆنی مرۆڤانە بەمەبەستی وەستاندنی ئەم پاکسازیە بکرێ. بەڵام ئەم پاکتاوکردنە ڕەگەزییەی ناوچەی کەرکوك لەبەر هەر هۆیەکبێ, نەیتوانیوە سەرنجی وڵاتانی ترو وڵاتانی دەسەڵاتدار بۆ خۆی ڕابکێشێ, بەشێوەیێ کەبتوانێ پشتگیری پێویست بۆ ئەنتەرڤەنسیۆنێکی مرۆڤانە بەدەستبێنێ. ئەمە دەکرێ لەبەرئەوەبێ, بەتەنها کوردەکان (مەبەست پارتی ڕامیاری, ڕێکخراوو کۆمەڵەی ڕامیاری هەروەها ڕۆشنبیرانە) کەزۆر نیگەران و پەرێشانن بەبارودۆخەکە. هەروەها کوردەکان نوێنەریان لە UN یا ڕێکخراوی دیکەی نێو وڵاتاندا نییە, چونکە کورد ستاتی نییە. لەبەرئەوەی نەتەوەی کورد لەهیچ پارچەیەکی کوردستان خاوەنی ستاتی سەربەخۆی خۆی نییە, بۆیە دەکرێ زۆر سەختبێ بۆ کورد کەبتوانێ سەرنجی وڵاتانی

* ستاتوس کۆ Status quo واتە بارودۆخ بەشێوە هاتووەکەی ئائێستا, پەیڕەوکردنی ستاتوس کۆ واتە ڕاگرتن و هێشتنەوەی بارودۆخ وەکو خۆی.

تر بەتایبەتی وڵاتانی گەورە بۆلای کێشەکە رابکێشێ. دیارە جۆری پاکتاوکردنەکەش هێندە خوێناوی و توندوتیژ نییە کەبتوانێ بگاتە رادەی سەرنج راکێشانێکی ئەنتەرناسیونال و جیهانی, ئەمە لەکاتێکدا گەر گوێ نەدەینە پێویستبوونی ستاتی کورد.

UN لەراپۆرتێکیدا دەربارەی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لەعێراقدا, بەکورتی باس لەبەعەرەبکردن یا پاکتاوی رەگەزی دەکات و جەخت ناخاتەسەر گەورەیی و گرنگی تاوانەکە, واتە کێشەی پاکتاوکردن دەخرێتە ریز کێشەکانی دیکەو گرنگی زیاتری پێنادرێ. UN لەراپۆرتەکەیدا دەستنیشانی ئەو تاوانانەی کە لەلایەن رژێمی عێراقدا ئەنجام دەدرێن دەکات و داوای وەستاندنی ئەم تاوانکاریانە لەدەسەڵاتی بەغدا دەکات[98].

یاساناسە سۆلیدریست و کاونتەر ریستریکشیۆنیستەکان ئاماژە بۆ ئارتیکلەکانی 1(3), 55 و 56ی UN هەروەها یاسای پراکتیکی ستات دەکەن, بەپێی ئەم یاسایانە دەستێوەردان یاساییە. یەکەم, هەروەکو لەمەوبەر باسکرا کێشەی بەعەرەبکردن نەچۆتە ئەگێندەی نەتەوەیەکگرتووەکان تاکو بتوانێ پشتگیری ئەندامانی UN وەربگرێ. دووەم, بەکارخستنی ئۆپەراسیۆنی ئەنتەرڤەنسۆنی مرۆڤانە زۆر زیاتری گەرەکە لەتەنها چەند ئارتیکل و یاسایەکی UN. هەڵسان بەکاری ئەنتەرڤەنسیۆن پێویستی بەگەلێ فاکتەر هەیە, لەوانە: 1) سەرنج راکێشان و پشتگیری وڵاتە گەورەکان. 2) تەبایی لەنێوان ئەندامانی هەیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشی UN لەسەر کێشەکە, بەمجۆرە بەدەستهێنانی مەنداتی UN واتە بڕیاری یا راسپاردەیUN بۆ ئەنتەرڤەنسیۆن. 3) ئاگاداری و گرنگیدانی میدیای جیهانی بەکێشەکە. 4) پەسندکردنی دەستێوەردانەکە لەلایەن وڵاتانی ناوچەکەدا, بۆنموونە پەسندکردنی ئەنتەرڤەنسیۆنەکەی 1991 لەلایەن تورکیاوە واتای زۆری هەبوو. 5) هەبوونی کەرستەو کەلوپەلی پێویست بۆ ئۆپەراسیۆنەکە هتد.. هەبوونیئەم فاکتەرانەو فاکتەری تر بۆ هەڵسان بەکرداری دەستێوەردانی مرۆڤانە پێویستن. گەلێ لەو فاکتەرانە پەیوەستدارن بەیەکتر و ئامادەبوونیان بەیەکەوە پێویستن. بۆنموونە گرنگیدانی راگەیاندن و میدیا بەس نییە بۆ هەڵسان بەکارەکە, بەڵکو ویستی هەبوونی پۆلیتیکەکانیش بەتایبەتی لەوڵاتانی دەسەڵاتداردا پێویستن[99].

بەپێی بۆچوونی کاونتەر ریستریکشیۆنیستەکان ستاتێك یا چەند ستاتێك دەتوانن یەك لایەنە بەکرداری ئەنتەرڤەنسیۆنی مرۆڤانە هەستن. دەربارەی کێشەی بەعەرەبکردن, وڵاتانی ناوچەکە لەبەر ئەو هۆیانەی لەسەرەوەدا باسکران هەروەها هۆی تر نایانەوێ بەکاری دەستێوەردان هەڵبستن.

وڵاتێکی گەورەی دەسەڵاتداری وەکو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا رەنگە گونجاوبێ بۆ ئەم ئەرکە. بەڵام ئایا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەیەوێ یا دەتوانێ بەم کارە هەڵبستێ؟ دەکرێ گەلێ فاکتەر هەبن رێگا بەئەمەریکا بگرن کەبەم کارە هەڵبستێ یا وابکەن لەبەرژەوەندی ئەمەریکادا نەبێ, لەوانە: ا) گەر ئەمەریکا بەتەنیا بەئەرکی دەستێوەران هەڵبستێ, ئەوا پێویستی بەلەئارادابوونی چەندین فاکتەری ناوەکی هەیە, لەوانە: ویستی دەستێوەردان لەلایەن پۆلیتیکەکانەوە بەتایبەتی ئەو بەرێوەبەرایەتیەی کە لەسەرکاردایە. گرنگیدانی میدیای ئەمەریکی بەکێشەکە. هەبوونی سەرچاوەو کەرستەی ئەرکەکە. پشتگیری هاوڵاتیانی ئەمەریکی لەکاری دەستێوەردان و بەمجۆرە پشتگیری حکومەت لەم کارەدا هتد.. ب) ئەمەریکا رێز لەسەرداری و یەکێتی خاکی عێراق دەگرێ, ئەمە بەتایبەتی گەر کێشەیەك پەیوەندی بەدۆزی کوردەوە هەبێت. بۆنموونە ئەمەریکا چەندینجار ئەوەی بۆ تورکیا روونکردۆتەوە, کەوا ئەمەریکا رێز لەیەکێتی خاکی عێراق دەگرێ و هیچ کارێ ناکات زیان بەم لایەنە بگەیەنێ. چونکە دەستکاریکردنی کێشەی کورد دەکرێ مەترسیبێ بۆ ئاسایشی ناوچەکەو بەمجۆرە دروستکردنی نائارامی لەناوچەکەدا کەزیان بەرێکراگری دەگەیەنێ. ج) ئەمەریکا تورکیای زۆر لاگرنگە, بەهۆی ئەوەی تورکیا ئەندامی ناتۆیەو هاوپەیمانی لەمێژینەی ئەمەریکایە لەناوچەکەدا, بۆیە ئەمەریکا زۆر رەچاوی ئاسایشی تورکیا دەکات. هەروەها واپێناچێ ئەمەریکا بەهیچ کارێ هەڵبستێ کەزیان بەپەیوەندی نێوانیان بگەیەنێ. د) گەر ئەمەریکا بەکرداری ئەنتەرڤەنسیۆن هەڵبستێ, رەنگە ئەم کارە کێشەو گرفتی لەلایەن وڵاتانی گەورەوەی تری وەك چین و رووسیا بۆ دروستکات و دژی دەستێوەردانی مرۆڤانە بووەستنەوە. لەبەر رۆشنایی ئەمانەی سەرەوەدا دەتوانین بڵێین, کەوا واپێناچێ لەبەرژەوەندی ئەمەریکادابێ بچێتە ناو کێشەکەوە.

دۆزی کورد کێشەیەکی چەندی بڵێی هەستیارەو ناسکە, بۆیە هەرچەندە کێشەی بەعەرەبکردن و تاوانکاریەکانی تر کەدژ بەخەڵکی کوردستان ئەنجام دەدرێن پەیوەندی بە ئازارە مرۆڤایەتیەکانەوە هەیەو پێویستی بەوەستاندن هەیە, دەکرێ هەر دەست تێکەڵکردنێکی دەرەکی بەدەست تێکەڵکردنی رامیاری دابندرێ و بەشکاندنی سەروەری عێراق بزاندرێ. وڵاتێکی

[98] راپۆرتی UN لەمەر تاوانکاریەکانی رژێمی عێراق بەرامبەر بەدانیشتوانی: ژینێڤا, 18ی ئەپریل 2001.

[99] Knudsen, B. Tonny, 1999: 185

وەکو تورکیا چەندینجار هەڕەشەی لەهەوڵی دروستکردنی ستاتێکی سەربەخۆی کوردان لەخوارووی کوردستاندا کردووە, بۆنموونە ڕۆژنامەی حورییەت دەیلی رۆژی 16ی مای 2001 نیگەرانی تورکیای دەربارەی دروستکردنی ستاتێکی سەربەخۆی کوردان, هەروەها هەڕەشەی تورکیا بەداگیرکردنی ناوچەکەی راگەیاند, گەرهاتوو ئەمە رووبدا. هەروەها لەسەرادانێکی مەسعود بارزانی سەرۆکی پ.د.ك بۆ تورکیا دووبارەی ئەم نیگەرانیەی خۆیان کردەوە[100]. تورکیا پێی وایە, دروستبوونی ستاتێکی سەربەخۆی کورد لەکوردستانی بندەستی عێراقدا, دژی بەرژەوەندی ناسیونالانەی تورکیایەو هەڕەشەیە بۆ یەکێتی خاکی تورکیا. تورکیا دژی هاتنەکایەی ستاتێکی سەربەخۆی کوردە, چونکە ترسی ئەوەی هەیە کەوا کەمینەی کورد لەکوردستانی بندەستی تورکیادا راپەڕن و داوای جیابوونەوە بکەن.

نموونەی نوێی ئەم نیگەرانیەی تورکیا بەهۆی زیاتر باسکردنی ئەم دواییانەی لێدان و لابردنی رژێمی سەدام حوسێن باشتر دەکەوێتە بەرچاو. واپێدەچێ ئەمەریکاو هاوپەمانەکانی مەبەستی ئەم کارەیان لەهەموو کاتێ زیاتر مەبەستبێ. دیارە ئەمەریکا ڕەچاوی رۆڵ و گرنگی تورکیای هاوپەیمانی لەناوچەکەدا هەروەها ڕەچاوی بەرژەوەندی نەتەوایەتی تورکیا دەکات, بۆیە بەڕوونی تورکیایان لەپاراستنی یەکێتی خاکی عێراق دڵنیاکردۆتەوە, بۆنموونە لەسەردانێکی هەندێ سەناتۆری ئەمەریکایی بۆ تورکیا لە سەرەتای ساڵی 2002دا, سەناتۆرەکان هەڵوێستی ئەمەریکایان لەمەڕ پارێزگاری یەکێتی خاکی عێراق بۆ حکومەتی تورکیا دووپاتکردەوە[101]. تورکیا هەمان ئەم نیگەرانیەی خۆی چەندبارەکردەوە, کاتێ جەلال تاڵەبانی سەرۆکی ی.ن.ك سەردانی تورکیای لەمانگی مارسدا کرد[102]. نیگەرانی بەرامبەر دروستبوونی ستاتێکی سەربەخۆی کوردان لەخوارووی کوردستاندا لەلایەن هەموو وڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستاندا بەڕاشکاوی دیارەو هەموویان ناوە ناوە سەرکردە کوردەکان لەمە ئاگادار دەکەنەوە, ئاگادارکردنەوەکان گەلێجار هەڕەشەئامێزن.

وەکو دیارە تورکیا ئامادەیە لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندی ناسیونالانەی خۆیدا بەئەنتەرڤەنسیۆنی میلیتاری لەخوارووی کوردستاندا هەڵبستێ, ئەم هەڵوێستەی تورکیا پشتگیری بۆچوونی ڕیالیستەکان دەکات, کەدەڵێن وڵاتان تەنها کاتێك بەدەستێوەردان هەڵدەستن, گەرهاتوو بەرژەوەندی نەتەوایەتیان کەوتە مەترسیەوە.

پۆلیتیکی پاکتاوی ڕەگەزی رژێمی عێراق پێشێلکردنی ئاشکرای بڕیاری 688ی نەتەوەیەکگرتووەکانە. بۆیە دەکرێ بپرسین, لەبەرچی هەوڵی وەستاندنی ئەم تاوانکارییە لەڕێگای دەستێوەردانی مرۆڤانەوە نادرێت, لەکاتێکدا دەستێوەردانە مرۆڤانەکەی ساڵی 1991 بەشێوەیەکی سەرەکی لەبەر رۆشنایی ئەم بڕیارەوە ڕەواکراو جێبەجێکرا[103]. وەڵامی ئەم پرسیارە بەکورتی ئەوەیە, کەوا ئەو هەلومەرج و فاکتەرانەی ئەوسا لە91 دا لەئارادا بوون ئێستا لەئارادا نین. بڕیاری 688 لەساڵی 1991دا بەشێوەکی سەرەکی لەبەر کۆڕەوە گەورەکەو بارودۆخی تراژیدی و کارەساتئامێزی ئەوسای پەنابەرانی کورد پەسندکرا. سەرنجی میدیای ڕۆژئاوا بەتایبەتی ئەمەریکا بەخەستی ئاراستەی کارەساتی کۆڕەوەکە کرابوو. تەبایی لەنێوان وڵاتانی گەورەدا لەسەر چوونەناوەوەی مرۆڤانە تاڕادەیەکی زۆر هەبوو. ئەنتەرڤەنسیۆنەکە لەلایەن تورکیاشەوە پەسندکرا. سەرچاوە, کەرستەو کەلوپەلی ئۆپەراسیۆنەکە لەئارادابوو و ئامادەبوو. هەروەها لەلایەك ڕۆژئاوا بەشێوەیێ لەشێوەکان لەبەرامبەر بەکارەساتەکەدا خۆی بەبەرپرسیار دەزانی, چونکە کۆڕەوەکە دەرکردێکی جەنگی کەنداو بوو کەئەوان ڕاستەوخۆ تێیدا بەشداربوون. لەلایەکی تر هاندانی یاخیبوون و راپەڕینی دانیشتووانانی عێراق دژی رژێمی سەدام حوسێن لەلایەن ئەمەریکاوە, بەپرسیاریەکەی ڕۆژئاوای لەکارەساتەکەدا زیاتر خستەڕوو[104].

ئێستا ئەم فاکتەرانە یا هەلومەرج و بارودۆخانە دەربارەی کێشەی بەعەرەبکردن لەناوچەی کەرکوك لەئارادا نین. وەکو ئەوسا تەبایی و کۆکی لەمەڕ کێشەکانی پەیوەستدار بەعێراق لەئەنجومەنی ئاسایشی UN دا لەئارادا نییە. کۆڕەوەکە توانی کاریگەرانە بچێتەناو ئەگێندەی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە, بەڵام پاکتاوکردنی کوردەکان لەناوچەی کەرکوك ئەمەی بۆ نەکراوە. ئەوسا هەندێ لەئەندامانی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایش کۆڕەوەکەیان بەمەترسی لەرێکراگری و ئاسایشی ناوچەکە دەزانی, بەڵام واپێناچێ ئەم کێشەی پاکتاوی ڕەگەزییەی ئێستا بەمەترسیەکی ئەوتۆ بزانن. میدیای ڕۆژئاوا بەتایبەتی ئەمەریکا گرنگیان بەکێشەکەی ئێستا نەداوە وەکو ئەوەی بۆ کۆڕەوەکە کردیان هتد.. جگە لەوانەی سەرەوە واپێدەچێ کوردەکان وەکو پێویست نەیانتوانیووە یەکگرتووانەو کاریگەرانە دژی بەعەرەبکردن بوەستنەوەو سەرنجی نەتەوەیەکگرتووەکان, وڵاتانی گەورە هەروەها میدیای جیهانی بۆلای کێشەکە ڕابکێشن.

---

[100] The Kurdistan Observer 13/5/2001
[101] The Kurdistan Observer 5/1/2002
[102] The Kurdistan Observer 7/3/2002
[103] Knudsen, B. Tonny, 1999: 183
[104] Knudsen, B. Tonny, 1999: 179

ولاّتانی گەورە لەئالۆزی و ناسکی دۆزی کورد ئاگادارن, بۆیە زۆر بەوریاییەوە هەڵسوکەت لەگەڵ هەر تەنگژەو کێشەیەك کەپەیوەندی بەکوردەوە هەیە دەکەن. بۆنموونە, ولاّتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دوای فشارێکی زۆر لەلایەن ولاّتانیتری رۆژئاوا بەتایبەتی بەریتانیا, وە ڕەزامەندی تورکیا هەروەها هەڵسەنگاندنێکی زۆر, ئەوجا پەسندی ئۆپەراسیۆنی دەستێوەردانی مرۆڤانەی لە91 دا کرد[105]. ئەمەریکا بەرلەوەی پەسندی دەستێوەردانەکە بکات, کارەساتە مرۆڤایەتیەکانی دوای ڕاپەرینی 91ی بەکاروباری ناوخۆی ستاتی عێراق دادەنا. بۆنموونە جۆرج بۆشی سەرۆکی ئەوسای ئەمەریکا لەووتەیەکیدا کارەسات و کێشەکانی ناو عێراقی بەکاروباری ناوخۆی عێراق داناو پێی وابوو چاکترە دانیشتوانانی عێراق خۆیان چارەسەری کێشەکەیان بکەن[106]. کاتێ ئەمەریکا کرداری ئەنتەرڤەنسیۆنی مرۆڤانەی پەسندکرد, جۆرج بۆش ئەوەی دووپاتکردەوە, کەوا مەبەست لەدەستێوەردانەکە ئامانجی مرۆڤانەیە, هەروەکو گوتی:

*" دەمەوێ ئەوە دووپاتکەمەوە, کەوا هەموو ئەوەی ئێمە دەیکەین لەئەنجامی پەرێشانیمانە بەکارەساتە مرۆڤایەتیەکان.... ڕەنگە هەندێ بڵێن ئەوە دەستوەردانە لەکاروباری ناوخۆی عێراقدا, بەلاّم پێموایە کارەساتە مرۆڤایەتیەکان, کارەساتی پەنابەرەکان هێندە گەورەن کەدەتوانێ تێگەیشتنێك بۆ ئەم کارەمان دروستبکات"* [107].

لەبەر ڕۆشنایی ئەمانەی سەرەوەدا دەکرێ بگوترێ, کەوا ڕووی راستەقینەی هەلومەرجەکان لەقازانجی ئەنتەرڤەنسیۆنێکی مرۆڤانەدا نین, بەشێوەیەکی دیکە ڕووی راستەقینەی بارودۆخی ناوچەکە بۆ دەستێوەردانی مرۆڤانە ڕێگاخۆشکەر نین.

لێرەدا پێویستە بگوترێ, کەوا ئەنتەرڤەنسیۆنی مرۆڤانە گەلێ ڕەخنەی ئاراستە دەکرێ, یەکێ لەو ڕەخنانە, ڕەخنەگران پێیان وایە ستاتەکان یا ولاتانی دەستێوەردەر ئامادەن کارەساتی خوێناوی و دڕندانە بوەستێنن, بەلاّم ئامادە نین کارەساتی مرۆڤانەی کەم خوێناوی یا کارەساتی مرۆڤانەی لەشێوەی دیکە بوەستێنن. ڕەخنە لەڕێکخراوی UN دەگیرێ و دەڵێن, UN ناچێتەناو ئەو ناوچەو شوێنانەی کەتێیاندا خەڵك لەبەر هەژاری و برسیەتی لەسەرخۆیانە گیان لەدەست دەدەن.

ئەم ڕەخنەیە بۆ بابەتەکەی ئێمە گونجاوە, دیارە تاوانکاری پاکتاوکردنی ڕەگەزی لەناوچەی کەرکوك و ناوچەکانی تر ئەو خێراییو توونددوتیژییەی نییەو کەم خوێناوییە, وەکو باسکرا خەڵکە کوردەکە ناچاردەکرێن ناوچەکەی خۆیان چۆڵ بکەن, خەڵکەکەش لەترسی تۆقاندن و کوشتن, بێچارە ناوچەکانیان جێدەهێڵن. بەلاّم نەتەوەیەکگرتوەکان بۆ وەستاندنی ئەم تاوانکارییە بەهیچ کارێکی ئەوتۆ هەڵنەستاوە. کارەساتی دوای ڕاپەرینی بەهاری ساڵی 1991 خوێناوی و جەرگبڕبوو, بەسەدان کەس بەهۆی تۆپ باران و بۆردوومانی سوپای عێراق, بەهۆی برسیەتی و سەرما ڕۆژانە گیانیان لەدەست دەدا. ئەمە هۆکارێکی دیار بوو کەوایکرد نەتەوەیەکگرتووەکان بەسەرپەرشتی ڕۆژئاوا بچنە ناو کێشەکەو توانیان تاڕادەیەکی بەرچاو کارەساتەکە بوەستێنن.

دیارە تاوانکاریی پاکتاوی ڕەگەزی و بەعەرەبکردن ڕاستیەکی ئاشکرایە, کەچی نەوڵاتانی گەورە نە UN بەهیچ کارێکی ئەوتۆ بەمەبەستی وەستاندنی کارەساتەکە هەڵنەستاون, یا نایانەوێ بەکاری دەستێوەردان هەستن و ئەم تاوانکارییە بوەستێنن. لەبەر ڕۆشنایی ئەمەدا ئەم ڕەخنەیەی کە لەسەرەوەدا ناومان هێنا لەجێی خۆیدایە.

### 5.4.3. هەڵسەنگاندنێك سەبارەت بەگونجاویی تیئۆرەکان و کێشەکە

ڕاڤەکردنەکان لەهەردوو لایەنی تیئۆری و ئیمپیریکەوە ئەوە دەردەخەن کەوا ئەنتەرڤەنسیۆن بۆ هەردوو ڕێچکە تیئۆریەکە واتای زۆریان هەیە. هەردوو ڕێچکە تیئۆریەکە پشتگیری لەئەنتەرڤەنسیۆن دەکەن, گەرهاتوو تەنگژەیەك یا کێشەیەك هەڕەشە لەئاشتی و ئاسایشی نێونەتەوەیی بکات. بەلاّم کەباس دێتەسەر ئەنتەرڤەنسیۆنی مرۆڤانە ئەوا ڕێچکە تیئۆریەکان خۆیان لەیەکتر جیادەکەنەوەو بیروبۆچوونی جودایان هەیە. وەکو گوترا پلورالیستەکان بەچاوێکی زۆر ڕەخنەگرانە دەڕواننە ئەنتەرڤەنسیۆنی مرۆڤانەو ڕەشبینن, هەرچی سۆلیداریستەکانن و تێڕوانینیانە بۆئەنتەرڤەنسیۆنی مرۆڤانە ئەوا ئەوان گەشبینترن و دەستێوەردانی مرۆڤانە بەئەرکی کۆمەڵگەی ئەنتەرناسیونال دەزانن. بەلاّم سۆلیداریستەکان مەرجیان بۆ دەستێوەردانی مرۆڤانە هەیەو پێیان وایە ئەنتەرڤەنسیۆنی مرۆڤانە پێویستە بەکۆمەڵ ئەنجام بدرێ, بەمجۆرە ئەوان خۆیان لەپلورالیستە نەرمەکان نزیك دەکەنەوە, ئەو پلورالیستە نەرمانەی کەپشتگیری دەستێوەردانی مرۆڤانە دەکەن, گەرهاتوو زۆربەیەکی زۆری ئەندامانی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی پەسندی کرداری دەستێوەردان بکەن. ڕاڤەکردنەکەی سەرەوە لایەنی

[105] Knudsen, B. Tonny, 1999: 175
[106] Knudsen, B. Tonny, 1999: 173
[107] Knudsen, B. Tonny, 1999: 176

بەهێزو لاوازی هەردوو ڕێچکە تیئۆریەکە دیاردەخات, بەتایبەتی کۆمەڵگەی ئەنتەرناسیونالی سۆلیداریست. دەربارەی سۆلیداریستەکان, ئەو خاڵانەی کەدەکرێ بەلاواز دابندرێن ئەوانەن:

1) سۆلیداریستەکان پشتگیری دەستێوەردانی مرۆڤانە دەکەن, گەرهاتوو مافەکانی مرۆڤ پێشێلکران, بەڵام سۆلیداریستەکان ڕوونکردنەوەیەکی دیار یا پێناسەیەکی دیارو ڕوونیان بۆ ئەو سنوورەی کەبەزاندنی مافەکانی مرۆڤ دیار دەکات نییە. واتە ئەو سنوورەی کەبتوانێ هێڵی سووری بەزاندنەکە دیاربکات و بەمجۆرە بتوانێ ڕەوایەتی بداتە ئەنتەرڤەنسیۆنی مرۆڤانە. بۆنموونە دەربارەی بابەتی لێکۆڵینەوەکەمان واتە پاکتاوکردنی ڕەگەزی ناوچەی کەرکوك, دیار نییەو نازاندرێ ئەم کێشەیە لەکوێی ئەم سنوورەدا خۆی دەدۆزێتەوە. بۆیە دیارکرنی وردترو ڕوونتری ئەم سنووری بەزاندنە لەلایەن سۆلیداریستەکانەوە پێویستە.

2) سۆلیداریستەکان بۆ پشتگیری دەستێوەردانی مرۆڤانە ناوی تەنگژەو کێشەی "تایبەت یا شاز" دەهێنن ( ئەمەیان پەیوەستدارە بەوەی پێشتر), ناوهێنانی یا باسکردنی کێشەو تەنگژەی شاز ئەویش بەهەمان شێوەی خاڵی پێشوو پێویستی بەدیارکردنێکی ڕوونترو وردتر هەیە. چونکە پرسیار دەکرێ, مەبەست لەکێشەی شاز چییە؟ ئایا مەبەست لەکۆمەڵکوژی خوێناوییە؟ ئایا مەبەست لەم کێشانەیە کەپشتگیری زۆربە بۆ دەستێوەردان بەدەست دەهێنن؟ مەبەست لەکێشەی کۆن و درێژخایەنە؟ مەبەست لەو کێشانەیە کەچارەسەرکردنیان ئاسانە؟ دەربارە کێشەی بەعەرەبکردن, دیار نییە ئەم کێشەیە دەکەوێتە ژێر چەمکی کێشەی تایبەت و شاز یا نا.

3) سۆلیداریستەکان دەستێوەردانی بەکۆمەڵ بەچاکتر دەزانن لە دەستێوەردانی یەك لایەنە. گرفتی ئەم هەلوێستە ئەوەیە, هەرچەندە بەزاندن و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ راستیەکی ڕیال و ڕاشکاوبێ, کەچی سۆلیداریستەکان ناتوانن پشتگیری ئەنتەرڤەنسیۆنی مرۆڤانە بکەن, ئەمە گەرهاتوو پشتیوانیەکی بەکۆمەڵ و هەمەلایەنە بۆ دەستێوەردانی مرۆڤانە لەئارادا نەبێ. هەرچەندە ئەوان ئامادەن واز لەئایدیالی "پشتگیری بەکۆمەڵ" بهێنن, گەرهاتوو ژینۆساید لەئارادا بوو. بەڵام دەبێ لەگەلێ باردا چاوپۆشی لەپێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ بکەن, گەربێتوو پێشێلکردنەکە بەژینۆساید دانەندرێت. دەربارەی بەعەرەبکردنەکەی ناوچەی کەرکوك, پێناچێ سۆلیداریستەکان پشتگیری ئەنتەرڤەنسیۆن بکەن و دەبێ چاوپۆشی لەتاوانکاریەکە بکەن, ئەمە لەکاتێکدا نەپشتگیری بەکۆمەڵ لەئارادایە, نەتاوانکاریەکەش لەباری ئێستایدا شێوەی ژینۆسایدی وەرگرتووە.

دیارە ڕێچکەی کۆمەڵگەی ئەنتەرناسیونالی سۆایداریست لایەنی بەهێزیشی هەیە, لەوانە:

1) ئەنتەرڤەنسیۆنی مرۆڤانە شوێنی دیاری لەسیستەمی نوێی جیهانیدا هەیە, هەڵوێست و بۆچوونی سۆلیداریستەکان یارمەتیدەرێکی گرنگە بۆ ڕێزگرتن لەمافەکانی مرۆڤ, هەروەها دەتوانێ ببێتەهۆی بەهێزکردنی شوێن و پایەی مافەکانی مرۆڤ لەکۆمەڵگەی نێونەتەوەییدا. بەمجۆرە ئەمە هەنگاوێکە لەڕەوایەتی ئەنتەرناسیونالەوە بەرەو ڕەوایەتی مرۆڤایەتی, واتە زیاتر لەجاران گرنگی بەمافی مرۆڤ دەدرێت و بەهای مرۆڤ بەرزتر دەنرخێندرێت.

2) لەگەڵ ئەوەی سۆلیداریستەکان هەمووکات ناتوانن ڕیالیزەی تیئۆریەکانیان دەربارەی مافەکانی مرۆڤ بکەن, بەڵام ئەم هەڵوێستەیان لەبەرز نرخاندنی مافەکانی مرۆڤ لەڕاستیدا ئاگاداری و پەنجە ڕاشەقاندنێکە بۆ ستاتەکان. واتە ستاتەکان پێویستەو دەبێ بزانن, کەوا هەروا بەئاسانی ناتوان یا بۆیان نییە هەرچی بیانەوێ و ئارەزووی بکەن بەرامبەر بەدانیشتوانی وڵاتەکەیان بیکەن.

3) ئۆپەراسیۆنی بەکۆمەڵ مەبەست جێبەجێکردنی کرداری ئەنتەرڤەنسیۆنی مرۆڤانەی بەکۆمەڵ لایەنی باش و بەهێزیشی هەیە. بەجۆرێ کەدەستێوەردانی بەکۆمەڵی وڵاتان بەمەبەستێکی مرۆڤانە دەکرێ پشتیوانیەکی زیاتری نێونەتەوەیی بەدەست بهێنێ لەوەی گەر دەستێوەردانەکە یەك لایەنە بێت. واتە گەر دەستێوەردانەکە یەك لایەنە بێت یا چەند وڵاتێك پێی هەستن ئەگەرچی مەبەستەکە مرۆڤانەش بێت, واپێناچێ پشتیوانیەکی گەورەی نێونەتەوەیی بەدەست بهێنێ. بەڵام لەباری دەستێوەردانی هەمەلایەنەدا پشتگیری پەیداکردن لەبارتر و ئاسانترە.

هەڵوێستی پلورالیستەکان دەربارەی دەستێوەردانی مرۆڤانە وەکو پێشتر گوترا, ئەوان ڕەشبینن و دژن, تەنها کەمێك لەتیئۆرکارە پلورالیستەکان کەناسراون بەپلورالیستە نەرمەکان ئامادەن پشتیگری ئەنتەرڤەنسیۆنی مرۆڤانە بکەن, گەرهاتوو زۆربەیەکی زۆری وڵاتان واتە ئەندامانی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی پەسندی کاری دەستێوەردانەکەیان کرد. واتە کەئەوان پەسندی پشتگیری دەستێوەردانی مرۆڤانە دەکەن لەبەر خوێناویی بوونی یا دڕندەیی تاوانکاریەکە یا کێشەکە نییە, بەڵکو لەبەرئەوەیە کەوا دەستێوەردانەکە پشتگیری زۆربەیەکی زۆری وڵاتانی بەدەست هێناوە. بەڵام دەکرێ بپرسین, ئایا مەبەست

لەزۆربەیەکی زۆر چییە؟ ئایا مەبەست لە $4/3$ی دەنگی ئەندامانی کۆمەڵگەی نێونەتەوەییە؟ دیارە پلورالیستە نەرمەکان ژمارەیەکی دیاریان بۆ دیاریکردنی ئەم سنوورە دانەناوە, بۆیە چەمکی "زۆربەیەکی زۆر" پێویستی بەدیارکردنی وردتر هەیە.

پلورالیستەکان پشتگیری دەستێوەردان دەکەن, گەر کێشەیەك یا تەنگژەیەك مەترسی خستەسەر ڕێکڕاگری یا ئاشتی و ئاسایشی نێونەتەوەیی, هەروەها پشتگیری ئەنتەرڤەنسیۆن دەکەن, گەرهاتوو پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ بووەهۆی هەڕەشە بۆ ئاشتی و ئاسایشی نێونەتەوەیی و جیهان, دیارە سۆلیداریستەکانیش هەمان هەڵوێستیان هەیە. بەڵام هەروەکو پێشتر باسکرا, پلورالیستەکان زیاتر دروستبوونی مەترسی یا هەڕەشە بەناکۆکی و جەنگی نێوان ستاتەکان دەبەستنەوەو بەزاندنی مافەکانی مرۆڤ لەناو ستاتێکدا کەنەبێتە هەڕەشەی ڕاستەوخۆ بۆ ناوچەیەك یا پەیوەندییە ئەنتەرناسیونالەکان هێندە گرنگی لەلایەن ئەوانەوە پێنادرێ و بەڵکو لەزۆر باردا بەکاروباری ناوخۆی ئەو ستاتەی کەکێشەکەی هەیە دادەندرێ. بەڵام دەکرێ کێشەیەکی ناوخۆی ستاتێك ببێتە دەستپێکی کێشەو تەنگژەیەکی گەورەی چەند وڵاتێك لەناوچەیەکدا, بەواتایەکی تر دەکرێ کێشەیەکی ناوخۆیی سنوور ببەزێنێ و ببێتە هەڕەشە لەسەر ئاسایشی ناوچەیەك.

هەروەکو پێشتر باسکرا کۆمەڵگەی ئەنتەرناسیونالی پلورالیست دژی دەستێوەردانی مرۆڤانەیە, بەگوتنی ئەوان, دەستێوەردان دەبێتەهۆی شکاندنی پرینسیپەکانی سەرداری ستات و دەستێوەرنەدان یا خۆتێکەڵ نەکردن. هەروەها پێیان وایە, لەدەستێوەرداندا ئەگەری مەترسی بەخراپ بەکارهێنان زۆرە, چونکە بەخراپ بەکارهێنان وەکو شکاندنی پرینسیپەکانی سەرداری ستات و خۆتێکەڵ نەکردن دەبێتەهۆی نائارامی و مەترسی نانەوەی جەنگ, بەمجۆرە دروستکردنی مەترسی و هەڕەشە بۆ ئاسایشی نێونەتەوەیی. دەربارەی کێشەی بەعەرەبکردنی ناوچەی کەرکوك, ئەوا واپێناچێ پلورالیستەکان لەگەڵ دەستێوەردان بن و بەئەگەری زۆر کێشەکە بەکاروباری ناوخۆی عێراق دەزانن, چونکە کێشەکە نەبووەتەهۆی دروستکردنی هەڕەشەی دیار بۆ ڕێکراگری ناوچەکە, هەروەها پشتگیریشی لەلایەن زۆربەیەکی زۆرەوە نەکراوە. شایانی باسە پەرێشانی پلورالیستەکان بۆ ڕێکڕاگری, ئەم ڕێکڕاگریەیە کەلەسایەی ڕێککەوتننامەو یاسا ئەنتەرناسیونالەکان لەناوچەکەدا هاتووەتەدی, ئەو ڕێککەوتننامانەی یا یاسایانەی کەستاتەکان لەبەر ڕۆشنایی بەرژەوەندی ناسیونالانەی خۆیاندا دایان ڕشتووە. دیارە کەمینەکانی ناو وڵاتانی ناوچەکە بەتایبەتی کەمینەی کورد گرنگیەکی ئەوتۆیان لەم یاسایانەدا پێنەدراوە.

ڕاڤەکردنەکەمان ئەوە دیاردەخەن, کەوا ڕێچکەی کۆمەڵگەی ئەنتەرناسیونالی پلورالیست تاڕادەیەکی زۆر هەوڵ دەدا خۆی بگونجێنێ یا باشتر گونجاوە لەگەڵ ڕووی ریال و ڕاستەقینەی جیهان, کەتیایدا ڕێکڕاگری و ئاسایشی ئەنتەرناسیونال بەرز دادەندرێ. دەکرێ ببیندرێ, کەوا بەهاکانی وەکو سەرداری ستات, خۆتێکەڵ نەکردن, ئاشتی و ئاسایش هەروەها ڕێکڕاگری لەناوچەکەدا بەرز ڕادەگیرێن. لەوەرگرتنی هەر بڕیارێکی ئەنتەرناسیونالانەدا ڕەچاوی ئەم بەهاو پرەنسیپانە دەکرێت. ئەمە لەدەستێوەردانە مرۆڤانەکەی $91$دا وابوو, هەروەکو لەووتەکەی جۆرج بۆشدا دەردەکەوێ. پێداگرتنی وڵاتانی ناوچە لەسەر سەرداری و یەکێتی خاکی عێراق بەڵگەی بەرز ڕاگرتنی یاسا ترادیسۆناڵە یا کۆنە نێونەتەوەییەکانە.

گەرهاتوو بیر لەخراپ بەکارهێنان بکرێتەوە وەکو ئەوەی پلورالیستەکان باسی دەکەن و لەبەر ڕۆشنایی ئەم تێگەیشتنەی ئەواندا, دەکرێ بگوترێ, گەرهاتوو ئەنتەرڤەنسیۆنێکی میلیتاری بەبیانووی تاوانکاری بەعەرەبکردن هاتەدی, کەتیایدا وڵاتانی یا وڵاتی دەستێوەردەر بەبێ گوێدانە ستاتی پەیوەستدار پشتگیری ڕامیاریانەی کەمینەی کورد لەعێراقدا بکات, ئەوا ئەمە دەکرێ ببێتەهۆی نائارامی یا شەڕ لەناوچەکەدا, چونکە بەئەگەری زۆر کەمینەی کورد هەوڵی چارەسەری پۆلیتیکی و بەمجۆرە ئازادی زیاتر دەدا. ئەمە دەکرێ بۆ پارچەکانی تری ناوچە کوردستانیەکان تەشەنە بکات, چونکە وەك ئاشکرایە ئێستا چەندین جوڵانەوەی ئازادی لەپارچەکانی دیکەی کوردستاندا هەن. بەم پێیە دەکرێ خراپ بەکارهێنانی دەستێوەردان ببێتەهۆی نائارامی و ڕەنگە جەنگ لەناوچەکەدا. واتە دەستێوەردان بەمەبەستی یارمەتی مرۆڤانە دەچێتە خانەی بەخراپ بەکارهێنان, گەرهاتوو لەم مەبەستە دوورکەوتەوەو ویستی تایبەتی وڵاتی دەستێوەردەر کەڕەنگ لەبەرژەوەندی ئابووریان یا پۆلیتیکیان بداتەوە خرایەپێش و هەوڵی بۆدرا. بەواتایەکی تر وەك ئەوەی تورکیاو وڵاتانیتری داگیرکەر و ناوچەکە دەیڵێن و دەیڵێنەوە, کەوا بەبیانووی کاری مرۆڤانە هەوڵی دروستکردنی ستاتی سەربەخۆی کوردان دەدرێ, ئەمەش لەبەر بەرژەوەندی ڕامیاری و ئابووری ڕۆژئاوا خۆی. ئەم مەترسییەی وڵاتانی ناوچەکە لەبارەی دەستێوەردان, ئێستا زیاتر زندووەو دەکەوێتە بەرگوێ, ئەمەش بەهۆی هەبوونی ئەگەری زۆری لێدانی عێراق لەلایەن ئەمەریکاوە. دیارە کەئەمەریکاو هەندێ لەوڵاتانیتری دەسەڵاتدار باس لەلێدانی عێراق دەکەن, بەهیچ شێوەیێ لەبەر تاوانی بەعەرەبکردنی ناوچە کوردستانیەکان نییە, چونکە لەهیچ یەکێ لەووتەکانی بەرپرسی ئەم وڵاتە گەورانەدا باس لەنیگەرانی ئەو وڵاتانە لەپۆلیتیکی نامرۆڤانەی پاکتاوی ڕەگەزی نەکراوە, بەجۆرێ کەپاڵنەرێ بێ بۆ دەستێوەردانی مرۆڤانە. بەڵکو ئەوان هێما بۆ ئاسایش و ڕێکراگری ناوچەکەو جیهان دەکەن, دیارە ئەو وڵاتە گەورانە پێیان وایە, ڕژێمی سەدام هەڕەشەیە

بۆ ئاشتی و ئاسایشی ناوچەکەو جیهان, بۆیە دەبێ ئەم هەڕەشەیە نەهێڵدرێت. هەروەکو پێشتر باسکرا ئەمەریکاو وڵاتانی تری دەسەڵاتدار دووپاتیان کردۆتەوە, کەوا ئەوان ڕێزیان بۆ یەکێتی خاکی عێراق هەیەو دەستکاری سنوورەکان ناکەن, هەروەها تائێستا باسیان لەدۆزینەوەی چارەسەرێکی ڕامیاریانەی ناکۆکی نێوان کوردەکان و حکومەتی داهاتووی عێراق نەکردووە. بەواتایەکی دیکە ئەوان تائێستا باسیان لەچۆنیەتی یا شێوەی چارەسەری کێشەی کوردیان لەعێراقدا نەکردووەو هیچ پرۆگرامێکی تایبەت بەکێشەی ڕامیاری کوردیان بەدەستەوە نەداوەو نەبیندراوە. ڕەنگە ئەوان پرۆگرامێکی نهێنیان بۆ چارەسەری کێشەی کورد نەبێ, ڕەنگە هەیانبێ. دیارە بەم دواییە پەیوەندیکردن و یەکتر بینین لەنێوان بەرپرسانی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکاو بەرپرسانی کورددا زیاتر بووە, ئەمەش بەهۆی ئەگەری زۆری لێدانی چاوەڕوانکراوی عێراق. تائێستا هیچ ڕێکەوتنێك کەپەیوەندی بەچارەسەرێکی ڕامیاریانەی کێشەی کورد لەچوارچێوەی عێراقدا لەلایەن ئەمەریکاوە ڕانەگەیندراوە. هیچیش لەلایەن بەرپرسانی کوردەوە لەم بارەیەوە ڕانەگەیەندراوە.

بۆیە نازاندرێ پرۆگرامێکی چارەسەرئامێز لەلایەن ئەمەریکاوە بۆ کێشەی کورد هەیە یا نییە. ئەگەر پرۆگرامێکی چارەسەرخوازانەی نهێنیش هەبێ ئەوا گونجاوی و نەگونجاوی یا باشی و خراپی ئەم پرۆگرامە بەچەندین فاکتەری سەربەخۆ پەیوەستدارە, لەوانە بەشێوەیەکی سەرەکی لەلایەك بەبەهێزی و تۆکمەیی و یەکگرتوویی داواکاریەکانی نوێنەرو بەرپرسانی کورد, هەروەها بەبەهێزی و هۆشیاری و یەکگرتوویی کورد لەسەر گۆڕەپان بەرامبەر هەرگۆڕانێکی داهاتووی ناوچەکە پەیوەستدارە. لەلایەکی تر تاچ ڕادەیەك ئەمەریکا مەبەستی چارەسەرە, واتە ڕادەی هەبوونی ویستی ئەمەریکا بۆ چارەسەرێکی ڕامیاریانەی کێشەی کورد. ئەوەی بەلگەنەویستە, ئەوان واتە بەرپرسانی ئەمەریکا بەئاشکراو فەرمی شتێکی لەم بارەیەیان نەگوتووە.

لەبارێکدا کەئەمەریکاو وڵاتانی تر هەستن بەلێدانی عێراق بەمەبەستی لادانی سەدام حوسێن لەسەرکار, ئەوا وایێدەچێ کەکارەساتی پاکتاوکردنی ڕەگەزی لەناوچە کوردستانیەکان بوەستێندرێ و ڕەنگە چارەیەکی کاتیش بۆ کێشەی ئاوارە کوردەکان لەچوارچێوەی یارمەتی مرۆڤانەدا بدۆزرێتەوە. ئەمەش وەك گەلێ نموونەی ئەنتەرڤەنسیۆنی میلیتاری تر کەمەبەستی سەرەکی لەکارەکەدا پاراستنی بەرژەوەندی ناسیونالانەی وڵاتی دەستێوەردەرە, بەڵام دەرکردی مرۆڤانەشی هەیە واتە دەستێوەردانەکە دەکرێ ببێتەهۆی ڕزگارکردنی دانیشتوانی وڵاتی دەستێوەردراو لەڕژێمەکەی خۆی. بۆنموونە دەستێوەردانەکەی ڤێتنام لەکەمبۆدیا لەساڵی 1979دا, ئەگەرچی مەبەستی دەستێوەردانەکە پاراستنی بەرژەوەندی ناسیونالانەی ڤێتنام بوو, بەڵام بەوهۆیەوە خەڵکی کەمبۆدیا لەچنگی ڕژێمەکەی پۆلپۆت ڕزگارکران. یا دەستێوەردانەکەی ئەمەریکاو هاوپەیمانانی لەئەڤغانستاندا, دیارە هۆی دەستێوەردانەکەیان ڕاستەوخۆ پەیوەستداربوو بەئاشتی و ئاسایشی ناوچەکەو جیهان, چونکە ڕژێمی تالیبان بەمەترسی و هەڕەشە بۆ ڕێکڕاگری و ئاسایش دادەندرا. بەمجۆرە خەڵکێکی زۆری دانیشتوانی ئەڤغانستان لەسیستەمی داپلۆسێنەرانەی تالیبان ڕزگاریان بوو. گوتنی ئەمە بەشێوەیەکی تر هەرچەندە ئەمەریکاو هاوپەیمانانی مەبەستیان پاراستنی ئاسایشی ناوچەکەو خۆیان بوو, بەڵام دەستێوەردانەکە دەرکردی مرۆڤانەشی هەبوو.

بەڵام وەکو گوترا, تائێستا وڵاتانی گەورە ڕیزی یەکێتی خاکی عێراقیان بەگرنگ زانیووەو ڕێزیان گرتووە, دەستێوەردانەکەی 91 و دوورەپەرێزی وڵاتە گەورەکان و UN لەچارەسەری ڕامیاریانەی کێشەی کورد بەلگەی ئەم ڕاستیەن. دیارە بەئەگەری زۆر دەکرا چارەسەری کێشەکە لەچوارچێوەی عێراقدا بکەن, واتە ڕێزی یەکێتی خاکی عێراق بگرن و هەوڵی چارەسەری کێشەی کوردیش بدەن, بەڵام وەکو گوترا, ئەوان کەموزۆر توخنی چارەسەرێکی ڕامیاریانەی کێشەکە نەکەوتن. گەرهاتوو ئەمەریکاو هاوپەیمانانی بەدەستێوەردانی سەربازی لەعێراقدا هەستن و بەهەمان تێڕوانینی پێشوویان سەیری کێشەی کورد بکەن وەکو بەفەرمی هەر وایان گوتووە, ئەوا بەئەگەری زۆر کارەساتی بەعەرەبکردن دەوەستێ و زۆر وایێدەچێ چارەسەرێکی رەنگە کاتی بۆ کێشەی ئاوارە کوردەکانی ناوچەکانی خوارووی هێڵی 36 لەچوارچێوەی یارمەتی مرۆڤانەدا بدۆزرێتەوە. بەڵام چارەسەری کاتی و لەچواچێوەی یارمەتی مرۆڤانەدا چارەسەری بنەڕەتیانەو درێژخایەنی کێشەی کورد لەخوارووی کوردستاندا نییە, ئەزموونی دوای دەستێوەردانەکەی 91 بەلگەی ڕاشکاوی ئەم ڕاستیەن. کێشەی کورد کەکێشەیەکی ڕامیارییە پێویستی بەچارەسەرێکی ڕامیاریانە هەیە.

ڕاڤەکردنەکەمان ڕۆڵی زاڵ و بەردەوامی ستات لەبڕیاردانە نێونەتەوەییەکان لەسەر شانۆی نێونەتەوەییدا دەخاتەڕوو. ئەمە پشتگیری بۆچوونی پلورالیستەکان دەکات, کەپێیان وایە ستات ڕۆڵی سەرەکی لەکۆمەڵگەی نێونەتەوەییدا دەبینن, هەرچی ئیندیڤیدە واتە تاکە ئەوا ڕۆڵێکی ئەوتۆی نییە. فاکتەرێکی ئاشکرای ئەوەی کەکوردەکان ناتوانن کاریگەریان لەسەر ئەگێندەی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی هەبێ, ئەوەیە کەوا کوردەکان ستاتی سەربەخۆیان نییە, بەمجۆرە ئەندامی ڕاستەوخۆی

کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی نین کەبتوانن ڕاستەوخۆ کاریگەریان لەسەر ئەگێندەی جیهاندا هەبێ. لەلایەکی تر ئەمەی سەرەوە ئەم راستیەی کەستات و ئیندیڤید لەیەك ئاستی یەکساندا نین و هەمان ماف و ئەرکیان بۆ دیار نەکراوە ئاشکرا دەکات. بۆیە ئەوەی سۆلیداریستەکان دەیڵێن دەربارەی پێویست بوونی یەکسانی هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ ستات و ئیندیڤیددا, تائێستا لەگەلێ ناوچەی جیهاندا لەوانە لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەئارادا نییە.

لێرەدا دەتوانین بڵێین کەوا پلورالیستەکان لەسۆلیداریستەکان زیاتر گونجاندن و تەبایی لەگەڵ ڕووی راستەقینەی پێکهاتەی ناوچەکەدا بەبیرۆکەو بۆچوونەکانیاندا دیارە, هەروەك بیرۆکەو بۆچوونی پلورالیستەکان تاڕادەیەکی دیار لەگەڵ ڕووی ڕیال و راستەقینەی ناوچەکەدا خۆی دەردەخات, لەکاتێکدا ڕێکڕاگری و ڕەوایەتی ئەنتەرناسیونال بەرز دادەندرێن.

گەلێ جار پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ بەناکۆکی و ململانێی ئێتنی پەیوەستدارە, بۆیە ئەم جۆرە کێشەو تەنگژانە بە بەتەنها وەستاندنی کارەساتەکە کۆتاییان نایەت, بەڵکو هەنگاوی چارەسەرسازانەی دیکەی پێویستە. بۆنموونە, ئەنتەرڤەنسیۆنی مرۆڤانەی 91 لەخوارووی کوردستاندا تەنها بۆماوەیەکی کورتخایەن ئازارە مرۆڤایەتیەکانی لەبەشێکی ناوچەکەدا ڕاگرت, بەڵام چارەسەری کێشەکەی نەکرد. دیارە تاوانکاری پاکتاوی نەژادی لەناوچە کوردستانیەکانی ژێر دەستی ڕژێمی بەغدا بەردەوامی بەزاندن و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤە. بۆیە دەکرێ ڕەخنە ئاراستەی ئەنتەرڤەنسیۆنی مرۆڤانە بکرێ, کەوا وڵاتانی دەستێوەردەر تەنها خۆیان بەوەستاندنی تەنگژە خەریك دەکەن, کەچی بەدوای هۆکاری بەرپابوونی تەنگژەکەدا ناچن. بەواتایەکی تر وڵاتانی دەستێوەردەر هەوڵی چارەسەری بنەڕەتیانەی ئەم هۆکارەسەرەکیانەی کەدەبنەهۆی نانەوەی تەنگژەکە نادەن, بەمجۆرە وەستاندنی ئازارە مرۆڤایەتیەکان تەنها چارەسەرێکی کاتییەو دواخستنی چارەسەری درێژخایەن و بنەڕەتیانەیە.

ململانێی ئیتنی لەناو ستاتێکدا کێشەیەکە پێویستی بەچارەسەرێکی پۆلیتیکیانە هەیە. لەبارێکدا ئەم کێشە ڕامیارییە بەبێ چارەسەرێکی درێژخایەن بمێنێتەوە, ئەوا هەمووکات مەترسی تەقینەوەو گەورەتربوونی کێشەکە بۆ ناوچەیەکی گەورەترو دروستکردنی نائارامی لەچەند ستاتێکدا لەگۆڕێدایە. ئەمە گونجاوە گەر ململانێی ئێتنی پەیوەندی بەچەند وڵاتێکی ناوچەیەك هەبێ. وەکو ئاشکرایە دۆزی کورد پەیوەندی بەهەموو ئەو وڵاتانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کەکوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە هەیە. بۆیە مانەوەی کێشەی کورد بەبێ چارەسەرێکی ڕامیاریانەی بنەڕەتیانەو درێژخایەن, پەیوەستدارە بەنائارامی بەردەوامی ناوچەکە, کەڕەنگە ببێتەهۆی جەنگ و بەمجۆرە هەڕەشە دروستکردن بۆ ڕێکڕاگری و ئاسایشی ناوچەکەو جیهان. بەپێی ئەمەی سەرەوە دەکرێ ڕەخنە لەبۆچوونی پلورالیستەکان بگیرێ, کەئەوان مەترسی و هەڕەشە بۆ ئاسایشی ئەنتەرناسیونال زیاتر بەناکۆکی راستەوخۆی نێوان ستاتەکان دەبەستنەوەو کێشەی ناو ستاتێك بەکێشەیەکی ناوخۆیی دادەنێن.

لەلایەکی تر دەکرێ رەخنە ئاراستەی ئەو وڵاتانەی کەبەئەنتەرڤەنسیۆن هەڵدەستن بکرێ, لەوەی کەوا ئەوان جیاوازی لەشێوەو چۆنیەتی چارەسەری کێشەکاندا دەکەن, ئەمەش لەبەر ڕۆشنایی بەرژەوەندی ئابووری و پۆلیتیکی خۆیاندا. بۆنموونە ئەوان ئامادە نەبوون چارەسەرێکی ڕامیاریانەی کێشەی کورد لە91دا بکەن, واتە سەرپەرشتی دانوستانی نێوان کوردو دەسەڵاتی بەغدا بکەن و فشار بخەنەسەر بەغداو چارەسەرێ بسەپێنن. بەڵام وڵاتانی دەستێوەردەر ئامادەبوون هەوڵی چارەسەرێکی پۆلیتیکانە بۆ ناکۆکی نێوان کەمینەی ئەلبان و حکومەتی یوگوسلاڤیای کۆن لەساڵی 1999دا بدەن, بەمجۆرە هەڵسان بەسەرپەرشتیکردنی دانوستانی نێوان هەردوولاو پاشان دابینکردنی دڵنیایی و ئاسایشی ناوچەی کۆسۆڤۆ, ئەگەرچی ئەم کێشەیە کۆتایی بەتەواوی نەهاتووە, بەڵام ئەوان بەردەوامن لەپارێزگاری ئەم چارەسەرە پۆلیتیکیەی هاتوەتە ئاراوە. لەلایەکی تر گەر تاوانکاری پاکتاوی ڕەگەزی ناوچەی کەرکوك کەپێشێلکردنی ڕاشکاوی مافەکانی مرۆڤە لەگەڵ پاکتاوی ڕەگەزی ئەلبانیەکان لەکۆسۆڤۆدا بەراورد بکەین, دەکرێ نیشانەی پرسیار بەرامبەر جیاوازی هەڵسوکەوتی وڵاتانی دەسەڵاتدارو UN بەرامبەر بەم دوو کێشەیە دابنێین. دیارە لەم ڕووەوە رەخنە لە UN و وڵاتانی دەسەڵاتدار گیراوە. وەکو گوتمان پاکتاوە ڕەگەزیەکەی ناوچەی کەرکوك لەباری ئێستایدا ئەو توندوتیژییەو دڕندایەتیەی پاکتاوکردنە ڕەگەزیەکەی ئەلبانەکانی کۆسۆڤۆی نییە, بۆیە دەکرێ ئاماژە بەهەمان ڕەخنەی پێشترمان بکەیەنەوە دەربارەی ویستی زیاتری وڵاتان لەچارەسەری کێشەی خوێناوی و توندوتیژ لەکێشەیەك کەئەم دڕندایەتییەو توندوتیژییەی پێوە دیارنەبێ. هەروەها دەتواندرێ ئاماژە بۆ ئەو رەخنەیەی بە"سێلەکتیو" ناسراوە بکەین, ئەو ڕەخنەیەی دەڵێ, وڵاتانی دەسەڵاتدار لەبەر رۆشنایی بەرژەوەندی ناسیونالانەیاندا بەکاری دەستێوەردان هەڵدەستن و ئەو وڵاتانە بۆ ئەنتەرڤەنسیۆن هەڵدەبژێرن کەلەگەڵ بەرژەوەندی ئابووری و پۆلیتیکی خۆیاندا دەگونجێ.

بەڵام گونجاوە بپرسین, هێرشی ئەنفالەکان کەپاکتاوکردن و ژینۆسایدێکی دڕندانەی سوپای عێراق بوو, بۆچی نەوڵاتانی دەسەڵاتدار نەUN هیچ وەڵامێکیان بۆ ئەم تاوانکارییە نامرۆڤانەیە نەبوو؟ دەکرێ وەڵامی ئەم پرسیارە لەچەند لایەنێکەوە

بدرێتەوە. یەکەم, هێرشی ئەنفال لەکۆتایی هەشتاکاندا بوو و لەکاتێکدا بوو کەهێشتا جەنگی سارد لەنێوان هەردوو جەمسەری رۆژئاواو رۆژهەلات لەئارادابوو, بۆیە هەردوولاکە هەوڵیان دەدا هاوکێشەی هێز و دەسەلاتیان وەکو خۆی بپارێزن, هەروەها ئەوان دەستیان تێکەلاوی کارێك نەدەکرد گەر بیانزانیبایە زیان بەبالانس و هاوکێشەی دەسەلاتیان لەناوچە جیاجیاکاندا دەگەیەنێ یا گەر لەئەنجامی داهاتووی کێشەکە دڵنیا نەبوونایە. دیارە ئەوسا هەردوو زلهێزەکە پاراستنی ئەم هاوکێشەیەیان بەفاکتەرێکی گرنگ دەزانی بۆ پارێزگاری ئاسایش و رێکراگری جیهان. دووەم, ئەوسا پارێزگاری مافەکانی مرۆڤ گرنگی بەم شێوەیەی ئێستا لەسەر ئاستی جیهانیدا نەبوو و زیاتر دەبەستراییەوە بەکاروباری ناوخۆی ولات, دیارە ئەوسا ولاتانی دەسەلاتدار زیاتر بەپێی ریال پۆلیتیك هەڵسوکەوتیان دەکردو هەموو ولاتان رێزیان بۆ سیستەمی وێستفالیان Westphalian System پیشان دەدا. ئەو سیستەمەی کەکاروباری ناوەخۆی ستات تەنها بەو ستاتە خۆی دەبەستەوەو ئەو ستاتە خۆی بەرپرس بوو و خۆی بریاری چۆنیەتی هەڵسوکەوتکردنی لەگەڵ کەمینە یا دانیشتوانەکەیدا دەدا[108]. سێیەم, پرینسیپەکانی سەرداری ستات و خۆتێکەڵ نەکردن بەرز رادەگیران و شکاندنیان وەك تابوو وابوو. چونکە بەزاندنی ئەم پرینسیپانە مەترسی تێگلانی ولاتانی گەورەو نانەوەی ناکۆکی گەورەی لێدەکرا. چوارەم, رۆژئاوا ئاگاداری ئەم تاوانە دڕندانەیەی ئەنفال بوو بەلام چاوپۆشی لێکرد, هۆکارێکی دیاری ئەم بێهەلوێستیەی بەتایبەتی ئەمەریکا ئەوەبوو, ئەوان لەجەنگی هەشت ساڵەی عێراق و ئێراندا پشتگیری عێراقیان دژی ئێران دەکرد. بۆیە رۆژئاوا لەبەرژەوەندیدا نەبوو لەتاوانەکە بەدەنگبێ.

وەکو ئاشکرایە ئێستا زۆر بەراشکاوی باس لەلێدانی عێراق و لادانی سەدام لەدەسەلاتدا دەکرێ, دیارە ئەمەریکا لەبیانوو یا بەلگەیەك بۆ رەواکردنی لێدانەکەی دەگەڕێ. ئەمەریکا هەوڵ دەدات لێدانی عێراق بەشەڕ دژی تیرۆریزم ببەستێتەوە, بەلام گرفتیان لەدۆزینەوەی بەلگەی ئاشکراو روون کەپەیوەستداری عێراق بەگروپی ئەل قاعیدە دەربخات هەیە. دەکرێ بپرسین, ئایا هەبوونی پاکتاوکردنی رەگەزی لەناوچە کوردستانیەکاندا ناکرێ ببێتە بەلگەیەکی گونجاو بۆ لێدانی عێراق؟ رەنگە بەرزکردنەوەی ئەم تاوانکارییەی بەعەرەبکردن بەلایەنی کەم بتوانێ لایەنە مرۆڤایەتیەکەی هەر دەستێوەردانێکی سەربازی داهاتوو بەهێز بکات و پشتگیری زیاتری بۆ پەیدا بکات. بەلام بۆ ئەوان گرنگیەکی ئەوتۆ بەم کێشەیە نادەن؟ دیارە بەعەرەبکردنی ناوچەی کەرکوك بەشێکی دانەبڕاوی کێشەی کوردە لەناوچەکەدا. هەلوێستی ئەمەریکا دەربارەی دۆزی کورد واپێناچێ گۆڕانێکی ئەوتۆی بەخۆیەوە دیبێ. جۆرج بۆشی سەرۆکی پێشووی ئەمەریکا لەچاوپێکەتنێکی تەلەڤیزیۆنیدا دەربارەی راپەرینی کوردان لەمارسی 91داو پاشان کارەساتی راونان و کوشتنی ئەو خەڵکە لەلایەن سوپای عێراقەوە دەڵێ, "ئێمە نامانەوێ خۆمان تێکەلاوی ئەم ناکۆکییە کۆنە بکەین". هەروەها برێنت سکاوکرۆفت راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەوسای بۆش لەچاوپێکەتنێکی تردا دووپاتی گرنگی راگرتنی هاوکێشەی ناوچەکەی کردەوەو دژی پارچەبوونی عێراق بۆ سێ بەش بوو[109]. ئەوەی ئێستا لەدەمی بەرپرسانی ئەمەریکییەوە دەبیسترێ جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ ووتەکانی پێشوویاندا نییە. یەکەم, ئەوان دووپاتی گرنکی یەکێتی خاکی عێراق بەبەردەوامی دەکەنەوە. بۆنموونە چەندینجار ئەمەیان بۆ تورکیا دووبارە کردۆتەوە, وەکو لەمەوبەر ئاماژەمان بۆکرد. دووەم, ئەمەریکا تائێستا هیچ پرۆگرامێکی رامیاری دەربارەی کێشەی کوردان نەداوەتە دەست, واتە پرۆگرامێك کەتیایدا دان بەکێشەکە وەك کێشەیەکی پۆلیتیکی بێنێ و پلانێکی بۆ چارەسەری کێشەکە تێدابێ. ئەمەریکا هەمیشە کێشەی کوردانی بەکێشەکانی دیکەی دانیشتوانی عێراق بەستووەتەوەو نەهاتووە بەجیا گرنگی پێبدا. ئەمە ئەوە دەردەخا کەوا ئەمەریکا وەکو پێشوو نایەوێ دەستکاری کێشەی کورد بکات, چونکە ئەمەریکا رەچاوی بەرژەوەندی ناسیونالانەی تورکیا دەکات, هەروەها واپێناچێ ئەمەریکا بەکارێ کەتورکیا لەخۆی برەنجێنێ هەستێ. بۆیە بەرزکردنەوەو گرنگیدان بەتاوانکاری پاکتاوی رەگەزی ناوچەی کەرکوك بەشێوەیێ لەشێوەکان گرنگیدانە بەکێشەی کوردو بەئەگەری زۆر تێگلانی ئەمەریکایە لەکێشەکەدا. ئەمەش راستەوخۆ هەراسانکردن و نیگەرانی ولاتانی ناوچەو بەتایبەتی تورکیایە. دیارە ئەم روونکردنەوەیەی سەرەوە لەبەر رۆشنایی ووتەی ئێستای بەرپرسان و راگەیاندنی ئەمەریکییە.

## 5.3. ئەنجام

بابەتی ئەم لێکۆڵینەوەیە "پاکتاوکردنی رەگەزی لەناوچەی کەرکوك و ئەگەری دەستێوەردانی مرۆڤانە" لەبەر رۆشنایی رێچکە تیئۆریەکانی کۆمەلگەی ئەنتەرناسیونالی پلورالیست و کۆمەلگەی ئەنتەرناسیونالی سۆلیداریست, هەروەها رووی ریال و راستەقینەی ناوچەکە, هەوڵدرا روونکرێتەوە.

---

[108] Stephen and Daniel in David A. Lake and Donald R.,1998: 227

[109] Saddam i kornet, TV program fra DR2, 2002

کۆمەڵگەی ئەنتەرناسیونالی پلورالیست جەخت دەخاتەسەر بەها کۆن و ترادیسیۆنەکانی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان, کەتێیاندا پرینسیپەکانی سەرداری ستات و خۆتێکەڵ نەکردن کەواتایان بۆ ڕێکڕاگری ئەنتەرناسیونال هەیە بەرز ڕادەگیرێن. پلورالیستەکان هێندە گرنگی بەمافەکانی مرۆڤ نادەن و دژی ئەنتەرڤەنسیۆنی مرۆڤانەن (بەکەمێ لاکردنەوە), ئەوان پێیان وایە, دەستێوەردان زیان بەئاشتی و ئاسایش دەگەیەنێ, بەمجۆرە دەبێتەهۆی لەباربردنی ڕێکڕاگری نێونەتەوەیی.

هەرچی کۆمەڵگەی ئەنتەرناسیونالی سۆلیداریستە, ئەوا ئەوانیش ڕێکڕاگری ئەنتەرناسیونالیان لاگرنگە, بەلاّم ئەوان پێیان وایە, ڕێزگرتن لەمافەکانی مرۆڤ بەهەمان شێوە گرنگە. ئەوان دەڵێن, پێویستە مافەکانی مرۆڤ لەهەمان ئاستی ئاشتی و ئاسایشی نێونەتەوەییدا دابندرێ, هەروەها مەرجئامێزانە پشتگیری دەستێوەردانی مرۆڤانە دەکەن. سۆلیداریستەکان دەستێوەردانی بەکۆمەڵ لە دەستێوەردانی یەك لایەنە بەباشتر دەزانن, بەلاّم ئامادەن واز لەئایدیالی دەستێوەردانی بەکۆمەڵ بهێنن, گەرهاتوو تاوانکاریی ژینۆساید لەئارادابوو.

دەستێوەردانی مرۆڤانەی 1991 بەچارەسەرێکی نەکورتخایەن نەدرێژخایەنی کێشەی رامیاری کورد هەڵنەستا, بۆیە ئازارە مرۆڤایەتیەکان بێ چارەسەرێکی بنەڕەتیانە مانەوە, بەمجۆرە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لەخوارووی کوردستاندا نەتواندرا بەیەکجاری بوەستێندرێن.

چاوخشاندنێکی خێرای مێژووی ناوچەکە, هەروەها بارودۆخی ئێستای ناوچەکە, هێما بۆ پاکتاوکردنێك کەلەزووێکەوە لەئارادایە دەکەن و هۆکەشی مۆتیڤی ناسیونالانەیە, کەبەجۆرێ نەتەوەی بالاّدەستی عەرەب هەوڵی پاکسازی ناوچەی کەرکوك و ناوچەکانی تر لەکەمینەو ڕەگەزی دیکەی حەزلێنەکراو دەدات, تاکو بتوانێ کۆمەڵگەیەکی یەکڕەنگی ڕەگەزی عەرەب لەم ناوچانەدا بەدەست بهێنێ.

بەپێی ڕاڤەکردنە تیئۆریەکەی ئەم لێکۆلینەوەیە, ڕێچکەی کۆمەڵگەی ئەنتەرناسیونالی پلورالیست پشتگیری دەستێوەردانێکی مرۆڤانە لەناوچەی کەرکوکدا بەمەبەستی وەستاندنی بەعەرەبکردن ناکات. ئەم هەڵوێستە پلورالیستە نەرمەکانیش دەگرێتەوە, ئەمە لەکاتێکدا کەکێشەکە پاڵپشتی زۆربەیەکی زۆری ئەندامانی کۆمەڵگەی ئەنتەرناسیونالی نییە. هەروەها پلورالیستەکان پشتیوانی دەستێوەردانی مرۆڤانە لەناوچەی کەرکوکدا ناکەن, چونکە ئەوان پێیان وایە, ئەنتەرڤەنسیۆنی لەم شێوەیە زیان بەئاشتی و ئاسایشی هەروەها ڕێکڕاگری نێونەتەوەیی دەگەیەنێ.

هەرچی کۆمەڵگەی ئەنتەرناسیونالی سۆلیداریستە, ئەوا ئەوان مەرجیان بۆ پشتیوانیکردنی دەستێوەردانی مرۆڤانە هەیە, ئەوان دەستێوەردانی بەکۆمەڵ بەچاکترو بەپەسند دەزانن. بۆیە لەبەر ڕۆشنایی ئەمەدا, ئەوانیش ئامادەنین پشتیوانی دەستێوەردانێکی مرۆڤانە لەناوچەی کەرکوکدا بکەن. دیارە سۆلیداریستەکان ئامادەن پشتگیری دەستێوەردانی یەك لایەنە بکەن, گەربێتوو تاوانکاری ژینۆساید لەئارادابوو. بەلاّم ئەم بەعەرەبکرنەی ناوچەی کەرکوك لەشێوەی ئێستایدا کۆمەڵکوژی, کاولکردن و سوتاندنی شوێن ناگرێتەخۆی, بۆیە پاکسازییەکە ناچێتە ژێر چەمکی ژینۆساید بەتێگەیشتنە باوەکەی. بەمجۆرە واپێناچێ سۆلیداریستەکان پشتگیری ئەنتەرڤەنسیۆن لەناوچەی کەرکوکدا بکەن.

شایانی باسە پلورالیستەکان زیاتر کێشەو ناکۆکی ڕاستەوخۆی نێوان وڵاتان بەمەترسی و هەڕەشە بۆسەر ئاسایش و ڕێکڕاگری نێونەتەوەیی دەزانن لەکێشەو ناکۆکی ناوخۆی ستاتێك. دیارە ڕێگای تێدەچێ کێشەیەکی ناوخۆیی کەپەیوەندی بەوڵاتی تریشەوە هەیە ببێتەهۆی مەترسی و هەڕەشە بۆ ئاسایشی ناوچەیەکی فراوان یا جیهان. دیارە ئەمە بۆ کێشەی کورد گونجاوە. بەم پێییە دەکرێ لەم بارەیەوە ڕەخنە ئاراستەی ڕێچکەی کۆمەڵگەی ئەنتەرناسیونالی پلورالیست بکرێ.

شایانی باسە سۆلیداریستەکان گرفتیان دەربارەی دیاریکردنێکی وردو روونی "سنووری بەزاندنی مافەکانی مرۆڤ" هەیە, واتە ئەم سنووری بەزاندنەی کەبتوانێ ڕەوایەتی بداتە دەستێوەردان. هەروەها ئەوان ڕوونکردنەوەیەکی وردو دیار دەربارەی چەمکی "کێشەی تایبەت و شاز" نادەنە دەست, بۆیە ئاسان نییە بزاندرێ کەی و چۆن کێشەیەك یا تەنگژەیەك دەتوانێ بچێتە ژێرباری ئەم چەمکەوە. ئەوەی پەیوەستدارە بەبابەتی ئەم لێکۆلینەوەیە, ئەوا ئاسان نییە بەدڵنیاییەوە بزاندرێ, ئایا پاکتاوکردنی ناوچەی کەرکوك دەچێتە ژێرباری ئەم چەمکانەوە یا نا.

بەپێی ئەو یاساناسانەی پشتگیری دەستێوەردانی مرۆڤانە دەکەن و بەکاونتەر ریسترەکشیۆنیست ناسراون, ئەوا ئەنتەرڤەنسیۆن لەناوچەی کەرکوکدا لەڕوانگەی تیئۆریەوە ڕێگای تێدەچێ. دیارە ئەوانە مەرجی کۆمەڵکاری بۆ ئەنتەرڤەنسیۆنی مرۆڤانە دانانێن و پێیان وایە, دەستێوەردانی مرۆڤانەی یەك لایەنەش یاساییە. بەلاّم لەڕاستیدا دەستێوەردان لەبەر هۆکاری مرۆڤانە پێویستی بەهەبوونی گەلێ فاکتەری دیکە هەیە. کۆمەڵێ فاکتەری تر هەن کەپێویستە یا دەبێ لەئارادابن, تاکو بتواندرێ ئۆپەراسیۆنی چوونەناوەوەی سەربازی جێبەجێ بکرێت, لەوانە بۆنموونە: ویستی وڵاتان

بۆ دەستێوەردان, مەنداتی واتە ڕاسپاردەی UN یا تەباییێکی دیار لەنێوان ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایشی UN, گرنگیدانی ڕاگەیاندن و میدیا بەکێشەکە, ڕەزامەندی ولاَتانی ناوچەکە, هتد..

بەکورتی و لەبەر ڕۆشنایی راڤەتیئۆریەکەماندا ئەگەری پشتیوانی و پشتگیریکردنی دەستێوەردانێکی مرۆڤانە بەمەبەستی وەستاندنی تاوانکاری بەعەرەبکردن زۆر کەمە.

لەڕووانگەی راڤە ئیمپیریکەکەوە کەلەڕێگایەوە هەولّدرا ڕووی ڕیال و ڕاستەقینەی ناوچەکە ڕوونکرێتەوە, ئەوە دەردەکەوێ کەوا ستاتەکان رۆڵی زاڵیان لەسەر شانۆی ناوچەکەدا هەیە, هەروەها رۆڵی زاڵیان لەدیارکردنی یا نەخشکردنی بڕیارە نێونەتەوەییەکانەوە بەبەردەوامی هەیە. بەهاو پرەنسیپەکانی وەکو سەرداری ستات و خۆتێکەڵ نەکردن لەناوچەکەدا بەرز سەیردەکرێن, چونکە پارێزگاری ئەم پرەنسیپانە بەفاکتەری گرنگ بۆ پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی ناوچەکەو جیهان دادەندرێن.

دەتوانین بەپشتبەستن بەراڤە تیئۆری و ئیمپیریکەکەی بابەتی لێکۆڵینەوەکە بڵێین, هەڵوێست و بۆچوونەکانی کۆمەڵگەی ئەنتەرناسیونالی پلورالیست بەڕادەیەکی دیار ڕەنگ لەڕووی ڕاستەقینەی باری ڕامیاری ناوچەی ڕۆژهەلاَتی ناوەراست و پەیوەندییە ئەنتەرناسیونالەکان دەدەنەوە. هەرچی هەڵوێست و بۆچوونەکانی کۆمەڵگەی ئەنتەرناسیونالی سۆلیداریستە توانای ڕەنگدانەوەی لەسەر شانۆی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکاندا تائێستا بەو شێوەیە کاریگەر نییە. بەلاَم لەبارێکدا کەمافەکانی مرۆڤ لەپەیوەندییە ئەنتەرناسیونالەکاندا گرنگی زیاتریان پێبدرێ, ئەوا ڕەنگە یا دەکرێ بیرۆکەو هەڵوێستی سۆلیداریستەکان بالاَدەستی لەبوارە نێونەتەوەییەکاندا بەدەست بهێنن. دیارە بیرۆکەو بۆچوونی سۆلیداریستەکان تاڕادەیەك بەڕووبوونەوەیە یا هەوڵی دەستکاریکردنی هەندێ لەو ڕێکەوتننامەو یاسا نێونەتەوەییانەیە کەدەستکاریان لەڕابردوودا وەك تابوو وابووە دەدات, بۆیە بیرۆکەو هەڵوێستەکانی ئەوان هەوڵی گۆڕان بەرەو کۆمەڵگەیەکی نێونەتەوەیی مرۆڤانەتر دەدات. چونکە ئەوان دەیانەوێ و هەوڵدەدەن مافەکانی مرۆڤ بەهەمان شێوەی ئاسایش و ڕێکڕاگری نێونەتەوەیی گرنگی پێبدرێ.

دیارە ئێستا لەهەمووکاتێك زیاتر باس لەلێدانی عێراق و لادانی ڕژێمی سەدام حوسێن دەکرێت, بەلاَم ئەمەریکاو هەوادارانی نەیانویستووە گرنگی بەکێشەی پاکتاوی ڕەگەزی ناوچە کوردستانیەکانی خوارووی هێڵی 36 کەدەکەونە ژێر کەنترۆڵی دەسەلاَتی بەغدا بدەن و وەك بەڵگەیەکی زیندووی تاوانکاریە نامرۆڤانەکانی ڕژێمی بەغدا بەڕای گشتی جیهانی بگەیەنن و بەکاربێنن, بەجۆرێ کەبتوانن بەهۆیەوە ڕەوایەتیەك بۆ لێدانە سەربازیە ڕەنگە چاوەڕوانکراوەکەیان بەدەست بهێنن. ئەمەش دەکرێ بەهەڵوێستی نەگۆڕی ئەمەریکا بەرامبەر بەکێشەی کورد لەناوچەکەدا پەیوەستداربێ, کەلەمیانەیەوە ڕەچاوی بەرژەوەندی ناسیونالانەی تورکیا دەکات, ڕێز لەیەکێتی خاکی عێراق دەگرێت, هەروەها هیچ پرۆگرامێکی چارەسەرخوازانەی بۆ کێشەی کورد ڕانەگەیاندووەو بەعەرەبکردنی ناوچەی کەرکوك لەگەڵ کێشەکانی تری چەوساندنەوە لەناو عێراقدا تێکەڵکراون و گرنگیەکی تایبەتی نەدراوەتێ, ئەمەش دووپاتکردنەوەی هەڵوێستی نەگۆڕی "دوورەپەرێزی" ئەمەریکایە بەرامبەر بەکێشەی کورد لەعێراق و ناوچەکەدا.

بەهۆی ئەوەی کەوا کێشەی کورد بەدرێژایی مێژووی سەدەی رابردوو هۆکارێکی دیاری نائارمی ناوچەکە بووەو بەدوای چارەسەرێکدا دەگەڕێت, هەروەها زۆر واپێدەچێ ولاَتانی گەورە بەتایبەتی ئەمەریکا لەم ڕاستیە ئاگادارین, بەجۆرێ بێچارەسەر مانەوەی دۆزی کورد واتە بەردەوامی نائارامی, بەمجۆرە زیان گەیاندن بەئاسایش و ڕێکڕاگری ناوچەکەو جیهان, ئەمە دەکرێ ببێتە هۆی ئەوەی کەوا دەسەلاَتدارانی جیهان بەچاوێکی دیکە سەیری دۆزی کورد بکەن. جا ئایا ئەوان شتێکیان لەم بارەیەوە بەدەستە یا نا ئەوە دیارنییەو نەگوتراوە, یان ئایا دۆزی کورد چەند گرنگی لەپرۆگرامی داهاتووی ناوچەکەدا لەلایەن ئەمەریکاوە پێدراوە, ئەوە پرسیارێکی کراوەیە.

## سەرچاوەکان

بەزمانی ئینگلیزی و دانیمارکی:


Jackson, Robert and Georg Sørensen, (1999): *Introduction to International Relations.* Oxford: University press.

Baylis, John and Steve Smith, (1999): *The Globalization of World Politics.* Oxford: University press.

Kundsen, B. Tonny, (1999): *Humanitarian Intervention and International Society.* Arhus: University of Aarhus.

Harriss, John, (1995): *The Politics of Humanitarian Intervention.* Lonon and New York: Pinter.

McDowall, David, (2000): *A Modern History of The Kurds.* London And New York: I. B. Tauris.

Kreyenbroek, G. Philip and Stefan Sperl, (2000): *The Kurds,* A contemporary overview. Lonon and New York: Routledge.

Winrow, M. Gareth and Kamal Kirisi, (1997): *The Kurdish Question and Turky:* An Example of a Trans-state Ethnic Conflict. London: Frank Cass.

Preece, J. Jackson: Humanitarian Right Quaterly, *Ethnic Cleansing as an Instrument of Nation-State Creation: Changing State Practices and Evolving Legal Norms.* (1998): Vol. 20, pp. 817-842.

Bell-Fialkoff, Andrew: Foreign Affairs, (Summer 1993): *A Brief History of Ethnic Cleansing.*

Gottlieb, Gidon: Foreign Affairs, *Nations Without States.* (1994): Vol. 73 No. 3, pp. 100-112 .

Vincent, R.J. (1974): *Nonintervention and International Order,* Princeton: Princeton University press.

David A. Lake and Donald R., (1998): The International Spread of Ethnic Conflict: *Minority Rights and the Westphalian Model by Stephen D. Krasner and Daniel T. Froats.*

Ryan, Stephen, (1995): *Ethnic Conflict and international Relation.*

U.S. Department of State: *Country Reports on Human Rights Practices*-2000. Released by the bureau of Democracy , Human rights, and Labor. February 2001.

Waever, Ole, *Introduktion til Studiet af International Politik* (1992): København: Forlaget politiske Studier.

Pedersen N. M., Goldmann K. & Osterud O., Leksikon I statskundskab: *Intervention.* (1997): København: Akademisk Forlag.

Heinz Jacob (1988): *Kurdistan og kurderne.* København: Institut for Kultursociologi.

Shorash, Shakhawan (2000): *Kurdistan et glemt land* i Staten, 2.argang nr.4 Marts 2000, scient.pol.bladet, Syddansk Universitet.

Shorash, Shakhawan (2000): *Saddams etniske udrensning og bosættelse af palæstinensere,* i Staten, 2.argang nr.5 Maj 2000,scient .pol.bladet, Syddansk Universitet.

TV program fra DR2, (2002). *Saddam i kornet.*

The Kurdistan Observer January 26, 2001: *Ethnic Cleansing in Kirkuk.* Iraq Foundation.

The Kurdistan Observer Marts 26, 201 : *Iraq Continues Deporting Kurds.*

The Kurdistan Observer April 18, 2001: *U.N. Rights Forum Condemns Iraq for "Terror".*

The Kurdistan Observer May 16, 2001: Hurriyet daily: *Turkey says Kurdish state in Northern Iraq grounds For War.*

The Kurdistan Observer June 1, 2001: *April Conference Examines Arabizaition of Kirkuk.*

The Kurdistan Observer May 11, 2001: *Turkey raises four main concerns to the Iraqi leader.*

The Kurdistan Observer April 01, 2002: *U.S. senators seek to reassure Turkey over Iraq.*

The Kurdistan Observer May 07, 2002: Iraqi Report: *Arabization Campaign Accelerates*.

The Kurdistan Observer June 23, 2002: Turkish Daily News June 12, 2002. *Turkey Warns Kurds on Kirkuk: There Is a Red Line Not to Cros.*

The Kurdistan Observer, June 23, 2002: Turkish Daily News June 21, 2002. *US Official: We don't endorse KDP draft constitution.*

KurdishMedia November 26, 2001: *US-Turkish talk on moving troops to Kurdistan State to attack Saddam.*

KurdishMedia January 08, 2002: *Ethnic cleansing and forced deportation continues in Kirkuk*

Brayety, KDP Kurdish-daily, Kurdishmedia News: Kurdismedia. Com May 23, 2002, Sources: May 23, 2002. *Removal cost to Kurdistan per dead Arab sours to 4 Million Iraqi Dinars.*

Washington Post, January 8. 2003:
*After Calls on Turkey, U.S. Put on Hold*

FNs Charter: www.un.org/aboutun/charter/index.html.

**بەزمانی کوردی و عەرەبی:**

عەبدوللا عەبدولکەریم مارف برزنجی: کارکۆك لەمێژوودا, 2001 دانیمارك, چاپخانەی خۆییبوون.

د. نوری تالەبانی: ناوچەی کەرکوك و هەوڵی گۆڕینی باری نەتەوەیی ئەم ناوچەیە, 1998 سوید, چاپخانەی کتێبی ئەرزان.

حوسێنی مەدەنی: کوردستان و ئیستراتیژیای دەوڵەتان, بەرگی یەکەم, چاپی دووەم, ستۆکهۆڵم 2000, چاپخانەی سپارتریك.

عەبدوللا غەفوور: سنووری کوردستان, ستۆکهۆڵم 1997, چاپخانەی میدیا.

عەبدوللا غەفوور: ئەتنۆ دیمۆگرافیای کوردستان, ستۆکهۆڵم 1995, چاپخانەی ئاپێك.

غەفور مەخموری: بەعەرەبکردنی کوردستان, 2002, هەولێر, لەبڵاوکراوەکانی ڕۆژنامەی میدیا, ژمارە 23.

کاوە نادر, کەندێناوە لەنێوان ڕاگواستن و بەعەرەبکردندا, هەولێر,2001, لەبڵاوکراوەکانی ڕۆژنامەی میدیا, ژمارە 21.

رەفیق سابیر: بەرەو مێژوو, سوید 1991, چاپخانەی مەنسوور.

کریس کۆچێرا: کورد لەسەدەی نۆزدەو بیستدا, وەرگێڕانی محەمەد ڕیانی, چاپخانەی سدف تاران ڕێبەندانی 1369ی هەتاوی.

ئەحمەد عەزیز: ووتار, کوردستانیەتی کەرکوك لەئینسکلۆپێدیای وڵاتانی ئەوروپاو ئەمەریکادا, سێپتێمبەری 2002.

عوني الداوودي: ر وك رحلة ف زا رة التاريخ, ئوب الا 2002, م بعة نينا.

د. جبار قادر, ﻛﺮ وك: قرن و ذ من التتريك و تعري , www.kirkuk.dk

هاوڵاتی, ژمارە 57 ڕۆژی 2002/1/21: جوتیارانی دەشتی شەمامك هێزی تەعریب لەناوچەکانیان دەردەپەڕێنن.

کوردستانی نوێ, ژمارە .. ڕۆژی 2001/3/24: ڕژێمی عێراق کورد لەتازەخورماتوو دەردەکات.

د. مەحمود عوسمان, د. نوری تاڵەبانی: چاوپێکەوتنی تەلەڤیزیۆنی MedyaTV 2000: پاکتاوی رەگەزی لەناوچە کوردستانیەکانی ژێردەستی رژێمی عێراق.

لێکۆڵینەوە لەناو پەنابەرانی کورد لەکەمپی بەردەقارەمان, سەرەتای 2002.

## سایتەکانی ئەنتەرنێت:

http://www.encyclopedia.com/html/k/kirkuk.asp
http://www.britannica.com/eb/article?eu=46695
Www.kurdistanobserver.com:
Www.Kurdmedia.com
www.kirkuk.dk
www.hawlati.com
www.eb.uk/kurdistan